# ڕۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.585 Tue 8/ 6/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 585 سێشەممە 8/ 6/ 2010




## لە چلەی سەردەشت-دا داوای ئاشکراکردنی بکوژەکان دەکرێت



## پاسەوانی سنوور، لەبناری قەندیل کشایەوە

بۆل١٠

# لەتاڵەبانی و بارزانییەوە: ئاماژەیەکی خەتەرناک



ڕۆژنامە

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بارزانیو تاڵەبانی لە زۆربەی بۆنەکاندا هێرشیانکردە سەر میدیای ئازادو لایەنە نەیارەکانیان، بەلای چاودێرانیشەوە گوتاری ئەو دوو سەرکردەیە ئاماژەیەکی مەترسیدارە لەسەر کەمکردنەوەی پانتایی ئازادیی سیاسییو ڕۆژنامەوانی.

بارزانی سەرۆکی هەرێم لە وتارەکەیدا لەپەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی هەرێم وتی: «ئەمە ئازادیی نییە، ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کوردستان بە تێکۆشانی هەموولایەک هاتووەتە ئاراوە، نابێت چیتر ئەمە قبوول بکرێت»، پاش وتارەکەی بارزانی، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پشتیوانیی خۆی بۆ ئەو وتانەی بارزانی ڕاگەیاند، بە «ڕێڕەوی سیاسەتێکی حەکیمانە»ی وەسفدەکاتو نیگەرانیی خۆشی دەربڕیوە بەرامبەر ئەو بارە ناجۆرانەی کە هەوڵدەدەن ئازادییو دیموکراسی کوردستان بشێوێنن.

لەلایەکی دیکەوە تاڵەبانی لە سێیەم کۆنگرەی حیزبەکەیدا هێرشی توندی کردووەتە سەر بزووتنەوەی گۆڕانو بە هێزێکی «گێرەشێوێن»ی لەقەڵەمداوە، لەکاتێکدا چەند ڕۆژێکە حکومەت وەک لایەنێکی قانوونی مۆڵەتی بە بزووتنەوەی گۆڕان داوە.

چاودێران پێیانوایە، ئەم وتانەی بارزانیو تاڵەبانی پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەتو فرەیی سیاسییە.

د. کامەران مەنتک، چاودێری سیاسیی، وتی: «تائێستا لە کوردستاندا شتێک نییە کە پێی بوترێت ژیانی سیاسییو دیموکراسیو حیزبەکانی دەسەڵاتیش باوەڕیان پێی نییە، چونکە دوای تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)، میدیای ئەهلییو ئازاد لە کوردستان توانی شەقامی کوردی بورووژێنێت، بەڵام دەسەڵات ئەوە بە مەترسی دەزانێتو دەترسێت لەوەی کە کاریگەریی ئەو میدیایانە ببنە کرۆکێک بۆ دروستبوونی هێزی نوێو ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەسەڵات».

بۆ ل٥

# سێیەکی ئەو پەرلەمانتارانەی بڕوانامەکانیان تەزویرە، لە لیستی هاوپەیمانین

ڕۆژنامە

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، چەند پەرلەمانتارێکی لیستی هاوپەیمانیی گومان لە بڕوانامەکانیان هەیەو چەندین فەرمانبەریش، کە لەلایەن هەمان لیستەوە لە فەرمانگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دامەزرێندراون بەڵگەنامەی ساختەیان پێشکەشکردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد: کە زیاد لە (١٥) ئەندامی خولی ماوەبەسەرچووی پەرلەمانی عێراق، بڕوانامەی ساختەیان پێشکەشکردووەو لەناویشیاندا پێنجیان کوردنو ئەندامی لیستی هاوپەیمانین.

هەروەها بەپێی ئەو سکاڵایەی لە ماڵپەڕی دەستەی نەزاهەی عێراق بڵاوبووەتەوەو پاشان بەدواداچوونی بۆکراوە، یەکێک لەو ئەندام پەرلەمانە کوردانە بڕوانامەکەیان بەنهێنی ناردووە بۆ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیو داوای (صحە صدور)یان کردووەو وەڵامی پەروەردەی سلێمانیش بۆ دەستەی نەزاهەی عێراق (نەگەتیڤ) بووە. لەلایەکی دیکەوە بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوەیەی ڕۆژنامە، بەشێکی دیاری ئەو فەرمانبەرانەی، کە لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە بەپێی سیستمی (محاصەصە) لە فەرمانگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دامەزراون، بەڵگەنامەی ساختەیان پێشکەشکردووەو هەندێکی دیکەشیان دامەزراندنیان پێچەوانەی یاساو ڕێساکانە، بۆ نموونە کەسێک کە بڕوانامەی دبلۆمی هەیە، کە پێویستە بەپلەی هەشت دابمەزرێت، ئەوان بەپلەی یەک دایانمەزراندووە، لەکاتێکدا ئەو پلەیە فەرمانبەری دیکە بە (٣٠) ساڵ خزمەت پێی ناگاتو ئەم کارەش لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە بەپێچەوانەی یاساوە ئەنجامدراوە... ل٢

# ١١٠ هەزار لایەنگری یەکێتی حکومەت مووچەیان دەداتێ

ڕۆژنامە

لە کوردستان، مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی، مووچەی خانەنشینییان بۆ (١١٠)هەزار لایەنگری خۆیان بڕیوەتەوەو پارەکەش لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت.

بەپێی ستانداردی جیهانییو یاسای خانەشینیی مەدەنییو سەربازیی عێراق، پێویستە مووچەی خانەشینی، لانیکەم ژیانی خێزانێکی سێ کەسی دابین بکاتو ئەو کەسەی کە مووچەکەی بۆ دەکرێت، دەبێت (١٥)ساڵ خزمەتی لە دەزگایەکی حکومیدا هەبووبێتو تەمەنی لە (٣٢)ساڵ کەمتر نەبێت، بەڵام لەکوردستاندا، (١١٠)هەزار کەس بە ناوی مووچەی خانەنشینییەوە، مانگانە هەرکەسەو بڕی (٣٧)هەزارو (٥٠٠)دیناریان پێدەدرێت کە لەلایەن مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتییەوە بۆیان کراوەو بودجەکەشی حکومەت دابینی دەکات.

جەمیل هەورامی سەرۆکی دەزگای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوەکردەوە، کە «سەرچاوەی ئەو بودجەیە وەزارەتی داراییە».

سەرچاوەی بودجەی ئەو (١١٠)هەزار کەسە کە ساڵانە (٥٠)ملیار دینارە، بودجەی حکومەتەو لە بەڕێوەبەرێتیی خانەشینیی پێشمەرگەی سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی خەرجدەکرێتو چەند بەڕێوەبەرێتییەکو چەند بنکەیەکی دابەشکردنی مووچە خراوەتە خزمەتی ئەم پرۆسە حیزبییەوە».

بۆ ل١٨

# (٨) پەرلەمانتار، بۆ دووەمجار پارەی ئۆتۆمبێلیان دەدرێتێ

ڕۆژنامە

هەشت ئەندام پەرلەمان لە لیستی کوردستانیی، کە لە خولی ڕابردووشدا پەرلەمانتار بوون، ئەمجارەش چوار دەفتەر دۆلاریان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ خەرجدەکرێتەوە.

دابینکردنی ئەو پارە زۆرە، لەکاتێکدایە، کە زۆربەی پەرلەمانتاران خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆیانن‌و (٨) ئەندامیشیان لە خولی ڕابردوودا ئەندامی پەرلەمان بوونو ئەو کاتەیش زیاتر لە (٣٠) هەزار دۆلاریان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل وەرگرتووە، کە ئەوانیش هەریەک لە (سۆزان خاڵە شەهاب، عەونی بەزاز، عومەر عەبدولڕەحمان، ئیسماعیل مەحمود لە پەرلەمانتارانی یەکێتیو د.کەمال کەرکوکی، فرسەت ئەحمەد، د.ڕۆژان عەبدولقادرو شێروان حەیدەری لەپەرلەمانتارانی پارتی، کە ئێستا پەرلەمانتارن لەسەر لیستی کوردستانیی).

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری گۆڕان وتی: سەرفکردنی پارەکە بەهەدەردانی سامانی گشتییە، دووبارە خەرجکردنەوەی بۆ ئەندامانی خولی پێشووش، کەموکورتیو هەڵەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە.

بۆ ل٥

## ئایا ئەوەی بڵاوکرایەوە، ڕێکەوتننامە ستراتیژییەکە بوو؟

بۆل٦

## لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار نەوجەوانان دەکاتە سەرباز

بۆل٣


ریکلام

## مژدە.....مژدە....مژدە لە کۆمەڵگەی های ستی یەوە

هاوڵاتیانی خۆشەویست کۆمەڵگەی (های ستی) هەڵدەستێت بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی نموونەیی لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تاکو نۆیەمی بنەڕەتی لەسەر سیستەمی نوێی پەروەردەیی و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە. وە ئەم خزمەتانەی خوارەوە پێشکەش بە قوتابیانی خۆشەویست دەکات.

١- بایەخدانی زۆر بە (زمانی ئینگلیزی_کۆمپیوتەر_کاری هونەری_چالاکی وەرزشی).
٢- کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە زمانی عەرەبی بۆ ئەو قوتابیانەی ئارەزووی خوێندنی عەرەبیان هەیە.
٣- نانخواردنی قوتابیان بەگوێرەی ڕێنماییە کانی تەندروستی.
٤- گەرم و ساردییەکی تەواو لەناو پۆلەکان.
٥- گەشتی (زانستی) بەردەوام بۆ قوتابیان بە مامۆستای پسپۆڕ.
٦- ڕێکخستنی هاتوچۆی قوتابیان بە ڕێکو پێکی.
٧- ئەو مامۆستایانەی کە کاردەکەن لەکۆمەڵگاکەمان هیچیان لەبڕوانامەی (بەکالۆریۆس) نزمتریان نییە.
٨- چاودێری کردنی قوتابی لە قوتابخانەو لە ماڵەوە لە ژێر چاودێری (ڕابەری پەروەردەیی)دەبێت.

وەهەرکەسێک ئارەزووی هەیە با پەیوەندیمان پێوە بکات.

(٠٧٥٠٤٤٥٣٥٣٣) (٠٧٥٠٤٧٥٥٣٥٣) (٠٧٥٠٤٧٢٣٥٣٣)
(٠٧٥٠٤٦٥٩٦٩٤) (٠٦٦٢٥٥٥٣٥٣) (٠٧٧٠٤٥٦٥١٦١)

تیبینی: ناونوسین لە ٢٠١٠/٥/١٥ دەست پێ دەکات.

بۆ سەرجەم قوتابیان کە لە کۆمەڵگاکەمان دەخوێنن بۆ ساڵی خوێندن (٢٠١٠-٢٠١١) خوێندن بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١- هەموو قوتابیەکان لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی تاکو نۆیەمی بنەڕەتی تاقیکردنەوەیان هەیە لەسەر زانیاری گشتی کە لە ڕۆژی یەکشەممە بەرواری ٢٠١٠/٨/١ ئەنجام دەدرێت.
٢- هەموو قوتابیەک هەڵسەنگاندنی مانگانەی هەیە لەقوتابخانەو فۆرمی تایبەتی هەیە لەماڵەوە بۆ چاودێری کردنی قوتابی وەدەبێ پابەند بێ بەو ڕێنمایانە کە لە فۆرمەکەدا هەیە.
٣-بایەخێکی زۆر بە ئایینی ئیسلامی پیرۆزو بەئایەتەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەدرێت.
٤- هەموو قوتابیەک فێری زمانی ئینگلیزیو کۆمپیوتەر دەبێت بەپێی ئەو قۆناغەی لێی دەخوێنێ.
٥- هەر بابەتێک قوتابی تیایدا خراپ بێت لە پشووی هاویندا خولی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە.

تێبینی:

١- هەر قوتابیەک لە قوتابخانەکەمان دەربچێت بە دڵنیاییەوە فێری قسەکردن دەبێت بە زمانەکانی ئینگلیزیو عەرەبیو دەتوانێ کۆمپیوتەر بەکاربهێنێ بە هەموو جۆرێک.
٢- لە هۆڵی های ستی بۆ ئاهەنگی بوکو زاوا بە بڕی پێنج سەد دۆلارە.

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای (های ستی)
سید عبدالقادر بەرزنجی

# هەفتەی «بێدەنگ نابین» دەستپێدەکاتەوە

ئاوارە حەمید، چاوان عەلی



دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٤٠) ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)، لیژنەی لێکۆڵینەوە هیچ ئەنجامێکیان ڕانەگەیاندووە، لە چلەی ئەو ڕۆژنامەنووسەشدا فشار دەخرێتە سەر دەسەڵات بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت.

کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی‌و ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردنی کەمپەینی «هەفتەی بێدەنگ نابین» جەختی لەوە کردەوە: کە تائێستا لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی سەردەشت، هیچ ئەنجامێکی نەبووە، وتیشی: «بۆ چلەی شەهید سەردەشت جارێکی دیکە هەفتەی بێدەنگ نابین لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات دەستپێدەکاتەوە، وەک گوشارێک بۆسەر دەسەڵات‌و حکومەت، تا ئەنجامدەرانی شەهیدکردنی سەردەشت ئاشکرابکەن».

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر داوا لە ڕای گشتی‌و پەرلەمان‌و حکومەت‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە فشار بخەنە سەر وەزارەتی ناوخۆو دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم بۆ ئەوەی لە چلەی سەردەشتدا ئەنجامی لێکۆلینەوەکان ئاشکرابکرێت‌و نەکرێتە کارتێکی سیاسی‌و تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان نەکرێت.

لەبەیاننامەیەکدا ڕۆژنامەنووسانی هەولێر، ئاماژە بەوەدەکەن، خەمساردیی لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەهەر مەرامێک بێت، سەروەری یاسا لە کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو گومانەکانیش زیادەکات، ڕاشیدەگەیەنن: «بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لێکۆلینەوەکان لە هەڵوێستە مەدەنییەکان بەردەوام دەبن».

بیلال سەعید، ئەندامی کەمپەینی ڕۆژنامەنووسانی هەولێر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای چل ڕۆژ لە تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە تائێستا هیچ سەرەداوێک ئاشکرانەکراوەو نیگەرانیی لای ڕۆژنامەنووسان دروستکردووە».

پەرلەمانی کوردستانیش، کە چەندجارێک بە نووسراو داوای ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆو بەرپرسانی ئەمنییان کردبوو، تائێستا دانیشتنێکیان بۆئەو مەبەستە سازنەکردووە.

کاروان سالح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو: کە وەک لیژنەی ناوخۆ بە نووسراو داوای ئامادەبوونی (وەزیری ناوخۆو بەرپرسی ئاسایشی هەولێرو فەرماندەی زێرەڤانی‌و بەرپرسی بازگەکان)یان کردووە، بۆ بەردەم پەرلەمان، بەڵام تائێستا بەدەم داواکەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نەهاتوون.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە، هۆکاری ئامادەنەبوونی ئەو بەرپرسە ئەمنییانە بەمەبەستە، چونکە هیچ وەڵامێکیان پێ نییەو چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانن، کە تائێستا ئەوانیش ئەنجامیان نەبووە.

ئەمە لەکاتێکدایە، کە بەپێی ڕاپرسییەکی ماڵپەڕی هاوڵاتی (٨٦٪)ی بەشداربووان، دەسەڵات بە بەرپرس دەزانن لە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان.

ڕاپرسییەکە ئەوە دەردەخات، کە تا کاتژمێر (٤)ی دوێنێ ئێوارە (١٤٦٨٤) کەس دەنگیانداوەو لەناویشیدا (٨٦٪) یان دەسەڵات بە بەرسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، دەزانن‌و (١٢٪)شیان دەسەڵات بە بەرپرس نازانن‌و (١) کەسیش بە نەخێر وەڵامیداوەتەوە.

لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، کە پەیوەندیدارە بە پرسێکی وەک تیرۆرکردنی خوێندکارێک لەبەردەم حەرەمی زانکۆدا، بێهەڵوێست ماوەتەوەو وەک پەیمان عیزەدین، ئەندامی لیژنەکە وتی: «لیژنەی مافی مرۆڤ بێدەنگەو تەنانەت تائێستا کۆبوونەوەیەکیشی بۆ ئەو مەبەستە نەکردووە».

بێدەنگبوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، هاوکاتە لەگەڵ بێدەنگبوونی گشت ڕاگەیاندنەکانیش دەربارەی تیرۆرکردنەکەی سەردەشت‌و داواکارییەکانی دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت.

# ئیئتیلافەکە داوای چارەسەری بەپەلەی نانبڕاوەکانی کرد

# (١٥) کەس بە نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا دانوستان دەکەن

دلێر عەبدولخالق



شەممەی داهاتوو، شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە ئامانجی دانوستان لەگەڵ لیستە براوەکانی عێراق بەرەو بەغدا بەڕێدەکەوێت، بەر لەچوونی وەفدەکەش لایەنەکانی ناو ئیئتیلافەکە داوا لە سەرۆکی هەرێم‌و حکومەت دەکەن کێشەی نانبڕاوەکان چارەسەر بکرێت.

ڕۆژی (٢٠١٠/٦/٦) دوایین دانیشتنی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بێ ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سازکرا، جگە لە بڕیاردانی کاتی چوونی شاندەکە بۆ بەغدا، بە نووسراوێک سەرۆکایەتی هەرێم‌و حکومەت لە جێبەجێکردنی بڕیاری گەڕانەوەی نانبڕاوەکان ئاگادار کراونەتەوە.

سەردار عەبدوڵڵا، ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلیستی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕۆژی شەممە هەر (١٥) ئەندامی شاندەکە بەرەو بەغدا بەڕێدەکەون، دوایئەوەی کۆبوونەوەی یەکەمی خۆیان بۆ شرۆڤەکردنی ئەجێندای کار ئەنجامدەدەن، دواتر ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراق دەستپێدەکەن».

لەبارەی ناوەڕۆکی کارنامەی شاندەکە سەردار عەبدوڵڵا، کە ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە، وتی: «کارنامەکە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم، پەیوەندیی بە مافە نەتەوەییەکانەوە هەیەو بەشەکەی تریش، چۆنێتی بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتوو و وەرگرتنی پۆستەکانە، بۆ بەشداریی لە حکومەتیش هەموومان بڕوامان بە شەراکەتی ڕاستەقینە هەیە، نەک بەشدارییپێکردن».

شاندی دانوستکاری کورد لە سێ نوێنەری هەریەک لە پارتی دیموکرات، یەکێتیی نیشتمانیی، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی پێکدێن‌و شوێنی ئیدارەکردنی دانوستانیش نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە ناوچەی سەوز لە بەغدا.

ئەندامەکەی گۆڕان لە شاندی دانوستکاری ئیئتیلافە کوردستانییەکان لەبارەی کێشەی نانبڕاوەکانەوە بە ڕۆژنامەی وت: «لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو باسەمان کردەوەو ڕامانگەیاند: پێویستە بەرلەوەی بچینە بەغدا ئەو مەسەلەیە یەکلایی ببێتەوەو چیتر قبووڵناکەین ئەو پرسە دوابخرێت، هەروەک داوای دیاریکردنی کاتێکمان کرد بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوان، دواتر بڕیاردرا بەناوی لایەنەکانی ئیئتیلافەکەوە نامەیەک ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم‌و حکومەت بکرێت بۆ چارەسەری بەپەلەی ئەو کێشەیە».




# لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار، نەوجەوانان دەکاتە سەرباز

ئەلەند مەحوی

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ ئاشکرای دەکات، کە لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار نەوجەوانێکی بەناوی (ا،و،س) وەک سەرباز وەرگرتووە، ئەمەش بەپێچەوانەی یاسا ناودەبات.

لە ڕاپۆرتێکیدا لەسەر ڕەوشی دادگاکانی هەرێمی کوردستان، کە مانگی ڕابردوو بڵاویکردووەتەوە، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ (DHRD) ئاماژە بەوە دەکات: دادگای لێکۆڵینەوەی نەوجەوانانی سلێمانی لە ٢٠٠٩/٦/٢٤دا بڕیاریداوە بە هەواڵەکردنی دۆسیەی تۆمەتباری نەوجەوان (ا،و،س) لە دۆسیەی ژمارە (٢٠٠٩/٤٠)دا بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە دیوانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە تیایدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تۆمەتباری ناوبراو (ج/گ) لە فەوجی پیادەی سێی سەر بە لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمارە، بەپێی نووسراوی لیوای ناوبراو کە لە دۆسیەکەیدا پارێزراوە.

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەو بڕیارەی دادگای لێکۆڵینەوەی نەوجەوانانی سلێمانی



بە «پێشێلکارییەکی ترسناک» ناودەبات بۆ سەر «یاسای (قانون رعاية الأحداث)و ڕێکەوتننامەی جیهانیی تایبەت بە مافەکانی منداڵان‌و نەوجەوانان».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، ئەو نەوجەوانە تەمەنی (١٧) ساڵ بووەو ڕاپۆرتەکەی (DHRD)یش، کە ڕاپۆرتی سێیەمیەتی لە پرۆژەی پاڵپشتیی دادگایە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەم کەیسەدا لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار، فەوجی پیادەی سێ پێشێلکاریی ئەنجامداوە، ئەویش بە وەرگرتنی نەوجەوانێک‌و قبووڵکردنی وەک یەکێک لە ئەندامانی بە (ج/گ) لە ڕیزەکانیدا.

مەحمود سەنگاوی، جێگری فەرماندەی گشتیی (هـ‌پ.ک- یەکێتی)، لە بارەی بەکارهێنانی منداڵ‌و نەوجەوانەوە لە لیوای سەرۆکایەتی کۆمار ڕەتی نەکردەوە کە حاڵەتی لەو جۆرە هەبێت‌و وتی: پێدەچێت کەسانێک هەبن تەمەنی خۆیان گەورەکردبێت یان نەوجەوان هەبێت لای باوکی دامەزرابێت.

سەنگاوی بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار هەوڵدەدات خەڵک بۆ سەربازیی وەربگرێت، چونکە مووچەکەی باشەو خەڵک سوودمەند دەبێت لێی، بەڵام نەوجەوان‌و منداڵ وەرناگرێت‌و بەپێی یاساش ئەوە ڕێگەپێنەدراوە».

ئەگەرچی ڕێکخراوی (DHRD) ناوی ئەو نەوجەوانەی لەلایە کە لە لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار وەرگیراوە، بەڵام مەحمود سەنگاوی دەڵێت: مام جەلال خۆی محامیەو ئەگەر کارێکی لەو جۆرە ڕوویدات خۆی دێتە سەر خەت.

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هیچ یاسایەکی سەربازیی‌و ڕێکەوتننامەی جیهانیی تایبەت بە نەوجەوانان ڕێگا بەم کارەی لیوای دووی سەرۆکایەتی کۆمار نادات.

# دادگایەک، داوای عارف تەیفور دەکات


عارف تەیفور

رۆژنامە

دادگایەکی بەغدا، داوای عارف تەیفوری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی پێشووی عێراق دەکات بۆ شایەتیدان لەسەر کەیسی دەرکردنی راوێژکارێکی پێشووی پەرلەمان، بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانیش دەڵێت: «بڕیاری دەرکردنی ئەو راوێژکارە، بە رەزامەندیی سەرۆکی پەرلەمانو دوو جێگرەکەشی بووە».

ئەلێکس وارکیس، راوێژکاری لەکاردەرکراوی ئەنجومەنی پێشووی نوێنەرانی عێراق بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانیی لە دادگای کەرخی بەغدا، داوای یاسایی لە دژی ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئەنجومەنی پێشووی نوێنەرانی عێراق تۆمارکرد، بە تۆمەتی ئەوەی کە لە دواساتەکانی تەمەنی پەرلەماندا بە «بێ هۆ» لە پۆستەکەی دەریکردووەو ئەو دەرکردنەشی بەستووەتەوە بە هۆکاری مەزهەبییەوە، بەو پێیەی کە راوێژکاری دەرکراو مەسیحییە.

لەو چوارچێوەیەشدا دادگای کەرخ، داوای لە هەریەک لە مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانو خالید عەتیەو عارف تەیفور، جێگرانی سەرۆکی پەرلەمانو خەلەف عەلەیانی کردووە تا وەک شایەتێک لەو دۆسیەیەدا لێدوانیان لێوەربگیرێت.

عومەر مەشهەدانی، بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیاری دەرکردنی ئەو راوێژکارە، بە رەزامەندیی عارف تەیفورو خالید عەتیەش بووەو ئەگەر ئەوان رازی نەبوونایە، دەرنەدەکرا».

مەشهەدانی، ئاماژەی بەوەشدا: ئەلێکس، کەسێکی بێتوانا بووە، بۆیە دەرکراوەو ئەو تۆمەتانەش کە داونیەتە پاڵ ئەیاد سامەڕایی کە لەسەر بنەمای مەسیحیبوونی دەرکراوە، راست نین‌و تا ئێستاش چەندین کارمەند لە نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان لە نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو و دوو جێگرەکەیدا کاردەکەن.

# کۆمسیۆن بەشی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بودجەی بۆ هەرێم گەڕاندەوە

رۆژنامە

کۆمسیۆنی باڵا لە بودجەی تەرخانکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیکەی (٢٠) ملیۆن دۆلار بۆ خەزێنەی هەرێم دەگەڕێنێتەوە، کە بەو بودجەیە دەتوانرێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەڕێوەببرێت.

ماڵپەڕی رەسمیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، لەسەر زاری حەمدیە حسەینی، سەرۆکی بازنەی هەڵبژاردنەکانەوە رایگەیاند: لەو بودجەیەی بۆ هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێم تەرخانکرابوو، کە بڕەکەی (٤٤٢٠٨٧٠٠٠٠٠) چلو چوار ملیارو دووسەدو هەشت ملیۆنو حەوت سەد هەزار دیناربووە، تەنیا (٤٧٪)ی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە خەرجکراوەو (٥٣٪)ی گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی هەرێمی کوردستان، کە دەکاتە (٢٣١١٥٧٠٠٠٠٠)، بیستو سێ ملیارو سەدو پانزە ملیۆنو حەوت سەد هەزار دینار.

حەمدیە حسەینی، ئەوەشی ئاشکراکردووە: جگە لەو بودجەیە، (٤٦١٤١٠١١٨) چوارسەدو شەستو یەک ملیۆنو چوار سەدو دە هەزارو سەدو هەژدە دیناری بەهۆی دەستبەسەرداگرتنو سزادانو فرۆشتن بەشێوەی داشکاندن گەڕاندووەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

کۆی ئەو پارە گەڕاوانەش بۆ خەزێنەی هەرێم، نزیکەی (٢٠) ملیۆن دۆلارە، کە دەتوانرێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی پێ بەڕێوەببرێت، کە بڕیارە پێش کۆتایی ئەمساڵ ئەنجامبدرێت.

سەرچاوەیەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد: بەپێی ئەو خەمڵاندنە سەرەتاییەی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم کراوە، کۆمسیۆن پێویستی بە (٢٠) ملیۆن دۆلارە، ئەو پارەیەش لە خەزێنەی هەرێمو رێژەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم دەدرێت، نەک بودجەی گشتیی عێراق.

رۆژنامە چەند جارێکو لەچەند رێگەیەکەوە هەوڵیدا لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی دارایی هەرێم وەربگرێت، سەبارەت بەوەی کە ئەو بودجەیەی کۆمسیۆن گەڕاندوویەتییەوە بۆ خەزێنەی هەرێم بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارێزگاکان تەرخاندەکرێت، یان لە پرۆژەو کاری دیکەدا خەرجدەکرێت، بەڵام هەوڵەکان بێئاکام بوونو هیچ زانیارییەک دەست رۆژنامە نەکەوت.



# داوادەکرێت (UN) و هێزەکانی فرەڕەگەز، سنووری هەرێم بپارێزن

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

ئەو وڵاتەی ساڵانێک ئامێزی بۆ ئاوارە کوردەکان دەکردەوە، ئێستا تۆپبارانیان دەکاتو سەدان خێزانی کورد ئاوارە دەکات.

سەرباری ئەوەی هێزە سەربازییەکانی ئێران (٢)کم خاکی کوردستانی عیراقیان بەزاندووە، زیاتر لە (٢٠) رۆژە تۆپخانەکانیان گوندو ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن، کە جگەلە قوربانییەکی کچی گوندنشین، زیانی بە کێڵگەو مەڕوماڵاتەکان گەیاندووەو سەدان خێزانیش لە ترسی گیانیان ناوچەکانیان جێهێشتووەو ئاوارەبوون، بەیاننامەو نارەزایەتییەکانی حکومەتو رێکخراوەکانی کوردستانیش نەیانتوانیوە بەر بەو تۆپبارانە بگرن.

## رێگە بە کۆبوونەوەی جەماوەری نادرێت

ئەوەی جەماوەری کوردستانی نیگەرانکردووە، ئاوارەبوونەوەی هاونیشتمانەکانیانە، لەکاتێکدا سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەرهەمی ساڵێکی کشتوکاڵین، لە بەرامبەریشدا پارێزگای سلێمانی رێگریی لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی دەگرێت بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکانو لە چەند ناوچەیەکیش هاوڵاتییان دژی ئەو تۆپبارانە هاتوونەتە سەرشەقامەکانو داوای راگرتنی دەکەن.

محەمەد پشدەری، لە ناوەندی قەڵادزێ (ناوەندێکە بۆ داکۆکیی لە زیانلێکەوتووانی دەڤەری پشدەر)، بۆ رۆژنامە وتی: «بە فەرمیی‌و بە شێوەیەکی یاسایی داوامان لە پارێزگای سلێمانی کرد بۆ رێپێدانمان بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بە مەبەستی راگرتنی ئەو هێرشانەو ئیدانەکردنی، بەڵام بەداخەوە رێگەیان پێنەداین بێ ئەوەی وەڵامو هۆکاری رێگەپێنەدانمان پێبڵێن! ئاسایشیش دەڵێت: ئەوە پەیوەندیی بە پارێزگای سلێمانییەوە هەیە».

ئەو رەخنەی لە حکومەتو ئەو لایەنانە گرتو «دەبوایە ئەوان خۆیان ئەو کارەیان بکردایە، بەڵام ئێستا رێ بە ئێمە نادەن، بۆیە ئێمە کۆڵنادەین‌و هیچ نەبێت قسە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دەکەین، کە رێمان پێنادرێت، چونکە نازانین ئەوان ئێمەیان پێ پیرۆزترە یان رەزامەندیی دەوڵەتی تورکیاو ئێران؟». ئێوارەی دوێنێش بە بەشداری سەدان رۆشنبیرو هاوڵاتیی کۆبوونەوەکە کراو ناوەندی قەڵادزێ یاداشتەکەی ئاراستەی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم کرد.


ئاوارەکانی بناری قەندیل
فۆتۆ: عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

## یاداشتەکان بۆ پەرلەمان

هاوکات فراکسیۆنی گۆڕان دووجار داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە دانیشتنی نائاسایی بۆ تاووتوێکردنی دۆخەکە سازبکات، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجامبدات سەبارەت بە بەردەوامیی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێم لەلایەن تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە کۆبوونەوەیەکیاندا، کە دوێنێ ئەنجامیاندا، یاداشتێکی (٥) خاڵیی لەوبارەیەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن‌و ناوەندی قەڵادزێش یاداشتێک دەداتە پەرلەمان.

پشدەری، باسی لەوەکرد: داوادەکەن پەرلەمان راشکاوانە هەڵوێستی خۆی بە خەڵکی پشدەرو کوردستان رابگەیەنێت‌و «ببێتە کارتێکی فشار بۆ سەر حکومەتی هەرێم‌و ئەویش ببێتە کارتێک لەسەر حکومەتی ناوەندو ئەمریکا، بۆئەوەی سنوورەکانی کوردستان بپارێزرێت‌و تۆپبارانەکان رابوەستێت‌و هێزەکانی ئێران بکشێنەوە».

نەریمان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری گۆڕان لە لیژنەی ناوخۆو ئاسایش، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو: لەیاداشتەکەدا کە دەیانەوێت لەڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەت بکرێت، داوادەکەن: «دەبێت کونسوڵی ئێران بانگبکرێتە ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت رۆڵی هەبێت لە وەستاندنی هێرشەکەو هاوکاریکردنی خەڵکی زیانلێکەوتووی سنوورەکە، هێزی فرەڕەگەزو هاوپەیمانان رۆڵی خۆیان بگێڕن لە پاراستنی ئەمنیەت‌و سنووری عێراق، بەوپێیەی عێراق لە بەندی (٧)ی معاهەدەی نێودەوڵەتیدایەو داواشمان کردووە حکومەت‌و پەرلەمان تواناکانیان بەکاربهێنن بۆ وەستاندنی ئەو تۆپبارانانە، کە سەروەریی هەرێمی کوردستان‌و عێراق پێشێلدەکات».

هەروەها رەخنەی لە حکومەتی هەرێم گرت‌و وتی: «دەبوو ئەوەی لەسەری پوو بیکردایە، کە کەمکردنەوەی ئازاری خەڵکی خۆی بوو لە سنوورەکەو بەدەمیانەوە بچووایە، بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمبووە، بەڵام لەڕووی دەرکردنی ناڕەزایی‌و ئیدانەکردنییەوە رۆڵی خۆی گێڕاوە، بەداخەوە حکومەتی عێراقیش کەمتەرخەمیی کردووەو ئێمەش داوامان کردووە حکومەتی عێراقی رۆڵی پێویستی خۆی بگێڕێت».

## دەکشێتەوە؟

دوای ئەو فشارانەی بەهۆی تۆپباران‌و بەزاندنی سنوورەوە کرا، لەبید عەلاوی، بریکاری وەزارەتی دەرەوەی عێراق دوێنێ ئێوارە رایگەیاند: «ئەو هێزەی سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە بە قووڵایی (٢) کم هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، لەماوەی (٣) رۆژدا پاشەکشە دەکەن‌و خاکی کوردستان جێدەهێڵن»، ئەوەش دوای ئەوەی باڵیۆزی ئێرانیان لە بەغدا بانگکردووەو ئەویش ئەو بەڵێنەی پێداون.

## پاشماوەی... سێیەکی ئەو پەرلەمانتارانەی ...

هەر بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە دیوانی چاودێری دارایی عێراق ئاماژەی بەم کارە نایاساییانە کردووەو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لێ ئاگادارکردووەتەوە، چونکە ئەو سەرپێچیانە لە باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان ئەنجامدراون‌و بەپێی یەکێک لەو بەڵگانەی کە لەبەردەستی رۆژنامەدایەو ناوی (١٣) فەرمانبەری تێدایە، کە (٧) کەس لەو فەرمانبەرانە کوردن‌و چەند کەسێکیشیان لە مەکتەبی عارف تەیفوری جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کاردەکەن‌و واچاوەڕواندەکرێت، کە چەندین لیستی دیکەش لەو سەرپێچیانە ئاشکرابکرێن‌و خاوەنەکانیان رووبەڕووی سزای یاسایی ببنەوە.

# بارزانیو تاڵه‌بانی، هه‌ڕه‌شه له‌ نه‌یاره‌كانیان ده‌كه‌ن

**راپۆرتی: به‌رهه‌م خالید**

بارزانیو تاڵه‌بانی، زمانی هه‌ڕه‌شه‌یان بۆ سه‌ر هێزه‌ نه‌یاره‌كانیان «ئۆپۆزسیۆن»و میدیای ئـازاد توندتر ده‌بێتو گوتاری ئـه‌و دوو سـه‌ركرده‌یـه‌ش به‌ ئاماژه‌و سه‌ره‌تایه‌كی مه‌ترسیدار لێكده‌درێته‌وه‌.

له‌ دوایین دوو په‌یامیاندا، هه‌ریه‌كه‌ له‌ جـه‌لال تاڵه‌بانیو مه‌سعود بارزانی به‌ زمانێكی توند هێرش ده‌كه‌نه‌ سه‌ر ئـۆپـۆزسـیـۆنو مـیـدیـای ئـــازادو به‌ گێره‌شێوێنو پێشێلی مافی هاوڵاتییان وه‌سفده‌كه‌ن.

له‌ وتارێكیدا كه‌ بۆ «روونكردنه‌وه‌ی مه‌به‌ستی سه‌ردانه‌كه‌ی بۆ توركیا» له‌ هۆلی په‌رله‌مانی كوردستان پێشكه‌شی كرد، مه‌سعود بارزانی، سه‌رۆكی هه‌رێم رۆژی (٢٩)ی مانگی رابـردوو، سه‌باره‌ت به‌و كه‌شه‌ ئازادیو دیموكراسییه‌ رێژه‌ییه‌ی له‌هه‌رێمدا هه‌یه‌، رایگه‌یاند: «ئه‌مه‌ ئازادیی نییه‌، ئه‌مه‌ خراپ به‌كارهێنانی ئه‌و كه‌شه‌ ئازاده‌یه‌ كه‌ له‌ كوردستان به‌ تێكۆشانی هه‌موولایه‌ك هاتووه‌ته‌ ئاراوه‌، نابێت چیتر ئه‌مه‌ قووڵ بكرێت، نابێت چیتر ئازادیی هاوڵاتییانو مافیان به‌ ناوی ئازادییه‌وه‌ پێشێل بكرێت».

ئه‌حمه‌د میره‌، سه‌رنووسه‌ری گۆڤاری لڤین، ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ده‌كـات: سه‌رۆكی هه‌رێم له‌ هه‌ر بۆنه‌یه‌كدا ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی هه‌بێت قسه‌ بكات، به‌ زمانی هه‌ڕه‌شه‌ قسه‌ ده‌كات، كه‌ به‌داخه‌وه‌ ئه‌وه‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌ته‌كیه‌تی سه‌رۆكی هه‌رێمدا ناگونجێتو بۆ خودی خۆشی نه‌شیاوه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی پێویسته‌ ســه‌رۆك له‌ كاتی پێویستدا توڕه‌ ببێتو ته‌نها ئه‌و كاتانه‌ زمانی توند به‌كاربهێنێت كه‌ پێویستن، «گه‌یشتوینه‌ته‌ ئاستێك، مـرۆڤ شـه‌رم ده‌كـات كه‌ له‌ وڵاتێكدا بژین سه‌رۆكه‌كه‌ی به‌و شێوه‌یه‌ بیربكاته‌وه‌و زمـانـی قسه‌كردنه‌كه‌ی تا ئه‌و ئه‌ندازه‌یه‌ خالی بێت له‌ به‌های دیموكراسییه‌ت».

پاش وتـاره‌كـه‌ی سه‌رۆكی هه‌رێم، جه‌لال تاڵه‌بانی، سه‌رۆك كۆماری عێراق، له‌ په‌یوه‌ندییه‌كی ته‌له‌فۆنیدا پشتیوانیی خۆی بۆ ئه‌و وتانه‌ی بارزانی راگه‌یاند، هه‌روه‌ك لـه‌ ژمـــاره‌ (٣٤٨٥)ی رۆژی (٥/٣١)ی رۆژنامه‌ی خه‌باتدا بڵاوكراوه‌ته‌وه‌و تاڵه‌بانی وتاره‌كه‌ی بارزانی به‌ «رێڕه‌وی سیاسه‌تێكی حه‌كیمانه‌» وه‌سفده‌كاتو نیگه‌رانیی خۆشی ده‌ربڕیوه‌ به‌رامبه‌ر ئه‌و باره‌ ناجۆرانه‌ی كه‌ هه‌وڵده‌ده‌ن ئازادییو دیموكراسیی كوردستان بشێوێنن.

بابه‌كر دره‌یـی، چاودێری سیاسی، باس له‌وه‌ ده‌كات: ئه‌و دوو سه‌ركرده‌یه‌ سیفه‌تی حكومییان هه‌یه‌و ده‌بێت بێلایه‌ن بن، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌ركو پۆستی ئه‌وان به‌سه‌ریاندا ده‌سه‌پێنێت كه‌ له‌و كێشانه‌دا بێلایه‌ن بن، به‌وپێیه‌ی بارزانی، سه‌رۆكی هه‌رێمه‌و تاڵه‌بانیش ســه‌رۆك كۆماری عێراقه‌، «به‌ڵام به‌داخه‌وه‌، خۆیان بوونه‌ته‌ به‌شێك له‌و كێشانه‌ی كه‌ له‌ كوردستاندا دروست ده‌بن».

تاڵه‌بانی له‌ راپۆرتی سیاسیی خۆیدا كه‌ وه‌ك سكرتێری گشتیی (ی.ن.ك) پێشكه‌شی كۆنگره‌ی سێیه‌می حیزبه‌كه‌ی كرد، كه‌ سه‌ره‌تای ئه‌م مانگه‌ ده‌ستیپێكرد، بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانی به‌ كاركردن بۆ هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی یه‌كێتی تۆمه‌تباركردو هێرشی كرده‌ سه‌ری، ئه‌وه‌ش پاش ئه‌وه‌ی بزوتنه‌وه‌ی گۆڕان له‌ دوو هه‌ڵبژاردنی رابـــردوودا توانیی (٢٥)كـورسـی له‌ په‌رله‌مانی كـوردسـتـانو (٨)كـورسـی له‌ په‌رله‌مانی عێراق به‌ده‌ستبهێنێتو وه‌ك هێزێكی ئۆپۆزسیۆن كاربكات، هه‌روه‌ها له‌ (٣١)ی مانگی رابـردووش وه‌ك بزووتنه‌وه‌یه‌كی سیاسی مۆڵه‌تی كاركردنی له‌لایه‌ن حكومه‌تی هه‌رێمه‌وه‌ پێ درا.

ئه‌حمه‌د میره‌، باس له‌وه‌شده‌كات: له‌به‌رئه‌وه‌ی میدیای ئازاد سه‌ركه‌وتووبووه‌ لـه‌ به‌جێهێنانی ئـه‌ركی راسته‌قینه‌ی خـۆیو ئۆپۆزسیۆنیش به‌شداریی له‌ چالاكییه‌ مه‌ده‌نییه‌كان ده‌كات كه‌ ئه‌ركی خۆیه‌تی، ده‌سـه‌ڵات ته‌نگه‌تاو ده‌بێتو به‌ ته‌شه‌نوجه‌وه‌ وه‌ریده‌گرێت، وتیشی: «ئـه‌و دوو حیزبه‌ پێیانوایه‌، ئازادییو دیموكراسییه‌ت به‌رهه‌می ئه‌وانه‌و ئه‌وه‌ش شه‌رعییه‌تی ئه‌وه‌یان پێده‌دات كه‌ به‌ ناوی دیموكراسییه‌ته‌وه‌ هه‌ڕه‌شه‌ی كوشتنو زمانبڕینو چاوسووركردنه‌وه‌ له‌ خه‌ڵك بكه‌ن، ئه‌وه‌ش مه‌ترسیداره‌، چونكه‌ ده‌زگای هه‌واڵگریی گه‌وره‌یان هه‌یه‌و پێشتریش به‌رهه‌می ئه‌و هه‌ڕه‌شانه‌مان بینیوه‌».

هـه‌روه‌هـا د. كـامـه‌ران مه‌نتك، مـامـۆسـتـای سـیـاسـه‌ت لـه‌ زانكـۆی سه‌لاحه‌دین، ئه‌وه‌ ده‌خاته‌ڕوو، كه‌ تا ئێستا له‌ كوردستاندا شتێك نییه‌ كه‌ پێی بووترێت ژیانی سیاسیو دیموكراسیو حیزبه‌كانی ده‌سه‌ڵاتیش باوه‌ڕیان پێی نییه‌، چونكه‌ دوای تیرۆركردنی سه‌رده‌شت عوسمان، میدیای ئه‌هلیو ئـازاد له‌ كوردستان توانیی شه‌قامی كوردی بوروژێنێت، به‌ڵام ده‌سـه‌ڵات ئه‌وه‌ به‌ مه‌ترسی ده‌زانێتو ده‌ترسێت لـه‌وه‌ی كه‌ كاریگه‌ریی ئه‌و میدیایانه‌ ببنه‌ كرۆكێك بۆ دروستبوونی هێزی نوێو ئه‌لته‌رناتیڤ بۆ ده‌سه‌ڵات.

به‌ بۆچوونی به‌شێك له‌ چاودێرانی سیاسی، كلتووری دیموكراسییه‌تو خوێندنه‌وه‌ی ئه‌ویتر له‌ كورددستاندا كلتورێكی تـه‌واو نییه‌، بۆیه‌ ئه‌ركی ئۆپۆزسیۆنه‌ بـه‌ زمانێكی گونجاو موخاته‌به‌ی ده‌سه‌ڵات بكاتو خۆی له‌و جـۆره‌ رووبـه‌ڕووبـوونـه‌وه‌ لاوه‌كییانه‌ لابدات كه‌ ئه‌وان بۆی ده‌خولقێنن.

بابه‌كر دره‌یـی، هـۆكـاری توندیی په‌یامه‌كانی بارزانیو تاڵه‌بانی بۆ ئه‌وه‌ ده‌گـه‌ڕێـنـێـتـه‌وه‌، كـه‌ ئۆپۆزسیۆن له‌ كوردستاندا سه‌قامگیر بـووه‌و به‌ره‌و چه‌سپاندنی زیاتریش ده‌ڕواتو له‌ ئاستی یاساییو په‌رله‌مانیدا بوونه‌ته‌ خاوه‌نی قسه‌ی خۆیان، «له‌لایه‌ن هه‌ردوو پارتی ده‌سـه‌ڵاتـداره‌وه‌ جۆرێك له‌ یه‌كده‌نگیی هه‌یه‌ بۆ شكستپێهێنانی ئۆپۆزسیۆن، چونكه‌ له‌ كوردستاندا ئۆپۆزسیۆن هـه‌وڵـیداوه‌، قسه‌ی خه‌ڵك بگه‌یه‌نێته‌ ده‌سه‌ڵات».



تاڵه‌بانی و بارزانی

# (٨) په‌رله‌مانتار، بۆ دووه‌مجار پاره‌ی ئۆتۆمبێل وه‌رده‌گرن

**راپۆرتی: سه‌نگه‌ر جه‌مال**

هه‌شت ئه‌ندام په‌رله‌مان له‌ (لیستی كوردستانی)، كه‌ له‌ خولی رابردووشدا په‌رله‌مانتار بوون، ئه‌مجاره‌ش پاره‌ی كڕینی ئۆتۆمبێلیان بۆ خه‌رجده‌كرێته‌وه‌.

سه‌رباری ئه‌و ره‌خنه‌ زۆرانه‌ی له‌لایه‌ن هاوڵاتییانو چاودێرانو ئۆپۆزسیۆنه‌وه‌ كرایه‌ سه‌ر ئه‌و بڕیاره‌ی په‌رله‌مان، له‌ چه‌ند رۆژی رابردوودا سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مانی كوردستان بڕیاریدا بڕی (٥) ملیارو (٣٢٨) ملیۆن دینار ته‌رخان بكات بۆ په‌رله‌مانتارانی خولی سێیه‌م به‌ مه‌به‌ستی كڕینی ئۆتۆمبێل، به‌شێوه‌یه‌ك هه‌ر په‌رله‌مانتارێك (٤٨) ملیۆن دیناری بۆ دیاریكراوه‌.

دابینكردنی ئه‌و پاره‌ زۆره‌ له‌كاتێكدایه‌، كـه‌ زۆربـــه‌ی پـه‌رلـه‌مـانـتـاران خاوه‌نی ئۆتۆمبێلی خۆیانو (٨) ئه‌ندامیشیان له‌ خولی رابردووشدا ئه‌ندامی په‌رله‌مان بوونو ئه‌و كاتیش زیاتر له‌ (٣٠) هه‌زار دۆلاریان بۆ كڕینی ئۆتۆمبێل وه‌رگرتووه‌، كه‌ ئه‌وانیش هه‌ریه‌ك له‌ (سۆزان خاله‌ شه‌هاب، عه‌ونی به‌زاز، عومه‌ر عه‌بدولڕه‌حمان، ئیسماعیل مه‌حمود له‌ یه‌كێتیو د.كه‌مال كه‌ركوكی، فرسه‌ت ئه‌حمه‌د، د.رۆژان عه‌بدولقادرو شێروان حه‌یده‌ری پارتی، كه‌ په‌رله‌مانتارن له‌سه‌ر لیستی كوردستانی).

بۆ ره‌تـكـردنـه‌وه‌ی ئـه‌و ره‌خنانه‌ش سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مانی كوردستان كۆتایی هه‌فته‌ی رابـــردوو روونكردنه‌وه‌یه‌كی بـڵاوكـرده‌وه‌، كه‌ تێیدا ئه‌و لێكدانه‌وه‌و لێدوانانه‌ به‌ هێرشی ناڕه‌واو نادروستو زیانبه‌خش ناوده‌باتو ئه‌وه‌ خراوه‌ته‌ڕوو: كه‌ ته‌رخانكردنی ئه‌و پاره‌یه‌ بۆ كڕینی ئۆتۆمبێل به‌مه‌به‌ستی ئاسانكردنی كاری په‌رله‌مانتارانو به‌ده‌نگه‌وه‌چوونه‌ بۆ كێشه‌ی هاوڵاتییان، هه‌روه‌ك تێیدا هاتووه‌: «یاساو ده‌نگی په‌رله‌مانتاران ئه‌و مافه‌یان داوه‌تـه‌ سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان ئه‌و بڕه‌ پاره‌یه‌ به‌وشێوه‌یه‌ خه‌رج بكات».

بـه‌ڵام د.جـه‌عـفـه‌ر عـه‌لـی، ئه‌ندامی فراكسیۆنی گـــۆڕان لــه‌ په‌رله‌مانی كوردستان، سه‌رباری ئـه‌وه‌ی پێیوایه‌: سه‌رفكردنی پاره‌كه‌ به‌هه‌ده‌ردانی سامانی گشتییه‌، سه‌رفكردنه‌وه‌ی دووباره‌شی بۆ ئه‌و ئه‌ندامانه‌ی خولی پێشووش، كه‌ په‌رله‌مانتاربوون به‌ كه‌موكورتیو هه‌ڵه‌ی سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان ده‌زانێت

د.جه‌عفه‌ر وتـی: «خه‌تاو گوناهـ و كه‌موكورتی یه‌كه‌م خودی سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مانه‌، چونكه‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌چ یاساو رێنماییه‌ك له‌ دوو خولی په‌رله‌مانیدا دوو بڕه‌ پاره‌ی جیاواز بۆ كڕینی ئۆتۆمبێل بۆ یه‌ك ئه‌ندام په‌رله‌مان ته‌رخانده‌كات، ئه‌وه‌جگه‌ له‌ به‌هه‌ده‌ردانی سامانی گشتیی هیچ شتێكیتر نییه‌، ئێمه‌ پێمانوابوو دابینكردنی ئه‌و پاره‌یه‌ ئه‌گه‌ر بۆ یه‌كه‌مجاریش بێت به‌هه‌ده‌ردانی سامانی گشتیی خه‌ڵكی ئه‌م وڵاته‌یه‌، چ جای ئه‌گه‌ر بۆ دووه‌مجار بێت».

تـه‌رخـانـكـردنـی ئـه‌و پـارانـه‌ بۆ په‌رله‌مانتاران له‌كاتێكدایه‌، كه‌ فراكسیۆنی گـۆڕان هه‌فته‌ی رابـــردوو داوایـــان له‌ سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان كرد پاره‌كه‌ نه‌خرێته‌ سـه‌ر حسابه‌ بانكییه‌كه‌یان، به‌وپێیه‌ی «به‌هه‌ده‌ردانی سامانی گشتییه‌و ناكرێت ئه‌و پاره‌یه‌ بۆ په‌رله‌مانتاران ته‌رخانبكرێت»، ئه‌و ده‌نگۆیانه‌ له‌كاتێكدایه‌ چه‌ندین كه‌موكورتی له‌ كوردستان هه‌یه‌و پێویستبوو ئه‌و پارانه‌ بۆ چـاره‌سـه‌ری ئه‌وگرفتانه‌و له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی گشتیدا خه‌رج بكرانایه‌.

د.محه‌مه‌د ره‌ئوف، مامۆستای ئابووریی له‌ زانكۆی سلێمانی ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كات: ئه‌و بڕیاره‌ له‌لایه‌ن سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مانه‌وه‌ ده‌رچـــووه‌و خستوویه‌تییه‌ به‌شێك له‌و بودجه‌یه‌ی په‌سه‌ند كراوه‌، ئه‌وه‌ش واده‌كات له‌ڕووی یاساییه‌وه‌ كێشه‌ی نه‌بێت، به‌ڵام ئه‌و یاسایه‌ شوێنی باشی خۆی نه‌گرتووه‌و ره‌نگه‌ شتێكی گونجاو نه‌بێت.

ئـــه‌و مـامـۆسـتـایـه‌ی زانـكـۆ زیاتر روونیده‌كاته‌وه‌و باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ له‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا ئه‌و پاره‌یه‌ یاساییه‌ ده‌درێت به‌ په‌رله‌مانتاره‌كان، به‌ڵام «له‌ڕووی ئه‌خلاقیو فه‌لسه‌فییه‌وه‌ كه‌لێنێكی تێدایه‌و له‌ڕووی عه‌مه‌لیه‌وه‌ نه‌كرایه‌ باشتر بوو».

بۆ به‌دواداچوونی زیاترو وه‌رگرتنی رای ئه‌و په‌رله‌مانتارانه‌، رۆژنامه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ (٤) په‌رله‌مانتارو سكرتێری په‌رله‌مانه‌وه‌ كرد وه‌ڵامیان نه‌بوو، هه‌روه‌ك په‌رله‌مانتار عومه‌ر عه‌بدولڕه‌حمان، تاریق جه‌وهه‌ر سـارمـه‌مـی راوێـــژكـــاری راگه‌یاندنی سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان له‌ دوو په‌یوه‌ندیدا به‌ پاساوی ئه‌وه‌ی ئه‌م ماوه‌یه‌ له‌ په‌رله‌مان نه‌بوونو ئاگاداری ورده‌كارییه‌كان نین نه‌یانویست له‌وباره‌یه‌وه‌ لێدوان بده‌ن.

د.جه‌عفه‌ر جه‌خت له‌وه‌ ده‌كاته‌وه‌، كه‌ ئه‌و په‌رله‌مانتارانه‌ی له‌ خولی پێشوودا پاره‌ی كڕینی ئۆتۆمبێلیان بۆ خه‌رجكراوه‌ ده‌كـه‌ونـه‌ بـه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌كی ویژدانی نیشتمانی ئه‌خلاقیی زۆر گـــه‌وره‌وه‌، كه‌ ئایا تاچه‌ند قبوولی ده‌كه‌ن له‌ دوو خولی په‌رله‌مانیدا بڕێكی زۆر پاره‌ وه‌ربگرن به‌ناوی كڕینی ئۆتۆمبێله‌وه‌.



دانیشتنێكی ئاسایی په‌رله‌مان

فۆتۆ: ئه‌رشیف

## «نەتەوەیەکگرتووەکان، جەخت لە ئەنجامدانی دەکاتەوە»

# پەرلەمانتارێک: هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم، لەمساڵدا ناکرێت

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان




حکومەتی هەرێم لە دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بێدەنگەو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش رایدەگەیەنێت: کە ئەو هەڵبژاردنە لەمساڵدا ناکرێت.

لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان مەرجی بۆ حکومەتی هەرێم داناوە، کە رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، کە ماوەی ساڵێکو شەش مانگ بەسەریدا تێپەڕیوە دیاریبکات، بەشێوەیەک کە لە (١٠/٣١)ی ئەمساڵ تێنەپەڕێت، بەڵام تائێستا حکومەت هیچ رۆژێکی بۆ ئەو هەڵبژاردنە دیاری نەکردووەو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی کوردستانیش پێیانوایە: کە هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنەکە سیاسییە.

محەمەد ئیبراهیم حاجی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات: کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، نەک هەر دواکەوتووە، بەڵکو کاتەکەی تێپەڕیوە، وتیشی: «ئێمە لەمێژە داوامان کردووە، کە ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا رۆژەکەی دیاری نەکراوە».

هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکەش، بەڕای ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگا، سیاسییە، وتیشی: «حکومەتی هەرێم ئەو جۆرە بڕیارانە نادات بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بڕیاری سیاسیی، هەربۆیە کێشەی سیاسیی رێگرە لەبەردەم دواخستنی ئەو هەڵبژاردنەدا».

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە رۆژنامە گەیشتوون لە چەند رۆژی رابردوودا نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کۆبووتەوەو سەبارەت بە کێشەی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم گفتوگۆیانکردووەو لەو رووەوە نەتەوەیەکگرتووەکان جەختیان لەسەر پێویستیو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە کرووەتەوە.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: بڕیاری هەڵبژاردنەکە لەدەستی حکومەتی هەرێمدایە، نەک (UN)، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان تەنیا ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریکردنمان لە تەکنیکی هەڵبژاردنەکە دەربڕیوە».

هەروەها وتیشی: دوای تەواوبوونی خشتەی کاری هەڵبژاردنەکە دانیشتن لەگەڵ هەریەکە لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانو حکومەتدا دەکەین بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنەکەو چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکان، لەچەند رۆژی داهاتووشدا بڕی پارەی پێویست بۆ هەڵبژاردنەکە رادەگەیەنین».

بەپێی مادەی (٣١) لە یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، رۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بەر لەوادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بە (٦٠) رۆژ دیاری دەکرێت، بەڵام مانگێک لەمەوبەر حکومەتی هەرێم لە یاداشتێکدا داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد، کە حکومەت لە دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنەکە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان وەڵامی حکومەتی دایەوە بەوەی کە ئەو کارە لە دەسەڵاتی حکومەت خۆیدایە، نەک پەرلەمان.

شێرزاد حافز، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی وت: «لە وەڵامەکەماندا بۆ حکومەتی هەرێم مەرجی ئەوەمان بۆ داناوە، کە رۆژی هەڵبژاردنەکە لە (١٠/٣١)ی ئەمساڵ تێنەپەڕێت».

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان پێشبینی ئەوەشی کرد: کە لەمساڵدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکرێت، وتیشی: «هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنەکە لە دوو ساڵی رابردوودا سیاسیی بووە، نەک یاساییو تەکنیکی».

# منداڵێکی کوردی کەرکوک لە داهێنانێکدا بووە یەکەمی جیهان

کەرکوک: ئارام جەمال

منداڵێکی کوردی کەرکوک کە لە خوێندنگەی چاغی نموونەیی خوێندکارە، لە فێستیڤاڵی پاراستنی ژینگەی جیهانیدا، کە لە تورکیا رێکخرا پلەی یەکەمی داهێنانی لە بواری پاراستنی ژینگەدا بەدەستهێنا.

یوسف فەرەیدون عەبدوڵڵا، تەمەن (١٣) ساڵ دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوکەو خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندیی قوتابخانەی چاغی نموونەییە، لە رۆژانی ١٩-٢٠١٠/٥/٢٢ لە شاری ئەستەمبوڵی تورکیا لەگەڵ هاوڕێیەکی خوێندکاریدا بە ناوی (سالم محەمەد)، کە لەنەتەوەی عەرەبە، لە فێستیڤاڵی جیهانیی داهێنانی پاراستنی ژینگەدا بەشداریکرد، کە (١١٠) خوێندکار لە (٤٤) وڵاتی جیهانەوە بەشداربوون، بەداهێنانێکی سادەو بێوێنە توانیویەتی پلەی یەکەمی فێستیڤاڵەکەو



خەڵاتی ئاڵتوونیی مسۆگەر بکات.

یوسف بە رۆژنامەی راگەیاند: «یەکەمجار بوو بەشداربم لە فێستیڤاڵێکی جیهانیی لەوجۆرەو بۆ من مایەی خۆشحاڵیی بوو کە توانیم بە جلوبەرگی کوردییەوە نوێنەرایەتی عێراق بکەمو لەگەڵ هاوڕێکەمدا پلەی یەکەم بەدەستبهێنین، کە بەلای بەشداربووانی فێستیڤاڵەکەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە ئێمە لە عێراقدا خاوەنی بەهرەو داهێنانین».

لەبارەی داهێنانەکەیەوە، یوسف وتی: «کارەکەی ئێمە ئەوەبوو سەلەیەکی خۆڵ لەناویدا ئامێرێکی لیزەرمان دانابوو کە سەرنجی منداڵی رادەکێشا بۆئەوەی زبڵو خاشاک بکەنە ناو سەلەی خۆڵەکانەوەو لە رێگای پارچە ئاسنێکی خڕیشەوە منداڵانی هاندەدا تاکو بچنە کافتریای قوتابخانە خواردن بخۆنو خاشاک کۆبکەنەوە».

ئەوەشی وت: «دوای سەرکەوتنمان بانگهێشتکراوین لەساڵی ئایندەدا لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداریی خولێکی داهێنان بکەین».

هیواشی خواست کە «حکومەت داهێنانەکەی پەرە پێبداتو لە قوتابخانەکاندا وەک وانەیەک بە خوێندکاران بوترێت لەپێناو پاراستنی ژینگەدا».

# «گرژییەکانی نێوان لایەنەکان، ئیئتیلافەکەی سستکردووە»

چاوان عەلی

سیاسەتمەدارو ئەندامی سەربەخۆی پەرلەمان د.مەحمود عوسمان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە گرژییەکانی نێوان لایەنە سەرەکییەکانی هەرێم بووەتە هۆی لاوازبوونی کارەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان.

د.مەحمود عوسمان، سیاسەتمەدارو ئەندامی سەربەخۆ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رەخنەی توند لە ئەدای ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەگرێتو پێیوابوو: «دەبوو کارابوایەو زووتر بچوونایە بەغدا».

وەک ئاماژەیەک بۆ یەکەم کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مەحمود عوسمان، وتی: بێچەندو چوون هۆکاری سەرەکیی گرژییو ئاڵۆزیی نێوان پارتیو گۆڕانو یەکێتی لەبەغداو یەکێتیو لایەنەکانی دیکە کاریگەریی بەسەر بەڕێوەچوونو گەرموگوڕیی کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافەکەوە هەبوو.

وتیشی: رەنگە هۆکارێکی دیکە ئەوە بێت، کە هەموو بڕیارێک پێویستی بە رەزامەندیی لایەنەکانی ئیئتیلافەکەوە هەیە، واتە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی دەستەجەمعی هەندێک جار کارەکان دوادەخات، کە هەموو پرسەکان بە رێکەوتنی گشت لایەنەکان بێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییەو ئەزموونێکی نوێیە.

# پەکەکە ئاگربەستی شکاند

شارا عەبدولڕەحمان، شاسوار مامە

پەکەکە ئاگربەستی شکاندو بڕیاریدا لەمەودوا چالاکی لە دژی تورکیا ئەنجام بدات، ئەمەش دوای چەندین ئاگادارکردنەوەی تورکیا هات لە وەستاندنی بۆردوومانەکان بۆ سەریان.

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەماوەی رابردوودا بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد بە رێگەچارەی ئاشتیانە، (٦) جار ئاگربەستمان راگەیاندووە، چەندین هەوڵیشمان بۆ ئەو مەبەستە هەبووەو گروپی ئاشتیمان رەوانەی تورکیا کردووە، بەڵام تورکیا هیچ هەنگاوێکی نەناوەو بەردەوام لە هەوڵی سەرکوتکردنی کورددایە لەو وڵاتەدا.

بڕیاری شکاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە لە رۆژی (٦/١)ەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بڕیاریانداوە کە لە هەموو ناوچەکانی دەرەوەی تورکیاو ناو تورکیاوە هێرش بکەنە سەر ئەو وڵاتەو بەرگریی لە خۆیانو گەلی کورد لە تورکیادا بکەن.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی، شارەزا لە کاروباری دۆزی کورد لە تورکیا، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە شکاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە مانای بێئومێدبوون لە بەڵێنەکانی تورکیا بە کورد دەگەیەنێت، وتیشی: «تورکیا بەردەوام هێرش دەکاتە سەر گەریلاکانی پەکەکەو ئەمەش وای لەو پارتە کردووە چیتر بێدەنگ نەبن لە ئاست ئەو زوڵمو زۆرەی لە بەرامبەر ئەوان بەتایبەتیو گەلی کورد لە تورکیا بەگشتیی دەکرێت».

پارتی کرێکارانی کوردستان لەماوەی (٢٠) ساڵی تەمەنی خەباتی چەکداریدا (٦) جار ئاگربەستی تاکلایەنەی راگەیاندووەو دوایەمین ئاگربەستیان بۆ ماوەی (٢) ساڵ بەردەوام بووەو هەر شەش مانگ جارێکو دوای هۆشیاریدانەوەیەک بە تورکیا بەمەبەستی چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد لە وڵاتەکەی، ئاگربەستەکە تازەکراوەتەوە.

ئەو شارەزایەی کاروباری کورد لە تورکیا، ئاماژە بەوە دەکات: بەردەوام پەکەکە هاوشانی تورکیا، ئەوروپاو ئەمریکاشی ئاگادارکردووەتەوە لە هەر ئەگەرێکی مەترسیدار کە بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە بۆ سەر کوردی باکووری کوردستان بێتە ئاراوە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبووە «هەربۆیە پەکەکە بڕیاریداوە کە چیتر لە پێشێلکردنی مافەکانی کورد لەو وڵاتەدا بێدەنگ نەبێتو بەرپەرچی هێرشەکانی تورکیا بداتەوە».

چەند هەفتەیەک لەمەوبەر چالاکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بینای ئەسکەندەرۆنەبوو لە باشووری تورکیاو هەفتەی رابردووش چالاکییەکی سەربازیی پەکەکە لەسەر دەریای رەش بینرا لە شاری دەرسیمی قووڵایی کوردستانی تورکیا، بەو هۆیەشەوە بە وتەی محەمەد ئەمین پێنجوێنی، تورکیا بیانوو بە کوردی باشووری کوردستان دەگرێتو هێرش دەکاتە سەریان، لەکاتێکدا باش دەزانێت کە چالاکی پەکەکە تەنیا لە باشووری کوردستانەوە نییە، بەڵکو لە هەموو کوچەیەکی تورکیادا چالاکییان هەیە.

وتیشی: «تورکیا بیانوو بە حکومەتی هەرێمو کوردی باشووری کوردستان دەگرێتو هێرش دەکاتە سەریان، کە لەو هێرشانە تەنیا خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە زەرەرمەند دەبن، ئەمە لەکاتێکدایە کە هاتنە وەڵامی سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان لەئاستی پێویستدا نییەو دەبوو لەو هێرشانەی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی هەرێم بێدەنگ نەبن».



گەریلاکانی پەکەکە

فۆتۆ: ئەرشیف

# «هیچ ئومێدێک بەلیژنەی نەزاهە ناکرێت»

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

بـە پـێـچـەوانـەی ئـومـێـدو گەشبینییەکانی هاوڵاتییان‌و چاودێران، لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەماوەی (١٠) مانگی دەستبەکاربونییەوە نەیتوانیوە ئەو ئامانج‌و ئەرکانە بپێکێت کە بۆی دروستبووە.



## کاری لیژنەکە لاوازە

لیژنەی نـەزاهـە لە پەرلەمانی کـوردسـتـان دوای پێداگیریی‌و جەختکردنەوە لە پێویستی بوونی دانـرا، هـەرچـەنـدە ئۆپۆزسیۆن کە زیاتر ئەرکی چاودێریکردنی دەسـەڵاتـی جێبەجێکردنی هەیە، لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لیستی دەسەڵاتەوە لە سەرۆکایەتی لیژنەکە بێبەش کرا.

ئـەو سـەردان‌و چالاکیانەی سەرۆک‌و ئەندامانی لیژنەی نەزاهە لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی چاودێری دارایی‌و داواکاری گشتیی‌و دادگای ئیداریی ئەنجامیاندا جێی دڵخۆشیی بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو کارانەی چاوەڕێ دەکرا ئەنجامنەدراو تائێستا کارێکی جدییان نەکردووە، لەکاتێکدا د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لـیـژنـەی نـەزاهـە لـە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشتریدا بۆ ڕۆژنامە باس لەوە دەکات: هیچ شتێک هێندەی گەندەڵیی هـەڕەشـەی بۆ سەر کوردستان دروستنەکردووەو چارەنووسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نەخستووەتە مەترسییەوە.

حەمەسەعید حەمەعەلی، ئەندامی لـیـژنـەی نـەزاهـە لـە پەرلەمانی کـوردسـتـان، نـایـشـارێـتـەوە کە لیژنەی نەزاهە وەک پێویست کاری نەکردووەو گلەیی‌و ڕەخنەشی لەوە هەیە، بەڵام بۆ هۆکاری سیاسی‌و یاسایی‌و ئیداریی دەگەڕێنێتەوەو لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە سەرەتاوە کۆمەڵێک سەردانی باشمان کرد بۆ ئاشنابوون بە ئیشەکەی خۆمان، بـەڵام پێویستە دەستەی نەزاهە دروستببێت، کە لایەنێکی جێبەجێکردنە کارەکان بکات، هەروەها دادگای ئیداریی کارابێت‌و دیوانەکانی چاودێری یەکبگرنەوەو بەپێی یاسا نوێیەکە کاربکەن‌و ئەو ڕاپۆرتانەمان بدرێتێ کە دراوەتـە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە دەستەی نەزاهە بەهۆی هۆکاری سیاسی‌و حیزبیی دانەمەزرا، دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی‌و هەولێر بە هەمان هۆ یەکیاننەگرتەوەو ڕاپۆرتەکانیان بە هەمان هۆ نەدراوەتە ئێمە».

پێشیوایە: سـەرقـاڵـبـوون بە پـرۆژە یاسای بـودجـەو پشووی پەرلەمان‌و نەبوونی ئەو پێداویستی‌و موستەلزەماتانە وایکردووە ئەنجامی کاری لیژنەکە بەوشێوەیە بووە.

سەرباری ئەو کۆت‌و بەندانەی پەرلەمانتارانی لیژنەکە باسی دەکەن، چاودێران لەو بڕوایەدان کە کۆمەڵێک مەسەلەو پرس هەیە دەبوو لیژنەکە قسەی لەسەر بکردایە.

مـامـۆسـتـا جـەمـال عـەبـدول، کەسایەتی دیـار، کـە پێشتر بۆ سەرۆکایەتی دەستەی نەزاهەی هەرێم پاڵێورابوو، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنـامـە لـەبـارەی سستی کاری لیژنەکەوە وتی: «هەرچەندە لیژنەکە خەڵکی باش‌و پاکی تێدایەو دەیانەوێت کارەکان بکەن، بەڵام بۆ سەرکەوتنی‌و بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبێت هـەمـوولایـەک هـاوکـاریـی بکەن‌و هەوڵبدەن ڕووبـەڕووی گەندەڵیی ببنەوە، دەبێت یاسا سـەروەر بێت، ئەگەر یاسا سەروەر بێت، دەستەی نـەزاهـەش پێویست ناکات، بەڵام بـەداخـەوە تائێستا یاسا سـەروەر نییە».

ماموستا جەمال جەخت لەوە دەکاتەوە، ڕاپۆرتەکانی چاودێری پێویستی بە جێبەجێکردن هەیەو شتەکان بەستراوە بەیەکەوە، شتێک نییە تەنیا بە لیژنەکەی پەرلەمانەوە بەسترابێت، ئـەوان چی بکەن کە هاوکاریی نەکرێن‌و ڕاپۆرتەکانیان نەدرێتێ‌و بارودۆخەکە بەوشێوەیە زۆر درێژەی کێشاوە، وتیشی: «تائێستا لیژنەی نەزاهە نەیتوانیوە ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی جێبەجێی بکات‌و ئەو ئامانجە بپێکێت کە بۆی دروستبووەو ناشتوانێ بێکات، ئەگەر بەوشێوەیەی ئێستا بێت‌و کەرەستەکانیان لە بەردەست نەبێت».

## سەرۆکایەتی بەرپرسیارە

عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، ئەوە دەخاتەڕوو، کاری لیژنەکان زیاتر چاودێریکردن‌و بەدواداچوون‌و ڕاپۆرتەکان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ڕەوانەیان دەکرێت، هەروەک چالاک نەبوونی لیژنەی نەزاهەی نەشاردەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ ڕۆژنـامـە وتی: «ئـەوە نە پەیوەندیی بە دەستەی نـەزاهـەو چـاودێـری دارایـیـەوە هەیە، تەنیا هۆکارێک بۆ چالاک نەبوون‌و سستی‌و لاوازیی لیژنەکە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، پێدەچێت ویستوویانە تەنیا لیژنەیەکی شکڵیی بێت‌و ناوەڕۆک دروستببێت، چونکە دوای ساڵێک لە دەستبەکاربوون هیچ کارو بەدواداچوونی بۆ هیچ مەلەفێک نییە، ئـەوەش هەمووی پەیوەستە بـە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوەو هیچ ئومێدێکیان بەو لیژنەیە نییەو کارئاسانییان نـەکـردووە، چونکە دەبـوو دیوانی چاودێری داراییان یەکبخستایەتەوە، کە یەکنەخراوەتەوە دەبوو ڕاپۆرتەکانیان بدرایە بە لیژنەکە، دەبـوو بە زووترین کات دەستەی نەزاهە گفتوگۆ لەسەر یاساکەی بکرایەو دەستەکە دروستبکرایە».

ئـەو بـاس لـەوە دەکـات، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان خەمساردو بێ گوێپێدان کارەکانی لیژنەکەی پەکخستووە، وتیشی: «چەند نامەو یاداشتمان داوەو ئامادەنەبوون وەڵاممان بدەنەوە، تا دوا دانیشتن کە کۆمەڵێک بەڵێنیان داوە، بەڵام پێموایە ئەو بەڵێنانە تەنیا بۆ کەمکردنەوەی نـاڕەزایـی‌و تـوڕەبوونەکانەو هیچ نییە، هەموو ئەندامانی لیژنە لەو خەمساردییە بێزاربوون، زۆرینەش لـەگـەڵ ئـەوەیـە ئـەو لیژنەیە یان چـالاک بکرێت یـان دابخرێت، من بەرپرسیاری یەکەم بە تەنیا بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبینم، بەتایبەت دوای ئەو ڕوونکردنەوەی سەرۆکایەتی پـەرلـەمـان، بۆمان دەرکـەوت سـەرۆکایەتی پەرلەمان بێلایەن نییەو وەک لایەنێکی سیاسیی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکاندا دەکات، ئێمەش پێمانوایە ئەوە نییەتی لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵاتە، کە نایانەوێت لیژنەی نەزاهە چالاک‌و ئەکتیڤ بێت‌و هیچ هۆکارێکی هونەریی نییە، ئەوەش بە بەشێک لە بەرنامەیەکی سیاسی دەبینین، کە سەرۆکایەتیەکە پەیڕەوی دەکات‌و پێشمانوایە ئەوە پیلانێکە دژ بە لیژنەی نەزاهە».

## هەڵوێست وەردەگرن

حەمە سەعید حەمە عەلی، ئاماژە بەوە دەکات: لیژنەکەیان یاداشتیان داوەتـە سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و داوایـانـکـردووە دیوانی چاودێری دارایـی یەکبگرنەوەو دەستەی نەزاهە پێکبێت‌و ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریمان بدرێتێ‌و کارئاسانیی‌و هاوکاریمان بکرێت، «دواتر سەرۆکی پـەرلـەمـان بەڵێنی کارئاسانی‌و هاوکاریی پێداوین‌و دوای ئەوە ئێمەش ئیشی لەسەر دەکـەیـن»، وتیشی: «وەک لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن داوای جدیمان کردووەو هەڵوێستی ڕۆشنی خۆمان داوە کە لیژنەکەمان کارا نییە، بۆ ڕاگەیاندن‌و ڕای گشتیی قسەمان کردووەو یاداشتمان داوەتە پەرلەمان، قسەی خۆمان کـردووەو باسمان لـەوە کـردووە کە ئێمە لەبەردەم لێپرسراوێتیداین، ئەگەر کارئاسانیی‌و هاوکاریمان نەکرا، هەڵوێستی دیکەمان دەبێت‌و زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە لەسەر ئەو ڕایە کۆکن».

هەروەک عەدنان عوسمان باس لەوە دەکات: وەک ئۆپۆزسیۆن لەسەر سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە سەرۆکایەتی چەند لیژنەیەکیان لە دەستدا، چونکە بە گرنگمان زانی، وتی: «لەم ماوەیەشدا هەڵوێستی خۆمان دەردەبڕیـن لە دەرەوەو ناوەوەی ئەو لیژنەیە، ڕەنگە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی خۆشبێت ئەو کەسە دڵسۆزانەو ئۆپۆزسیۆن لە لیژنەکە نەمێنێت، بەڵام ئەگەر وابێت هەنگاو هەڵوێستی دیکەمان دەبێت».

## بەغدا لەپێش کوردستانەوەیە

بەشێکی چـاودێـران پێیانوایە لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لـەوەی کوردستان کاراتر بـوون‌و کـاری زیاتریان کـردووەو قسەیان لەسەر گەندەڵیی کردووەو لە لێپرسراوانیان کۆڵیوەتەوە.

هەرچەند سـیـروان زەهـاوی، بـڕیـاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان (پێشوو)، نکۆڵی لەوە نـاکـات، بـەڵام جـیـاوازی کـاری لیژنەکەشی لە بەغداو کوردستان بۆ ئەوە گەڕاندەوە، لە بەغدا زیاتر لە (٥٠) ساڵە دیوانی چاودێری دارایی هەیەو لە (٢٠٠٤)ەوە بە فەرمانی بریمەر دەستەی نەزاهە دامەزراوە، «کەواتە پێش ئـەوەی لیژنەکە دروستببێت دوو دەزگـای گرنگ هـەبـووە کە یاساشیان هەیە کاری پێبکەن، بەڵام لە کوردستان دەستەی نەزاهە نییەو چاودێری داراییش یەکینەگرتووەتەوە (وەک ئـاگـادارم بە زووترین کات یەکدەگرنەوە)، بۆیە پێویستە دەستەکە لـە کوردستانیش دروستبکرێت بۆئەوەی سیستمی چاودێری دارایی‌و نەهێشتنی گەندەڵیی لە کوردستان لە ڕووی یاساییەوە تەواوبێت، چونکە تا لە ڕووی یاساییەوە تەواونەبێت، ناتوانرێت لە ڕووی واقیعەوە کاری لەسەر بکرێت، کەواتە بەراوردکردنەکە جیاوازی هەیە، لەبەرئەوەی لیژنەکەی بەغدا کەرەستەی هەبووەو کاراتر بـــووە»، ڕوونـیـشـی دەکـاتـەوە تا دەستەی نەزاهە دروستدەکرێت، لیژنەکەی کوردستان ئەندامەکانی لە ڕووی ڕۆڵە نوێنەرایەتییەکەیان مومارەسەرە بکەن‌و ئەو خەڵک‌و کـەس‌و لایەنانە ببینن کە گلەییان هەیەو بەڵگەی گەندەڵییان هەیەو لێی بکۆڵنەوەو ئەو شتانە کۆبکەنەوە.

## دەستەی نەزاهە کەی دادەمەزرێت؟

بەشێکی پسپۆڕان‌و پەرلەمانتاران ئاماژە بە پێویستی دامەزراندنی دەستەی نەزاهە دەکەن.

سـیـروان زەهـاوی، پێیوایە: چاودێری دارایـی مەنزومەیەکە لە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان‌و چاودێری دارایـی‌و دەستەی نەزاهە پێکدێت، لیژنەکە لە دنیادا کاری چاودێریکردنی دەستەکەو دیوانی چاودێری داراییە، چاودێری داراییش کاری ئەوەیە بە سجیلاتی حساباتدا دەچێت‌و وردبینی تێدا دەکات بۆئەوەی بزانێت چۆن سـەرفـکـراوە، دەسـتـەی نەزاهەش دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی پێدراوەو هـەر کـەس‌و لایەنێک گەندەڵیی کردبێت دەیـداتـە دادگـا، وتیشی: «لیژنەی نەزاهەش یاسا دادەنێت بۆ ئەو چاودێری دارایی‌و دەستەی نەزاهەو چاودێریی کارەکانیان دەکات بۆئەوەی بزانێت تا چەند کارەکانیان کردووەو دەتوانێت ئەوە لە پەرلەمان بوروژێنێت، بەڵام ئەگەر چاودێری دارایـی‌و دەستەی نەزاهە نەبێت، کاری لیژنەکە قورس دەبێت‌و ناتوانن وەک پێویست کارەکانیان بکەن، چونکە ئیشی پەرلەمانتار یاسادانان‌و چاودێریی‌و نوێنەرایەتیکردنە».

بەڵام عەدنان عوسمان، ئومێدی زۆری بە دەستەکە نییەو دەڵێت: «دڵنیاین ئەو دەستەی نەزاهەیەی لـە کـوردسـتـان بـەم عەقڵەیەتەو بە کۆمەڵێک فەرمانبەری خۆیان پڕدەکرێتەوە زۆر بێکەڵک‌و بێتوانا دەبێت، وەک زۆرێک لەو دەستەو لیژنە تایبەتانەی دروستبووە، بۆیە پێمان باشە سیڤی ئەو کەسانە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت‌و ئەگەر حکومەتیش جدییەتی هەیە لەوە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەبەرچاو بگرێت، چونکە ئەو دەتوانێت چاودێریی زیاتری دەسەڵات بکات‌و لە دنیاشدا وایە».

هـــەروەک لـەو بـڕوایـەدایـە بەوپێیەی دەسـەڵات لە کوردستان جدیی نەبووە لە دژایەتی گەندەڵیی‌و خۆشی هۆکارێک بووە لە پەرەدان بە گەندەڵیی، ئەو دەستەیەش کە دایدەمەزرێنێت نەزۆک دەبێت.

پەرلەمانتارەکە باس لـەوەش دەکـات، کـە دیـوانـی چـاودێـری سلێمانی زۆرێـک لـە کارەکانی دەستەی نەزاهەشی کردووە، تەنیا بەیەکخستن‌و پێدانی دەسـەڵات‌و حسابکردن بـۆ ڕاپۆرتەکانیان پێویستیی بە هیچ دەستەیەکی دیکە نابێت، چونکە لەوکاتەدا زۆر مەلەفی گەندەڵیی ئاشکرا دەبێت‌و کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕاستگۆیی‌و جدییەت نییەو دروستکردنی دەستەکەش تەنیا کات کوشتنەو هەوڵدانە بۆ بە فیڕۆدانی سامانی گشتیی ئەم وڵاتە.



مەم بورهان قانع

# فۆرماتکردنەوە

«فۆرماتکردن»، یان «فۆرماتکردنەوە»، زاراوەیەکی زانستییەو لەبواری زانستی کۆمپیوتەریدا بەکاردەهێنرێت‌و مەبەست لێی سڕینەوەی تەواوی بەرنامەکانی نێو کۆمپیوتەرو جارێکی تر دابەزاندنەوەی بەرنامەکانیەتی، بەجۆرێک کە فایلە خراپبووەکان بەشێوازێکی باشتر دابەزێنرێنەوە، ئەمەیش لەوکاتەدا دەبێت کە ڤایرۆس لە بەرنامەکانی نێو کۆمپیوتەرەکە دەدات.

دەشێت ئەم زاراوەیە بۆ زۆربەی کایە جیاجیاکانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی‌و زانستی بەگشتیی بگوێزینەوەو بەشێکی هەرە زۆری کایە جیاجیاکان لەم هەرێمەدا، پێویستیان بەفۆرماتکردنەوە هەبێت.

بۆ نمونە، فۆرماتکردنەوەی حکومەت (بەهۆی بوونی لێشاوی گەندەڵی‌و بێبەرنامەیی)، یان فۆرماتکردنەوەی پەرلەمان (لە ڕووی خەمساردیی لە دەرکردنی یاساو بەهێندوەرنەگرتنی جیاوازیی‌و ڕانەپەڕاندنی ئەرکەکانی وەک دەسـەڵات)، فۆرماتکردنەوەی سیاسەت لەکوردستان (لە ڕووی مامەڵەکردن بە مەنتقی دۆستایەتی لەلای زۆربەی کارەکتەرە سیاسییەکان، لەبری بەرژەوەندیی سیاسی)و.. هتد.

یەکێک لەو لایەنە هەستیارانەیش کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بەفۆرماتکردنەوەیەو ڤایرۆس لێی داوە، میدیای حیزبییە.

جاروبار لەلایەن هەندێک لە میدیاکارانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکانەوە، کاتێک ڕەخنە لە میدیای ئەهلی دەگرن، کە ڕەچاوی بەرپرسیارێتیی‌و وردبینیی‌و ڕاستگۆیی ناکەن (لەگەڵ بەشێکی ئەو ڕەخنانەدام)و بوونەتە سەکۆیەک بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر لەدژی «ئەزمونەکەمان» لە هەرێم‌و کۆی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمدا... بەدیوێکی تردا، ڕەخنەیەکی شەرمنانە لە ڕاگەیاندنی حیزبەکانیشیان دەگرن (سەرباری ئەوەی ئەم ڕەخنانە بەژمارە کەمن‌و وەک ئاماژەیشم بۆ کرد، شەرمنن)و پێشنیازگەلێک دەخەنە بەردەم بەرپرسانی باڵای حیزبەکانیان، لەوەی پێویستە میدیای حیزبیی ڕێکبخرێتەوەو چیتر میدیای حیزبیی وەک زمانحاڵ‌و سەکۆیەک بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ حیزبەکان بەکارنەهێنرێن (کە تا ئەم ساتەوەختەیش ئەم ڕۆڵە دەبینێت).

لە هەرێمی کوردستاندا، میدیای حیزبیی، وەک ئۆرگانێک لە ئۆرگانەکانی حیزب مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو ئەمەیش وایکردووە کە میدیا جۆرێک لە گەمەی سیاسیی بکات‌و لە ئەرکە پیشەییەکەی دووربکەوێتەوەو لەپشتی ئەم گەمە ناشیرینەیشەوە، لێشاوێک لە ڕۆژنامەنووسی ناپرۆفێشناڵ‌و چەندین «سیاسیی» ناپرۆفێشناڵ بوونیان هەیە، هەروەکچۆن هەمان حاڵەت لە جیهانی عەرەبی‌و لەنێو میدیای عەرەبیدا، بە زەقیی بەرچاودەکەوێت. تا ئەو ڕادەیەی کە میدیاکانی حیزب‌و دەسەڵات لەم هەرێمەدا، لەبری ئەوەی میدیای پیشەیی بن‌و وەزیفە میدیاییەکان ڕاپەڕێنن، لەنێوان هێرشبردن‌و سەنگەری بەرگریکردندا بوون، کە ئەمەیش هێندەی تر ئەم میدیایانەی لە بابەتیبوون‌و ڕاستگۆیی‌و بێلایەنیی دوورخستووەتەوە.

بێگومانم لەوەی کە زۆرن ئەو کەسانەی دەڵێن: ئەی باشە حیزب کە ڕاگەیاندنی هەیە، مافی ڕەوای خۆی نییە لە ڕێیەوە بەرگریی لەخۆی بکات، وەکچۆن یەکێکە لە مافە ڕەواکانی هەر حیزبێکی سیاسیی؟!

ئەم «مەنتق»ە لەلای هەندێک لە کادیرانی ڕاگەیاندنی حیزبیی، مەنتقێکە تەواو ناکۆکە لەگەڵ بنەما زانستییەکانی میدیاو وەزیفەکانی هەر ناوەندێکی میدیا لەهەر سیستمێکی دیموکراسیدا؟

کاتێک دەڵێین، ناکۆکە، ئەمەیش مانای وانییە کە میدیای حیزبیی خۆی لە بەرگریکردن لە «دەستکەوتە» حیزبییەکان‌و داکۆکیکردن لە بەرنامەی حیزبیی دابماڵێت، بەڵکو کاتێک ئەم ناوەندە میدیاییانەی حیزب، زیاتر وەک سەکۆی بەرگریکردن‌و هێرشبردن بەکاردەهێنرێن‌و جێگای ڕەخنەگرتنی جددییان تیا نابێتەوە (نەک ڕەخنەی شەرمنانە لە بەرپرسێکی تاپۆ، یان بوونی چاڵێک، یاخود خواربوونەوەی عەمودێک) ئەمە وادەکات کە ئەم ناوەندانە، لە ناوەندی میدیاییەوە، ببنە ناوەندی پڕوپاگەندەکردن.

هەربۆیە ئەو داوا شەرمنانەی هەندێک کادیری ڕاگەیاندنی حیزبیی کە داوای ڕێکخستنەوەی میدیاکانیان دەکەن، پێویستە ئەم داوا شەرمنانە بکرێنە هێزی فشارو داواکە بۆ فۆرماتکردنەوەی کۆی ڕاگەیاندنی حیزبیی بێت لە کوردستان.

هەڵبەتە بەشێکی ئـەو تێبینییانەی لـەلای ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بە خەوشەکانی دیموکراسی لەم هەرێمەدا هەن، بەر ناوەندەکانی میدیا دەکـەون، بەتایبەتیش ناوەندەکانی میدیای حیزبیی، ئەو ناوەندانەی بەلێشاو پارەیان بۆ سەرفدەکرێت‌و دواجاریش لەبری بەشداریکردنیان لە فراوانکردنی فەزای دیموکراسیی‌و فەزای مافی زانین‌و ئازادیی ڕادەربڕین‌و نەهێشتنی سنوورەکانی ڕەخنەگرتن لە هەرێمدا، بەشداری لە نیشاندان‌و پڕوپاگەندەکردن بۆ تەنها «حەقیقەتێک» دەکەن، کە ئەویش حەقیقەتی حیزب‌و گوتاری حیزبییەو بێدەنگینواندنە لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بۆ جەماوەرو بەهێند وەرنەگرتنی سەبقی ڕۆژنامەنووسی، وەکچۆن یەکێک لە بەرپرسیارێتی‌و ئەرکە گرنگەکانی هەر ناوەندێکی میدیایە.

ئەمڕۆ لەهەر کات زیاتر، میدیای حیزبیی پێویستی بە فۆرماتکردنەوەیەو ئەمەیش بەتەنها بەکۆبوونەوەیەک، یان دیدارێک، یاخود ڕاپۆرتێکی شەرمنانەی نازانستیی‌و نابابەتییانە ناکرێت، کە تیایدا بانگەشەی ڕێکخستنەوەی میدیای حیزبیی بکرێت، بێئەوەی خەوش‌و نەخۆشییە بنەڕەتییەکانی دیاریبکرێن، کە گرنگترینیان بێدەنگ نەبوونە لە خەوشەکانی سـەرۆک‌و بەرپرسانی باڵای حیزب‌و نەبوونی شەفافییەتی دارایی‌و کارگێڕیی‌و سیاسیی لەناو حیزب‌و دەسەڵاتی ئەم هەرێمەدا بەگشتیی.

# ئەوەی بڵاوکرایەوە، ڕێکەوتننامە ستراتیژییەکە بوو؟

**ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**

ڕۆژێک دوای بەستنی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتیو یەکێتی لە ڕاگەیاندنی هەردوولاوە بڵاوکرایەوە، چاودێرانی سیاسیی گومانیان هەیە ئەوەی بڵاوکراوەتەوە، هەمان ئەو ڕێکەوتننامەیە بێت لەنێوان بارزانیو تاڵەبانیدا ئیمزا کراوە.

کەناڵە فەرمییەکانی هەردوو مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتو یەکێتی نیشتمانی، دوای سێ ساڵ بە نهێنیی مانەوەی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوانیان ڕۆژی (٢٠١٠/٦/٢) ڕێکەوتنامەیەکی (٨) مادەییان بڵاوکردەوە، کە کۆی مادەکانی جەخت لەسەر ڕایەڵە گشتییەکانی هەماهەنگیی هەردوولا دەکات بۆ کاروباری سیاسیی، پەرلەمانی، حکومەت، پەیوەندیی دیبلۆماسیو دەرەوە، ڕاگەیاندنو نەهێشتنی کێشەکانی ڕابردوو.

ئەم هەنگاوە هاوکات بوو لەگەڵ سازدانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیو کۆی ئەو ڕەخنە بەرفراوانەی، کە بەشێک لە سەرکردایەتی هەردوو حیزبو بنکەی حیزبەکەیان دەیانگرت لە نهێنییو تەمومژاوی مانەوەی خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە.

لەو چوارچێوەیەدا، کاوە محەمەد، سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە وتارێکی ڕەخنەییدا ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی حیزبەکەی وەک «نهێنی ستراتیژیی» ناوبردووەو ئاماژە بەوەدەکات: ئەو ڕێکەوتنە لە ئاستی قاعیدەی هەردوولا ڕەنگدانەوەی نەبووەو ڕۆژانە وردە کێشەکانی حکومەتو حیزبی پێ پینەو پەڕۆ کراوە.

کاوە، لە وتارەکەیدا لە ژمارە (١٢٣٢) ڕۆژنامەی ئاسۆ دەڵێت: «گرفتی گەورە ئەوەیە کەسمان ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکەمان نەدیوەو لە وردەکارییەکانی ئاگادارنین، تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوولاش لە ناوەڕۆکەکەی بێئاگانو تەنیا لەنێوان مەکتەبی سیاسیی هەردوولا ئیمزا کراوەو وەک نهێنییەکی ستراتیژیی پارێزراوە».

مامۆستایەکی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە بۆ خەڵک بە گرنگ نازانێتو پێیوایە: جگەلە دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان هەردوو حیزبدا هیچی تری تێدا نییە. ئەم بۆچوونە لەکاتێکدایە لە پێشەکی بڵاوکردنەوەی ڕێکەوتننامەکە هاتووە، بۆ بەرچاو ڕوونی شەقامی کوردییە.

د.ساڵح مەلا عومەر عیسا، مامۆستای زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماهیەتو جەوهەری ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکە پێشتر بۆ خەڵک زانرابوو، کە دابەشکردنی دەسەڵات بوو لەنێوان پارتیو یەکێتی، بۆیە ئەم بابەتە بۆ خەڵک گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، ئەو ڕێکەوتننامەیە نەیتوانی متمانەی سیاسیی لەنێوان هەردوولا دروستبکاتو حکومەتێکی یەکگرتووی لێ بەرهەمبێت».

لەبارەی ئەو پرسەی گوایە بڵاوکردنەوەی ڕێکەوتننامەکە بە ئامانجی ڕەنگدانەوەی ئەو یەکگرتنەیە لە بنکەو خوارەوەی هەردوو حیزب، د.ساڵح، ئاماژەی بەوەکرد: لەناو ئەو سیستمە سیاسییانەی کلتووری دیموکراسی تێدا لاوازە، کە ئەم واقیعە بۆ هەرێمیش ڕاستە وەک بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گەمەی سیاسیی زیاتر لەنێوان نوخبەی سیاسیی دەبێت، نەک خەڵکی خوارەوە، ئەگەر ئەوان ڕازی بن جەماوەریش لەژێر کاریگەرییو تەقلیدی ئەوان ڕازی دەبن.

وتیشی: «زەحمەتە ئەو ڕێکەوتنە بۆ خوارەوەی هەردوو حیزب بگوازرێتەوە، تا نوخبەو سەرکردەکان لەگەڵ یەکتر ڕاستگۆ نەبن».

مامۆستاکەی زانکۆی سەلاحەدین ئاماژەی بەوەشکرد، هۆشیاریی سیاسیی تاک لە کۆمەڵگەدا وەک پێویست نییە، ئەگەر ئەو هۆشیارییە هەبێت هیچ پێویست ناکات دوو هێز ڕێکەوتننامە مۆربکەن، بۆئەوەی سنوورو چوارچێوەی کارکردنو چۆنیەتی ڕەفتارکردن بۆ جەماوەرەکانیان لەگەڵ یەکتر دیاری بکەن.

سەرنجی چاودێرانی سیاسیی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە لەلایەن ڕاگەیاندنی هەردوو حیزب لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە زۆربەی مادەکانی شتی گشتینو لای خەڵک ئاشکرایە، واتە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە تائەوەی ببێتە مادەیەکی نهێنی بۆئەوەی دوو حیزب ماوەی سێ ساڵ لە سەرکردایەتیو بنکەی خۆیانی بشارنەوە، هەروەک زۆر خاڵیشی تێدا نییە، کە پێشتر سەرکردایەتی هەردوولا باسیان دەکرد.

جەوهەر نامیق سالم، سیاسەتمەدار، پێیوایە؛ هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە لەم کاتەدا، ئاماژەی گەراندەوە بۆ نادیاریی ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتننامە لە بنکەی هەردوو حیزبو تا ڕادەیەک شەقامی کوردیش، وتیشی: «بڵاوکردنەوەی لەم کاتەدا دەکرێت لەژێر فشاری ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی بووبێت، بە ئامانجی تاووتوێکردنی ئەوجۆرە هاوپەیمانێتییە لەناو کۆنگرەدا.

لەبارەی ئەو گومانەی لە ناوەڕۆکی ئەسڵی ڕێکەوتننامەکە دەکرێت، جەوهەر نامیق، وتی: «ناتوانم بڵێم ئەوە ناوەڕۆکەکەیە، یان ئەو نییە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەندێ خاڵ، کە پێشتر هەردوو حیزب تەئکیدیان لێدەکردەوە لەو ناوەڕۆکەی بڵاوکراوەتەوە نابینرێت، بەنموونە: نازانرێت ئەو ڕێکەوتننامە هەتا هەتاییە، یان چەند ساڵ دەخایەنێت؟!».

لە لێدوانەکەییدا جەوهەر نامیق، وتیشی: «ئەگەر ئەمە بە دۆکیۆمێنتی فەرمیی سەیربکەین، دەبینین گرێی ئیمزای بۆ دروست دەبێت، چونکە ئیمزای بەڕێزان تاڵەبانیو بازانیو سەرکردایەتی بەسەرەوە نییە، تەنیا چەند خاڵێکە لە ڕۆژنامەی هەردوولا بڵاوکراوەتەوە، کە پێویستبوو کۆپییەکی وەک خۆی بڵاوبکرێتەوەو نەک دەستکاری بکرێت».

ئەو سەرنجەی دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەی پارتیو یەکێتی لە شەقامی کوردیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو گوزارشتی لێدەکرا، ئاماژە بوو بۆ بەرتەسککردنەوەی دیموکراسییەتو ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستانو مۆنۆپۆڵکردنی لەلایەن دوو حیزبەوە.

لەو گۆشەیەوە، جەوهەر نامیق، جەخت لە دەرکەوتەکانی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە دوای سێ ساڵ تەمەنی ڕێکەوتننامەکەو پێشنیازی ئەوە دەکات، ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەستکاری بکرێتو بکرێتە میساقێکی نیشتمانی هەموو لایەنەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان، نەک تەنیا یەکێتیو پارتی.



تاڵەبانی و بارزانی

# گۆڕان، وەک بزووتنەوە داوایکرد، بەڵام وەک حیزب مۆڵەتی پێ درا

**ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

حکومەتی هەرێم، بەڕەسمیی مۆڵەتی دا بە بزووتنەوەی گۆڕان وەک «حیزب»ێکی سیاسی، لەکاتێکدا هەڵسوڕاوانی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی خۆیان ناودەبەن.

لە نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆدا کە ژمارە (١٣٣٨٢)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٥/٣١)ی لەسەرە، مۆڵەت بە بزووتنەوەی گۆڕان بەخشراو لەو نووسراوەدا هاتووە، بەپێی مادەی (٨،٧) لە یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو، ئاماژە بە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، بە نووسراویان ژمارە (١٢٥٣) لە (٢٠١٠/٥/١٨) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٩) و بە بوونی مەرجەکانی یاسایی لە داواکاریی دامەزراندن، بڕیارماندا بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندن، بە حیزبی بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم فەرمانەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێت: «ئێمە داوامان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە مۆڵەتی ڕەسمیی وەربگرین وەک بزووتنەوەی گۆڕانو بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، نەک وەکو حیزب، لێرە شتێک هەیە بە ناوی یاسای حیزبەکان، لەبەرئەوە هەر کۆمەڵەو لایەنێک کە کاری سیاسی دەکاتو کاری مەدەنی ناکات، بەو یاسایە مۆڵەتی پێدەدەرێت».

هەروەک د. زانا ڕەئوف، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانو ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە (فراکسیۆنی گۆڕان)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە خودی ئەو نووسراوەی کە ئێمە ناردوومانە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، دەستەواژەی پارتی سیاسی تێدا نەهاتووە، هەرچەند لە ڕوانگە ڕەسمییەکەیەوە ئێمە بە ناچاریی وەکو پارتێکی سیاسی مۆڵەتمان وەرگرتووە، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەکە، وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی کاردەکەین».

لە مانگی ئازاری (٢٠٠٩)دا، بزووتنەوەی گۆڕان وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خۆی ڕاگەیاندو لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) بۆ یەکەمجار بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کردو لە سەرەتای ئەمساڵیشدا داوای پێدانی مۆڵەتی ڕەسمیی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، ڕۆژی (٢٠١٠/٥/٣١) وەزارەتی ناوخۆ، مۆڵەتی ڕەسمیی بە بزووتنەوەکە دا.

چاودێرانی سیاسیو یاساناسان پێیانوایە، حیزبی کوردی ئەزموونێکی ناشیرینی پیشانداوەو پەیامەکەی خۆی لەبیرکردووەو نابێت گۆڕان هەمان ئەزموون دووبارەبکاتەوە.

زانا ڕەئوف، ئەوە دەخاتەڕوو، لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشەیەک لە نێوان بەکارهێنانی دەستەواژەی حیزب، یان بزووتنەوەدا نابینم، چونکە بەپێی یاسای حیزبەکان، هەر گرووپو لایەنو ڕێکخراوێک داوای مۆڵەت بکات، وەکو پارتی سیاسی مۆڵەتی پێدەدەرێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووی بابەتییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، ئەو تێبینییەی بزووتنەوەی گۆڕان کە لەسەر حیزب هەیەتی لە شوێنی خۆیدایە.

ڕاشیگەیاند: «کاری حیزبایەتی لە کوردستاندا ئەزموونێکی خراپو ناشیرینو شێوێنراوەو حیزبە کوردییەکان چوونەتە ناو سەرجەم وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکەوەو هەموو بوارەکانی ژیانیان داگیرکردووەو هەمیشە بارن بەسەرشانی کۆمەڵگەوە، پارتی سیاسی لە کوردستاندا سەرقاڵی بازرگانیکردننو پەیامەکەی خۆیان لەبیرکردووە».

سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، لەسەر ئەو بڕوایەن کە بزووتنەوەکەیان دەتوانێت خۆی ڕزگاربکات لە دەستەواژەی حیزبی سیاسیو ئەو نەریتە کۆنە بشکێنێتو دەیانەوێت گۆڕان ببێتە وێنەیەکی نوێی ژیانی حیزبایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

یوسف محەمەد، مامۆستای زانستی سیاسی، هاوڕایە لەگەڵ زانا ڕەئوفداو پێیوایە: لە قۆناغی ڕابردوودا، پارتی سیاسی وێنەیەکی ناشیرینی پیشانداوەو ڕێگەیەک بووە بۆ پارە پەیداکردنو سەیتەرەکردن بەسەر هەموو کایەیەکی ژیانی خەڵکی کوردستانداو بەپێی یاسا کاری نەکردووە، ئەمە وایکردووە کە پارتی سیاسی بێزراو بێتو بەو هۆیەشەوە باکگراوندێکی خراپ بۆ پارتی سیاسی لە لای خەڵک دروستبووە.

سەبارەت بە سووربوونی گۆڕان لەسەر وشەی «بزووتنەوە»و ڕەتکردنەوەی وشەی «حیزب» وتی: «گۆڕان نایەوێت پێگە جەماوەرییەکەی لەدەستبدات، بۆیە دەیەوێت وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی بناسرێت، نەک پارتێکی سیاسی».

ئەو چاودێرە سیاسییە بە پێویستی دەزانێت: گۆڕان لە چوارچێوەیەکی موئەسەساتی جیاواز لە پارتە سیاسییەکانی ئێستا خۆی ڕێکبخاتەوەو هەوڵبدات جیهانێکی دیموکراسی دروستبکات، چونکە تەنها ڕێگەی گۆڕان ئەوەیە، وەکو بزووتنەوەیەکی مۆدێرنو بە بەرنامەیەکی سەردەمییانەو جیاوازەوە کار بکات.

ماوەی (١٧)ساڵە یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراوەو بەڕای زانا ڕەئوف: «یاساکە، پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیەو تائێستاش یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوەو پارتە سیاسییەکان پابەند نەبوون بە یاساکەوە، یان دەکرێت یاسایەکی نوێ بۆ پارتە سیاسییەکان دەربکەین».



ئاپۆرەی جەماوەری لایەنگرانی گۆڕان

فۆتۆ: بەهادین یوسف

## لە ساڵێکدا چوار مانگ لە پشوودان

# سێ هەفتەی دیکە پەرلەمانتاران (٦٠) رۆژ پشوو وەردەگرن

راپۆرتی: چاوان عەلی

لەکاتێکدا (٣)هەفتەی دیکە پەرلەمانتاران، پێدەنێنە وەرزێکی دیکەی پشووی هاوینەوە، چاودێران رەخنە لە ئەدای پەرلەمان دەگرن کە تا دێت کاری پەرلەمان بەرەو سستی دەڕوات.

پەرلەمان لە (٩)مانگی رابردوودا تەنیا (٤)یاسای دەرکردووە، لەوانە (یاسای بودجەی(٢٠١٠)و یاسای دەستەی مافی مرۆڤو دەستەی پاراستنی ژینگەو دەستەی ناوچە جێناکۆکەکان)، لە کاتێکدا دەیان پڕۆژەیاسا هەن کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو لای حکومەت گیریانخواردووە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتاران لەساڵێکدا، چوارمانگ لەپشوودا دەبن: (١/١-٣/١) و ( /٧/١ - ٩/١) بەوپێیەش سێ هەفتەی داهاتوو، پەرلەمانتاران (٦٠)رۆژ دەچنە ناو پشووەوە.

### پەرلەمانێکی لاواز

پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو، حەمەسەعید حەمەعەلی، بەسەرسوڕمانەوە لە ئەدای پەرلەمانەکەی دەڕوانێتو دەڵێت: «لەم ماوەیەدا، کارەکانی پەرلەمان بە سستیو لاوازی بەڕێوەچوونو لە ماوەی (٩)مانگی رابردوودا، نەیتوانیوە وەک پێویست بە کارو ئەرکەکانی هەڵبسێت».

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: «ئەگەر کاری ئەم خولەی پەرلەمان، بەراورد بکەین بە کاری پەرلەمانی عێراق، تەنانەت بە کاری پەرلەمانی خولی رابردووش، ئەم پەرلەمانە سستو لاواز بووەو وەک پێویست رۆڵی نەبینیوەو دەیان پڕۆژەیاسا هەن کە تا ئێستا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ نەکراوە».

بەڵام، لەبەرامبەردا قادر حەسەن قادر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی (خاوەن ٥٩ کوسی) پێیوایە: «پەرلەمان، لە (٩)مانگی رابـردوودا هێندەی پێی کرابێت، کارەکانی ئەنجامداوەو کەمتەرخەم نەبووە».



پەرلەمانتاران لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەماندا
فۆتۆ: رۆژنامە

### «سەرۆکایەتی، کار بۆ لاوازکردنی پەرلەمان دەکات»

لەناو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێیوایە، سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە بەرنامە کار بۆ لاوازکردنی ئەم خولەی پەرلەمان دەکات.

عەبدوڵڵا مـەلا نـوری، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گـۆڕان، جەختی کردەوە کە سستیو لاوازیـی پەرلەمان لەماوەی رابـــردوودا، ناگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمانو پەرلەمانتاران بە کارێکی دیکەوە سەرقاڵ بووبن کە لە کاری پەرلەمانی گرنگتر بێت، بەڵکو بە بەرنامەو بە مەبەست لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کار بۆ لاوازکردنی پەرلەمانی ئەم خولە کراوە کە تێیایدا ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، گومانیشی هەیە کە سەرۆکایەتی بە تاکلایەنە ئەم کارە بکاتو دەڵێت: «گومانیش هەیە لەوەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەپشت سەرۆکایەتییەوە، یەکێتیو پارتی دەستیان لـەم لاوازکـردنـەدا هەبێت تا پەرلەمان کارا نەبێتو کەموکوڕییەکانی حکومەت دەربخات».

### بوونی ئۆپۆزسیۆن

هەندێک لە پەرلەمانتاران، کەمیی دەرکردنی یاساکان لەم خولەدا دەگەڕێننەوە بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆنو گفتوگۆی زۆر لەسەر پڕۆژەیاساکان، قـادر حەسەن پێیوابوو: ئەزموونی بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، ئەزموونێکی نوێیە بۆ هەرێمی کوردستانو راهێنانی دەسەڵاتیش بە بوونی ئۆپۆزسیۆنو بوونی گفتوگۆیەکی زۆرو بـەردەوام لەسەر خـاڵ بەخاڵی پڕۆژەیاساکان، رەنگە هۆکار بووبن بۆ ئەوەی کە پڕۆژەیاسای کەم لەم ماوەیەی کاری پەرلەماندا دەرچووبێت، هەروەک هیواداریـن، لە داهـاتـوودا ئۆپۆزسیۆن کاراتر بێتو ئەرکی خۆی لە چوارچێوەی کاری ئۆپۆزسیۆنیدا ببینێتو دەسەڵاتیش بە سنگێکی فراوانو بە شێوەیەکی ئیجابی تەماشای ئۆپۆزسیۆن بکاتو هەردوولا یەکتر قبوڵ بکەن.

### پەرلەمانێکی کارتۆنیی

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، لەو بڕوایەدان کە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە، زیان بە سیستمی سیاسیش دەگەیەنێتو ئەگەر دۆخەکە بەم ئاقارەدا بڕوات، ئەوا پەرلەمان دەبێتە پەرلەمانێکی کارتۆنیی، چونکە سەرەتاکەی دڵخۆشکەر نەبووە.

عەبدوڵڵای مەلا نـوری، نیگەرانیی خۆی پیشاندا لە سستی لیژنەکان، بە تایبەت لیژنەی نەزاهە کە نەیوێراوە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکانی گەندەڵیی بکاتو وەزیرێک بانگهێشتی پەرلەمان بکات، کە لەم کاتەدا بە دەیان بەڵگەنامەی گەندەڵیی لە راگەیاندنەکان بڵاوکراونەتەوە، هەربۆیە ئەو پەرلەمانتارە لە سەرۆکایەتی پـەرلـەمـانو سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمانو تەنانەت پەرلەمانتارانیش دەپرسێت، ئایا ئەم هەرێمەی ئێمە، لەماوەی ئەم (٩)مانگەدا هێندە بێکێشە بووە کە یەک وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان نەکرێت؟

### حکومەت بەرپرسە لە کەموکوورییەکان

لـەم خولەی پەرلەماندا، نزیکەی (٢٠)پـڕۆژەیـاسـا لە لای حکومەتنو تا ئێستا رەوانەی پەرلەمان نەکراونەتەوە، لەوانە، (٩)پڕۆژەیاسایان کە پابەندبوونی دارایـیـان تێدایەو پەرلەمان رەوانـەی حکومەتی کـردوونـەتـەوە تا لە رووی داراییەوە تێبینییەکانی بخاتەڕوو، لەگەڵ (١٠)پڕۆژەیاسای دیکە کە خوێندنەوەی یـەکـەمـیـان بـۆ کـــراوەو حـکـومـەت کێشاونیەتەوەو تـا ئێستا رەوانـــەی نەکردوونەتەوە.

لەمبارەیەوە، د. ئەحمەد وەرتـی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی، وتـی: «ئـەگـەر پەرلەمان لـەمـاوەی رابـــردوودا، تەنیا گفتوگۆی لـەسـەر ئـەو پـڕۆژەیـاسـایـانـەی لای حکومەتنو نەگەڕێنراوەنەتەوە، بکردایە، ئەوا ژمارەیەکی باش پڕۆژەیاسا بەڕێ دەکران».

## یاسای بەدەستهێنانی زانیاریی پشتگوێخراوە

# دەزگا هەستیارەکانی هەرێم وتەبێژیان نییە



راپۆتی: بەرهەم خالید

زۆرێــــک لـە وەزارەتو دەزگـا حکومییەکان وتەبێژی رەسمییان نییەو ئـەوەش گرفتی بۆ رۆژنامەنووسان دروستکردووەو بە ناچاریی پشت بە سەرچاوە تایبەتەکانی خۆیان دەبەستن.

رۆژنـامـەنـووسـانـی کوردستان نـەبـوونـی وتـەبـێـژی رەسـمـیـی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بە گرفتی بەردەم کارەکەیان دەزاننو داوا دەکەن پەرلەمان کار لەسەر پڕۆژەیاسای مافی پێدانی زانیاریی بە رۆژنامەنووسان بکات.

ئـارا ئیبراهیم، رۆژنـامـەنـووس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم رۆژنامەنووسانی کـوردسـتـان، نەبوونی سـەرچـاوەی زانیارییە، چونکە زۆرێک لە وەزارەتو دامودەزگاکانی حکومەتو حیزبەکان وتـەبـێـژیـان نییەو کەسێکیان نییە لەسەر رووداوەکـــان داتـاو زانیاریی بداتە رۆژنامەنووسان بۆ کارکردن لە سەریان.

ئارا کە بەرپرسی بەشی پەیامنێرانی رۆژنـــامـــەی هـاوڵاتـیـیـە، بـاس لـەوە دەکـــات، کە رۆژانـــەو لە کاتی کاری رۆژنامەنووسییاندا گرفتی وەرگرتنی زانیارییان بۆ دروستدەبێتو زۆرجار بەرپرسانی باڵای حکومیی پێیاندەڵێن کە بۆیان نییە لێدوان لەسەر ئەو بابەتانە بدەنو دواتریش دەزگاکانی حکومەت بە لایەنگیرییو نەبوونی باڵانس لە راپۆرتەکاندا تۆمەتباریان دەکـەنو بە روونکردنەوە وەڵامیان دەدەنـەوە، «لەکاتێکدا پێشتر خۆیان ئامادەنین لێدوان بدەن».

لە ئێستادا هەریەکە لە سەرۆکایەتی هـەرێـمو وەزارەتـەکـانـی دارایـیو سەرچاوە سروشتییەکانو دەزگاکانی پاراستنو زانیارییو دژە تیرۆرو چەندین دامودەزگای دیکە وتەبێژی رەسمییان نییەو ئەوەش گرفتی بۆ رۆژنامەنووسان دروستکردووە، کە نەتوانن زانیاریی راســتو دروســت لـەو شوێنانەوە بەدەستبهێنن بەمەبەستی ئەنجامدانی کارە رۆژنامەوانییەکانیان.

د.کـامـەران مـەنـتـک، چـاودێـری سیاسییو مامۆستای زانکۆ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: تائێستا حکومەتی هەرێم سیمای یەکگرتوویی پێوە دیار نییە، بۆ نموونە ئاسایش یەکگرتوو نییەو دەزگاکانی پاراستنو زانیاریی بە جیا کاردەکەنو زانیارییەکانیان بەنهێنی هێشتووەتەوە، ئـەوەش رەنگدانەوەی بیری حیزبەکانی دەسەڵاتە کە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە شەفافیەی بتوانن زانیارییەکان بەشێوەیەک ئاشکرا بکەن کە رۆژنامەنووسان کاری لەسـەر بکەن.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ وتیشی: «ئەگەر حکومەت ببێتە سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکان، ئـەوا کێشە لەنێوان میدیاو دەسەڵاتدا دروست نابێت، بۆیە ئەگەر حکومەتو دامودەزگاکان زانیاریی نـەدەنـە رۆژنامەنووسان، ئەوا خوێندنەوەو تەفسیری جیاواز بۆ رووداوەکـــان دەکرێتو لەو کاتەشدا لێکتێنەگەشتنو کێشە لەنێوانیاندا روودەدات».

عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە: نەبوونی وتەبێژی رەسمیی لە زۆرێک لەو وەزارەتو دەزگایانەدا بە مەبەستەو بۆ ئەوەیە پەردەپۆشی ئەو کەموکورتیانە بکات کە لەو دەزگایانەدا هەیە، «ئەگەرنا من لە حکومەت دەپرسم ترس چییە لەسەر وەزارەتـەکـان کە بە شەفافی داتاو زانیاریی بدەنە رۆژنامەنووسان، شاردنەوەی زانیارییش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەسەڵات نایەوێت شەفافیەت لە چوارچێوەی یاسادا رێکبخاتو رێگە بە راگەیاندن بدات کە بە رۆڵی راستەقینەی خۆی هەستێت، هەروەها مەبەستیانە میدیا لە ئەرکی خۆی دووربخەنەوە، چونکە زانیاریی پێنادەنو بـەوەش هەندێکجار دەکەونە هەڵەوەو ئەوانیش بە روونکردنەوە وەڵامیان دەدەنەوە».

زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـەن: دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان ترسی لە ئاشکراکردنی زانیارییەکان هـەیـەو بـە مەترسیی دەزانێت رۆژنامەنووسانو هاوڵاتییان لە کارەکانی حکومەت ئاگاداربن.

د.کامەران مەنتک دەڵێت: «دەسەڵاتی کوردی ترسی هەیە لەوەی بڵاوکردنەوەی هەندێک زانیاریی مەترسیی لەسەر کەمکردنەوەی پێگەی جەماوەریی ئەو حیزبانەو دەسەڵاتیان دروستبکات».

هەروەها ئـارا ئیبراهیم، بە باشی دەزانـێـت کە بە یاسا وەزارەتـەکـان پەیوەست بکرێن بـەوەی زانیارییو لـێـدوان بـدەن بە رۆژنـامـەنـوسـان، «ئـەوەش ئاماژەیەکی باش دەبێت بۆ شەفافبوونیان، هەروەها راستییەکان بۆ خەڵکو رای گشتیش ئاشکرا دەبن».

لە ئێستادا بوونی یاسای پێدانی زانیاریی بە رۆژنامەنووسان بە گرنگ دەزانرێت لەپێناو گەیشتنی زانیاریی راســت بـە هـاوڵاتـیـیـان لـە رێـگـەی میدیاکانەوە، چونکە پێویستە خەڵک ئاگاداری هەواڵی دەزگاو وەزارەتەکانی حکومەت بێت.

بــەڵام عــەبــدوڵــڵا مــەلا نــوری، پەرلەمانتار گومانی هەیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان پڕۆژەیاسای پێدانی زانیاریی بکاتە بەرنامەی کارەکانیەوەو دەڵێت: «سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆ خۆی کار لەسەر ئەوە دەکات کە کۆتو لەمپەر لەبەردەم رۆژنامەنووساندا دروست بکات لە گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەماندا».

# سەرۆکایەتی پەرلەمان کەوتە ململانێی ئۆپۆزسیۆن

ڕاپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هێرشی توند دەکاتە سەر فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەکاردانەوەی بڕیارێکی فراکسیۆنی گۆڕاندا کە کڕینی ئۆتۆمبیلیان بۆ پەرلەمانتاران ڕەتکردەوە.

ڕەتکردنەوەی پارەی ئۆتۆمبێل لەلایەن گەورەترین کوتلەی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانەوە (گۆڕان خاوەن ٢٥ کورسی)، لە هەفتەی ڕابردوو جۆرێک لە ئیحراجی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لیستی دەسەڵات (فراکسیۆنی کوردستانیی خاوەن ٥٩ کورسی) دروستکرد.

هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە وەک لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاندووە: «ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بەشێک نییە لە (مافی تایبەت)ی پەرلەمانتاران، بەڵکو بەشێکە لە مافی گشتیی هاوڵاتییانی کوردستان‌و جۆرێکە لە بەکارهێنانی سامانی گشتیی هەرێم».

ڕۆژی (٤)ی ئەم مانگە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو تەرخانکردنی ئەو پارەیە بەکارێکی ئاسایی دادەنێت، تێیدا هاتووە: «ئەندامی پەرلەمان هاتوچۆی زۆرەو پێویستی بەوە هەیە وەسیلەی گواستنەوەی بۆ دابینبکرێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە بودجەی هەرێم - بودجەی پەرلەمان دیاریکراوەو لە بودجەی پەرلەمانیش بودجەیەک بۆ ئەم مەبەستە دیاریکرا، بۆئەوەی چارەسەری کێشەی ئۆتۆمبێل بکات، ئەم کارە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی پەرلەمانتار نییە، بە پلەیەک بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پەرلەمانەو بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە، چونکە پەرلەمانتار بەهانەی ئەوەی نامێنێت، کە وەسیلەی گواستنەوەی بۆ سەردانیکردنی ناوچەکان نییەو هاوکارییەکە بۆ پەرلەمانتار باشترو ئاسانتر سەردانی تەواوی ناوچەکان بکات».

سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ڕوونکردنەوەکەیدا هێرشدەکاتە سەر فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن‌و دەڵێت: «ماوەیەکە هەندێک فراکسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە دژایەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و پەرلەمانتارەکان دەکەن، بە بەهانەی ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بەهەدەر دەدرێت‌و هەوڵدەدەن بە هەڵە جەماوەری سەربەرزی خەڵکی کوردستان تێبگەیەنن، هەروەها خۆیان لە قەرەی زۆر بابەتی تر دەدەن، کە نامەسئولیەت‌و ناهەقیی تێدایە».

لەلای خۆیەوە د.زانا ڕەئوف، لە فراکسیۆنی گۆڕان بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو ڕوونکردنەوەیەو دەڵێت: «هەندێک دەستەواژەی تێدایە دوورن لە ڕاستییەوە، خۆزگە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە بەڵگەوە بیسەلماندایە، کە ئێمە دژایەتییان دەکەین، لەکاتێکدا لە دانیشتنە ڕەسمییەکاندا بەشێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکەن، بەڵام لە ڕوونکردنەوەکانیدا بەشێوەیەکی تر قسە دەکەن، ئەم ڕوونکردنەوەیەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵەیەک بوو بە مەبەستی ساغکردنەوەی بارێک، کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە، ڕوونکردنەوەکەش پاساوهێنانەوەیە بۆ ڕەوایەتیدان بەو کارەو دوورە لە مەسئولیەت‌و دەبێتە هۆکار بۆ تێکدانی گیانی کارکردنی پێکەوەیی».

وتیشی: سەرۆکایەتی پەرلەمان بە نووسراو داوای لە ئێمە کردووە، ڕای خۆمان لەسەر ئەو مەسەلەیە بڵێین، ئێمەش بە نووسراو وەڵاممان داوەتەوە، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی لە ڕاستییەکان دەدزێتەوە، لێرەدا ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەو دووفاقییەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، پارە وەرنەگریت عەیبەیە، یان وەریبگریت؟!، ئێمە دەڵێین: ئەو پارەیە هی خۆمان نییەو هی میللەتەو وەریناگرین، کەچی لە بەرامبەردا هێرشمان دەکرێتەسەر، بە بڕوای ئێمە ئەو کارە بەهەدەردانی سامانی گشتیی وڵاتەو پەرلەمانتار پێویستی بەو پارەیە نییەو مووچەکەی ئەوەندە زۆرە، کە بەشی هەموو پێداویستییەکانی دەکات.

هەروەک د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (گۆڕان) ڕایگەیاند: سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیەوێت ئەو پارەیە بەهەدەر بدرێت لە بەرژەوەندیی ئەندامانی پەرلەمان، کە خاوەنی مووچەیەکی زۆرو قەبەن، بەوەش سەرۆکایەتی پەرلەمان شەرعەیەتدەدات بە بەهەدەردانی سامانی گشتیی، ئەوەی لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە پاساوەو جۆرێکە لە ڕەوایەتیدان بەو کارە.

وتیشی: «لەبەرئەوەی ئێمە ئەو پارەیە وەرناگرین‌و بەپێی فەلسەفەی سیاسیی ئەوان کارناکەین، بۆیە تۆمەت دەخەنە پاڵمان‌و هێرشدەکەنە سەرمان».

هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا، ڕەخنەلەفراکسۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ دەگرێت‌و تیایدا هاتووە: «هەندێک لایەنی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی لە دانیشتنەکاندا دەیانویست ئۆتۆمبێل مولکی تایبەتی بێت، چونکە وەک دەیانوت، لەو کاتەی کە موڵکی پەرلەمان بوو، کاری تایبەتی پێ ئەنجامدرا، ئەوە حەرامە، کەچی ئێستا بە زمانێکی تر لە ڕاگەیاندنەکاندا قسەدەکەن‌و خۆیان کردووەتە دەمڕاست‌و پارێزەری سەروەت‌و سامانی میللەت».

لە بەشێکی تری ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا ئاماژە بەوەکراوە: «ئەو بڕەپارەیەی کە تەرخانکرا، ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لێی ئاگاداربوون‌و لەناو هۆڵی پەرلەماندا لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی پەرلەمانی کوردستان بە بەڵێ دەنگیان بۆ داو پەسەندیانکرد».

بەڵام بە وتەی زانا ڕەئوف: «سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەڵەداچووە وەک لەوەی بەپێی ڕوونکردنەوەکە ئێمە دەنگمان بە بودجەی ئەمساڵی هەرێم‌و بودجەی پەرلەمان داوە، ئێمە بودجەمان پەسەند نەکردووەو خۆیان پەسەندیانکردووە».



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان
فۆتۆ: ئەرشیف

# ئۆپۆزسیۆن، داوای ڕەوانەکردنی حساباتی کۆتایی بودجەی (٢٠٠٩) دەکات

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، لە یاداشتێکدا داوای ڕەوانەکردنی حساباتی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) دەکەن.

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەیەکی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠) کە هاتووە: «پێویستە تا (٢٠١٠/٤/١٥) حساباتی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) بگاتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تا ئێستا حکومەت ئەو حساباتی کۆتاییەی ڕەوانەی پەرلەمان نەکردووە».

هاوکات، هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستان، لە یاداشتێکدا داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەن کە بە زووترین کات حساباتی کۆتایی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم (پەرلەمان، حکومەت، ئەنجومەنی دادوەریی) ئاڕاستەی پەرلەمان بکرێن، تا پەرلەمان ئاگاداری چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی ئەو سێ سەرۆکایەتییە بێت.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد: «لەهەرێمی کوردستان بووەتە نەریت کە هیچ دامودەزگاو دامەزراوەیەک پابەند نابێت بە یاساوەو لەکاتی خۆیدا کارەکانی جێبەجێ ناکات، دواکەوتنی ئەو حساباتی کۆتاییەش هەر لە چوارچێوەیەدایەو وەزارەتی دارایی بەرپرسە لە دواکەوتنەکەی».

ئەو پەرلەمانتارە کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاساییشە، جەختی لەسەر گرنگیی ڕەوانەکردنی حساباتی کۆتایی بۆ پەرلەمان کردەوەو پێیوابوو: بودجەیەکی خەیاڵی بۆ ئەو سەرۆکایەتییانە دابیندەکرێت، پێویستە بزانرێت‌و بەرچاوڕوونییەک هەبێت سەبارەت بە چۆنێتیی سەرفکردنی بودجەکە، تا ڕێگەش بگیرێت لە گەندەڵی دارایی‌و بەفیڕۆدانی سەروەت‌و سامانی میللەت.

هەرچەندە ماوەی یاسایی ڕەوانەکردنی حساباتی کۆتایی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ کۆتایی پێهاتووە، بەڵام تائێستا حکومەت حساباتی کۆتایی نەناردۆتە پەرلەمان.

عیزەت مەلا عەلی، سەرۆکی فەرمانگەی دارایی‌و ئیداریی ئەنجومەنی وەزیران، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوە کردەوە: حساباتی کۆتایی گەیشتووەتە حکومەت‌و بەم نزیکان ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت.

دواکەوتنی ڕەوانەکردنی حساباتی کۆتایی بۆ پەرلەمان کەموکورتی دروست دەکات، چونکە تەنیا (٣)هەفتەی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا ماوەو لە مانگی تەمموزو ئابی داهاتوودا پشووی پەرلەمان دەستپێدەکات‌و دوای پشووش، پێویستە بودجەی ساڵی (٢٠١١) ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت.

دواکەوتنی بودجەو حساباتی کۆتایی‌و چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی ساڵی ڕابردوو، وایان کردووە، پەرلەمانتاران گومانیان هەبێت کە لەم مانگەدا حساباتی کۆتایی ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

لەوبارەیەوە، ئارام قادر ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «ئەگەر ئەو حساباتانە ڕەوانەی پەرلەمان نەکران، یان لەمە زیاتر دواکەوتن، ئەوا لە ڕێی لیژنەکانی پەرلەمانەوە وەزیری دارایی‌و ئابووری بانگهێشتی پەرلەمان دەکەین بە مەبەستی زانینی هۆکاری نەناردنی ئەو حساباتانە، ئەگەر هات‌و بەوەش هەر حساباتەکان نەهاتنە پەرلەمان، ئەوا ئەو کاتە وەزیری دارایی بە مەبەستی لێپرسینەوە (استجواب) بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان دەکەین».

هەرچەندە حساباتی کۆتایی بودجەی(٢٠٠٩) لەلایەن حکومەتەوە دواکەوتووە کە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام پەرلەمانیش تا ئێستا حساباتی کۆتایی بودجەی (٢٠٠٩)ی خۆی، بۆ پەرلەمانتاران نەخستووەتەڕوو کە بودجەکەی (٥٩)ملیارو (٨٣٨)ملیۆن دینار بووە، بە وتەی پەرلەمانتاران، پێویست بوو لە دەرەوەی حساباتی کۆتایی حکومەت، پەرلەمان حساباتی کۆتایی‌و چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەکەی بۆ پەرلەمانتاران ڕوونبکردایەتەوە.



هیچ ساڵێک حکومەت حساباتی کۆتایی خەرجییەکانی نەناردووە بۆ پەرلەمان
فۆتۆ: ئەرشیف

# دانوستاندنی کوردو عەرەب لە موسڵ، ناکەوێتە سەر راستەڕێ

راپۆرتی: بەهادین یوسف

لەکاتی سەردانیکردنی پارێزگاری موسڵ بۆ ناحیەی زوماری ژێر دەسەڵاتی کورد، رووبەڕووی خۆپیشاندانی دانیشتووانەکەی بووەوە، لەکاتێکدا لە دانوستاندا بوو لەگەڵ نوێنەرانی کورددا.

رووبەڕووبوونەوەی پارێزگاری موسڵ بۆ دووەمجار لەلایەن دانیشتووانی ناوچە کوردنشینەکانەوە کە پێشتریش لە (٢/٣)دا رووبەڕووی خۆپیشاندانی دانیشتووانی قەزای تلکێف بووەوە، درێژکراوەی ئەو کێشەو گرفتانەیە کە لەنێوان لیستی حەدبای دەسەڵاتداری موسڵو لیستی برایەتی نەینەوادا هەیە.

دوای ساڵێک لە کێشەو ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوو لیستدا، رۆژی (١٥)ی ئایاری رابردوو، هەردوو لیست بەسەرپەرشتیی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان، زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان لەسەر ئاستی باڵا ئەنجامداو چوار لیژنە لەنێوان هەردوو لیستەکەو حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغدادا بە سەرپەرشتیو بەشداریی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهێنران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

دەرمان خەتاریی، وتەبێژی لیستی برایەتیی نەینەوا بە رۆژنامەی راگەیاند: «چوارلیژنە پێکهاتوون، لیژنەی سیاسیی کە لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغداو نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداریی نوێنەرانی لیستی حەدباو برایەتیو لیژنەکانی (دابەشکردنی پۆستەکان)و (گیراوەکان) و (کەمینەکان)و بەردەوامن لە گفتوگۆو هەنگاوی باشیان بڕیوە».

ئاماژەی بەوەشکرد: گفتوگۆو دانوستاندنەکانی لیژنە سیاسییەکە کە تایبەتە بە پێشمەرگەو ئاسایشو سنووری ئیداریی



ژمارەیەک ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا

پارێزگای موسڵ، کاریگەریی راستەوخۆی هەیە بۆ سەر ئەنجامی سێ لیژنەکەی دیکەو هەنگاوەکان خێراتر دەبن.

ئەمە لەکاتێکدایە کە هەفتەی رابردوو، عیسام عایدی ئەندامی لیستی حەدبا رایگەیاندبوو، لەگەڵ لیستی برایەتی نەگەیشتوونەتە هیچ رێکەوتنێکو پێدانی پۆستی سیادیی بە لیستی برایەتی نەینەوا، پەیوەندیی هەیە بەکشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە پارێزگاکەدا، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ خەسرەو گۆرانی سەرۆکی لیستی برایەتی کە پێشتر رایگەیاندبوو، پێدانی پۆستی سیادییو ئیداریی، پەیوەندیی بە کشانەوەی پێشمەرگەوە نییە.

هەر سەبارەت بە کشانەوەی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگاکە، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا رایگەیاند: «ئەو مەسەلەیە تەنیا لە راگەیاندنەکاندا دەبیسترێتو کێشەی پێشمەرگەو ئاسایشو سنووری پارێزگای موسڵ کاری لیژنە سیاسییە باڵاکەیەو دەسەڵات لای ئەوانە کە چۆن بڕیار لەو مەسەلەیە دەدەن».

کێشەکانی نێوان لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتی ئەسیل نوجێفی کە (١٩) کورسیی ئەنجومەنەکەیان لە کۆی (٣٧) کورسی لەهەڵبژاردنی سەرەتای ساڵی رابردووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەدەستهێنا، لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوا، براوەی دووەمو خاوەنی (١٢)کورسی، لەوکاتەوە سەریانهەڵدا کە دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی ئەو هەڵبژاردنە، لەمانگی نیسانی (٢٠٠٩) لیستی حەدبا بە تەنیا حکومەتی خۆجێیی موسڵی پێکهێناو سەرجەم پۆستەکانی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکانیانو سەرۆکی لیژنەکانیان بۆ لیستەکەی خۆیان بردو بەوهۆیەشەوە لیستی برایەتی، بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکەی کردو هاوکات لەگەڵ ئەواندا (١٦)یەکەی ئیداریی زۆرینە کورد، بایکۆتی ئیدارەی نوێی موسڵیان کردووە کە گرنگترینیان (قەزاکانی شەنگالو تلکێفو تەلەعفەرو شێخانو مەخمورو حەمدانییە)ن.

بەهۆی سەرکەوتنی لیستی عێراقییەی نزیک لە لیستی حەدبای موسڵ لە هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو لێکنزیکبوونەوەیان لە لیستە کوردستانییەکان بۆ بەستنی هاوپەیمانێتیو پێکهێنانی حکومەتی نوێ، چەند خولێکی دانوستاندن لەنێوان هەردوو لیستی برایەتیو حەدبادا ئەنجامدراوە، سەرەتا لە بەغداو دواتر لە ئەستەنبوڵو پاشان لە هەولێرو موسڵ بە سەرپەرشتیو بەشداریی راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکانو تا ئێستاش لیژنە پێکهێنراوەکانی نێوانیان بەردەوامن لەگفتوگۆ بەبێ گەیشتنە هیچ ئەنجامێکی کۆتایی.

هەرچەندە ئەسیل نوجێفی، سەرۆکی لیستی حەدباو پارێزگاری موسڵ، دانوستاندنەکانی بە سەرکەوتوو و بە بەرهەم ناوبردو رایگەیاند: هەنگاوی گرنگیان بڕیوە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام ئاماژەی بەوەدا: «لیستەکەمان رازی نابێت بە هیچ پۆستێکی داواکراو لەلایەن برایەتییەوە تا داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێ نەکرێن کە لە چوار تەوەر پێکهاتوونو گرنگترینیان ئازادکردنی سەرجەم دەستگیرکراوە عەرەبەکانی زیندانەکانی هەرێمی کوردستانە».

هەر لەوبارەیەوە، ئاد میلکەرتی نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، کە سەرپەرشتی راستەوخۆی دانوستاندنەکانی هەردوو لیستەکە دەکات، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: «نوێنەرانی هەردوو لیست رێکەوتوون لەسەر میکانزمی چارەسەرکردنی دۆسیەی دەستگیرکراوە عەرەبەکانی پارێزگاکە لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستانو کێشەکانی نێوان هەردوولاش لەسەر رێی چارەسەرکردنن».

بە رای چاودێرانی بارودۆخی عێراقیش، ئەگەری نزیکبوونەوەی لیستی عێراقییەی نزیک لە حەدباو لیستە کوردستانییەکان بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانێتیو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، کاریگەریی دەبێت لەسەر نزیکبوونەوە، یان دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی نێوان کوردو عەرەب لە موسڵ.

لەوبارەیەوە، دەرمان خەتاریی، وتەبێژی رەسمیی لیستی برایەتی نەینەوا، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لیستی عێراقییە، چەند ئومێدی هەبێت بەپێکهێنان، یان بەشداریکردنی حکومەتی داهاتووی عێراق، پاڵنەرەکان زیاتردەبن بۆ ئەوەی لیستی حەدبا نەرمیی بنوێنێت بۆ رێککەوتن لەسەر کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمو لیستی برایەتی نەینەوادا».

# یەکخستنەوەی دوو بەشی زیندانییە سیاسییەکان، کێشە دەنێتەوە

پ. کەرکوک

دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی عێراق بڕیاری یەکخستنەوەی دوو بەشی ئەو دەزگایە دەردەکات لە کەرکوکو بەشێکیان بڕیارەکە رەتدەکەنەوە.

بە بڕیاری ژمارە (٣٧٩٤) لە رۆژی (٢٠١٠/٥/٣١)دا دەزگای گشتیی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق، کە ئیمزای جاسم محەمەد، وەزیری وەرزشو لاوانو سەرۆکی دەزگاکەی بە وەکالەت لەسەرە، بڕیاریداوە بەشی دووی دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی کەرکوک بخرێتە سەر بەشی یەکو بەڕێوەبەری بەشی دووش بڕیارەکە رەتدەکاتەوەو بە لێدان لە بەرژەوەندیی کوردی دەزانێت.

لەوبارەیەوە نورەدین وەلی، بەڕێوەبەری بەشی دووی زیندانییە سیاسییەکانی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیارەکە سیاسییەو لەلایەن جاسم محەمەد، کە تورکمانی شیعەیە دەرکراوەو ئامانجیش لێی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کوردو لە بەرژەوەندیدانیەتی لەو دەزگایە، چونکە تێکەڵکردنی دوو دەزگا بەو ئاسانییەو فەرمانێکی ئیداریی نابێت، بەتایبەت کەسێک دەریبکات خۆی بە وەکالەت سەرۆک بێت»، نورەدین وەلی ئاماژەی بەوەشدا: بەشەکەی ئەوان زیاتر لە (١٠) هەزار زیندانی سیاسیی هەیە لەسەرجەم پارتە کوردستانییەکانو بەرەی تورکمانیو عەرەبی سوننە کە لە هەیکەلی ئیداریشدا نوێنەرایەتییەکی تێکەڵە، بەڵام بەشی یەک، تەنیا تورکمانو عەرەبی شیعەی سەر بە حیزبی دەعوەنو ژمارەی زیندانییەکانیشیان نیوەی زیندانییانی بەشی دوو نابن، وتیشی: «ئیدارەی کەرکوکو سەرکردایەتی سەرجەم حیزبە کوردستانییەکانمان لەو بڕیارە ئاگادارکردووەتەوەو ئەگەر بڕیارەکە هەڵنەوەشێتەوە، هەڵوێستمان دەبێت».

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە دوو دەزگای زیندانییە سیاسییەکان کاروباری زیندانییانی سیاسیی لە کەرکوک بەڕێوەدەبەن، لە رابردووشدا چەند هەوڵێک هەبوو بۆ یەکخستنەوەیان، بەڵام بێئاکام بوون.

# بە (٥) ساڵ (٥٪)ی کێشەی موڵکداریی کەرکوک چارەسەرکراوە

کەرکوک: ئارام جەمال

زیاتر لە دوو ملیۆن دۆنم زەویی کشتوکاڵیی کەرکوک، کێشەی موڵکایەتییان لەسەرەو پێدەچێت کێشەکانیان تا (١٢)ساڵی دیکە درێژببنەوە.

لەسەردەمی رژێمی پێشوودا بە (٥) بڕیارو قۆناغ، (سەرکردایەتی شۆڕشی حیزبی بەعس)ی هەڵوەشاوە، زیاتر لە دوو ملیۆن دۆنم زەویی کشتوکاڵیی لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا لە خاوەنە رەسەنەکانیان لە کوردو تورکمان سەندووەتەوە، بە ناوی وەزارەتە جیاوازەکانی ئەو کاتەی حکومەتی عێراقەوە تۆمارکراونو دواتریش ئەو زەوییانەی بەشێوازی گرێبەست بەو عەرەبانە داوە کە بە مەبەستی تەعریب لە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوورەوە هاوردەی کەرکوک کراون.

ئازاد جەباری، جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی سنووری پارێزگای کەرکوکەوە، لە سەردەمی رژێمی بەعسداو هێنانی بەلێشاوی عەرەبو پاشان سەندنەوەی موڵکو زەویی کشتوکاڵی جوتیارانی کوردو تورکمان، زیاتر لە دووملیۆن دۆنم زەویی کشتوکاڵیی لە کەرکوک کێشەی موڵکایەتییان لەسەرەو لەوسەردەمەدا بە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشی حیزبی بەعس، ئەو زەوییانە زەوتکراونو دراون بەعەرەبی هاوردە»،

جەباری وتیشی: «ژمارەی ئەو گرێبەستانەی لەسەر ئەو زەوییانە لەگەڵ عەرەبە هاوردەکاندا ئیمزاکراون، زیاتر لە (٥)هەزار گرێبەستنو لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە تا ئێستا، کەمتر لە رێژەی (٥٪)یان چارەسەرکراونو ئەگەر بەو شێوەیە بێت، زیاتر لە (١٢)ساڵی دیکە پێویستە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە».

لەئێستادا، تێکرای ئەو زەوییانە بەدەست خاوەنە ئەسڵییەکانیانەوەن، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن سوود لەسلفەی کشتوکاڵی ببینن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە رووی یاساییەوە کێشەکان چارەسەر نەکراون.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکوکیش رایدەگەیەنێت: تا کاتی یەکلاییکردنەوەی یاسایی ئەو کێشانە، بەشێوازی گرێبەستی کاتی چارەسەرێکی سەرەتاییان بۆ دەکرێت.

مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی بڕگەی (٤) لە مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە سەرجەم ئەو گرێبەستانەی حیزبی بەعس لەگەڵ جوتیارە هاوردەکاندا کردبوونی، هەڵوەشاونەتەوەو زەوییەکانیشیان پێ چۆڵکراوە، بەڵام لایەنی یاسایی ئەو گرێبەستانەو کردنەوەیان بەناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیانەوە، یان دەبێت لە رێگای بڕیارێکی گشتگیری پەرلەمانی عێراقەوە بێت، یاخود لە رێگای دەستەی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکانەوە بێت».

موبارەک، رەخنەی لە سستیی کارەکانی دەستەی چارەسەری موڵکداری گرتو رایگەیاند: «گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کردووەو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا گرێبەستی کاتی بۆ خاوەنە ئەسڵییەکانی زەوییەکان ئامادەبکەین، تا یەکلاییکردنەوەی تەواوەتییان لەلایەن دەستەی چارەسەری موڵکدارییەوە، بۆئەوەی جوتیاران بتوانن بەو گرێبەستە کاتییانە سوود لە سلفەی کشتوکاڵی وەربگرن».

ئەم وتەیە لەکاتێکدایە کە جوتیارانی کەرکوک ماوەی حەوت ساڵە نەیانتوانیوە سوود لە قەرزو سلفەی حکومەت وەربگرن، تەنانەت لە کاتی دروێنەو وەرگرتنەوەی بەروبوومی جوتیاریشدا تووشی چەندین گرفت دەبنەوە.

سەرەڕای کێشە سیاسییەکانی، کۆسپی بەردەم ئیدارەی کەرکوک لەئێستادا، کێشەی موڵکایەتی زەوییەو تەنانەت ئەم کێشەیە لەبەردەم وەبەرهێنانو گەشەپێدانی ئابووریو ئاوەدانکردنەوەی کەرکوکدا گرفتی سەرەکییە.

فەلاح عەبدولرەحمان، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرەڕای دواکەوتنی یاسای وەبەرهێنان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆسپێکی دیکەی بەردەم وەبەرهێنەرانو کۆمپانیاو خاوەن کارەکان، کێشەی نەبوونی زەوییە، چونکە بەشی زۆری ئەو زەوییانەی کە ئێستا هەن، کێشەی موڵکایەتییان لەسەرەو وەبەرهێن ئامادە نییە سەرمایەی خۆی تێدا بەگەڕبخات».



## وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق بۆ رۆژنامە:

# بەرگریکردنمان لە سنوورەکانی هەرێم پێویستی بە بڕیاری حکومەتو پەرلەمانە



کاروان عومەر

وتەبێژی وەزارەتـــی بەرگریی عێراق ئاماژە بەوە دەکات: وەزارەتەکەی بەرپرسە لە بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستانو بـەشـداریـکـردنـی سـوپـای عـێـراقـیـش لە بەرگریکردن لە هەرێمدا پێویستی بە پێشنیازی سەرۆک وەزیـرانو رەزامەندیی پەرلەمانی عێراق هەیە.

محەمەد عەسکەری، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق، ئاماژەی بەوەشدا: پرسی تۆپبارانکردنی سنوورەکان لە ئێستادا لەدەست وەزارەتی دەرەوەدایـەو وەزارەتی بەرگریی دەست لەو پرسە وەرنادات.

دوابـەدوای تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانو بەزاندنی ئەو سنوورە بە قـوولایـی چەند کلیۆمەترێک لەلایەن سوپای ئێرانەوە پرسیاری ئەوە دەکرێت، کە کێ بەرپرسە لە بەرگریکردن لە هەرێم لەم لەشکرکێشیو بۆردومانەدا؟ لەکاتێکدا کە پێشمەرگە بە بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراق لە قەڵەم دەدرێت، بەرپرسانی هەرێم مافی بەرگریکردن دەدەنـە سوپای عێراقو لەهەمانکاتیشدا هێزی پاسەوانی سنوور لە هەرێم هەیە، کە ئەو رۆڵەیان پێ بەخشراوە.

محەمەد عەسکەری، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وەزارەتەکەی بەرپرسە لە پاراستنی هەرێمی کوردستانو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەوپێیەی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی سەرجەم پارێزگاکانی دیکە بەشێکە لە عێراقو ئەرکی پارستنی خاکی ئەو ناوچەیە لە ئەستۆی سوپای عێراقدایە».

هاوکات هەندێکی دیکە پێیانوایە: رێنەدانی هەرێم بە هاتنە نـاوەوەی سوپای عێراق رێگر دەبێت لە بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو سوپایەوە، بەڵام محەمەد عەسکەری، پێیوایە: پاراستنی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگیی دەبێت لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە «هێزی پیشمەرگە بەپێی دەستوور هێزێکی رەسمییەو بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراقی».

وتەبێژی وەزارەتـــی بەرگریی عێراق بەشداریکردنی سوپای عێراقیش لە پاراستنی هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە چەند رێوشوێنو ئالیەتێکی ئیداریی قورسەوەو دەڵێت: «بڕیاری بەشداریکردنی سوپای عێراق لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە پێشنیازدەکرێتو دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، تا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

ئەگەرچی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تـۆپـبـارانـکـردنو لەشکرکێشیی سوپای ئێرانو تورکیا بۆ ناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان چەندینجار دووبـارەبـووەوەو رێـگـەچـارەی دبلۆماسی رێـی لێنەگرتو وەزارەتی دەرەوە جگەلە ئیدانەکردن رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە، هاوکات عەسکەری جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە هێشتا تۆپەکە لە گۆڕەپانی دبلۆماسیەتی وەزارەتی دەرەوەدایەو گەشبینیشە بە هەوڵەکانی ئەو وەزارەتـە بۆ راگرتنی تۆپبارانەکانی ئێرانو وتیشی: «ئەو کێشەیە لەڕێگەی دبلۆماسییەوە چارەسەر دەکـرێـتو وەزارەتـــی دەرەوەی عێراق لە توانایدایە ئـەو کێشەیە چارەسەربکاتو لەئێستادا هیچ بیرۆکەیەک نییە کە وەزارەتی بەرگریی دەستێوەردان لەو پرسە بکات، چونکە لەئێستادا ئەو پرسە پەیوەندیی بە وەزارەتی دەرەوە هەیە».

## ئێران (٢) کیلۆمەتر سنوور دەبەزێنێت

# هێـــزەکـــانـی پـاسـەوانـی سـنـوور پـــاشـەکـشـە دەکـــەن

راپۆرتی: چاوان عەلی

هێزەکانی پاسەوانی سنوور، لەسەر سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران کشانەوە، لەکاتێکدا هێزەکانی ئێران بە قووڵایی (٢)کیلۆمەتر سنوورەکانی هەرێمیان بەزاندووە.

لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە بـۆردومـانو تۆپبارانەکانی ئێرانو تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بە بیانووی سنووردارکردنی جموجۆڵی گەریلاکانی پارتی کرێکارانو (پارتی ژیانەوەی ئازادیی کوردستان) بـەردەوامـەو تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی دیار، یان گفتوگۆیەکی جدیی بۆ راگرتنی ئەو بۆردومانانە بەدی نەکراوە لەلایەن حکومەتی هـەرێـمو حکومەتی عێراقییەوە.

بە وتـەی چاودێرانی سیاسیی، ئەم بێهەڵوێستییە وای کردووە کە لە (٢٠)ی مانگی رابردووەوە جارێکی دیکە بۆردومانی سنوورەکانی هەرێم دەستپێبکاتەوە، کە تا ئەمڕۆ بەردەوامییان هەیەو زیانەکانیش گەیشتووەتە زیانی گیانیو ئاوارەبوونی گوندنشینەکان.

### پاراستنی سنوورەکان لە ئەستۆی کێیە؟

هەمیشە بەرپرسانی حکومەتی هـەرێـم جەخت لـەوە دەکـەنـەوە، کە پاراستنی ئاسمانو زەوی هەرێم لە ئەستۆی حکومەتی عێراقییەو عادل بەرواری، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە لیژنەی بەرگریی، بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو: بەپێی دەستووری عێراقی، ئەرکی پاراستنی زەمینو ئاسمانی هەرێمی کوردستان، لە ئەستۆی حکومەتی عێراقیدایە.

بەرواری پێیوایە: ئەگەر هەر هێرشێک لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە کرایە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوکات حکومەتی عێراق بە هەماهەنگیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیپارێزن.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، (ئەمیر کەنانی) سەرکردەیەکی رەوتی سـەدر جەختدەکاتەوە کە ئـەوەی لە دەستووردا هاتووە، تیۆرییەو لە رووی پراکتیکییەوە پاراستنی سنووری نێودەوڵەتیی عێراق لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، چونکە حکومەتی هـەرێـم رێگریی لـە هـاتـنـەنـاوەوەی هێزەکانی حکومەتی مەرکەزی دەکات بۆ ناو هەرێم، وەک سوپای عێراقو ئـەو هێزە پۆلیسییانەی کە ئەرکیان پاراستنی سـنـوورە، بۆیە لە رووی پراکتیکییەوە پێویستە حکومەتی هەرێم، بەرپرسیارێتیی پاراستنی سنوورەکانی عێراق بخاتە ئەستۆی خۆیەوە.

بەڵام بەرپرسانی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم ئـەو لێدوانانە رەتدەکەنەوە، بەوپێیەی ئـەوان سـەر بە حکومەتی عێراقینو لیوا ئەحمەد دیسکەرە، لێپرسراوی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم، ئاماژەی بەوەکرد: ئەوان هێزی رەسمیی سەر بە حکومەتی عێراقینو ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی هەرێمیان لە ئەستۆدایە.

### ئێران (٢)کم سنووری بەزاندووە

بـەزانـدنـی سـنـووری هـەرێـمـی کوردستان لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە، گەیشتووەتە رادەی هێنانی هێزی پیادە بۆناو گوندەکانی هەرێمو جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، ئاشکرای کـردووە: هێزێکی ئێرانیی (٣٥)کـەسـی لـە ناوچەی (بـەردونـاز) لـە رۆژهـەڵاتـی (حـاجـی ئـۆمـەران)، بە قووڵایی (٢)کیلۆمەترو پانیی (٣) کیلۆمەتر هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمو هەندێک ئامێری سەربازیی وەک، شوفڵو تانکێکو ئۆتۆمبێلیان پێیەو دوو گروپی سەربازییان لەم ناوچانە دامەزراندووە.

لـەمـبـارەیـەشـەوە نـازم عـومـەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئێران، ئـەوەی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوە کە تا ئێستا ئەو هێزە ئێرانییانە لەنێو خاکی هـەرێـمـدانو نەکشاونەتەوەو ئەمەش وادەکـات کە حکومەتی هەرێم هەڵوێستی توندو جدیی وەربگرێتو لە رێگەی حکومەتی عێراقییەوە بەرامبەر بە پێشێلکردنی سنوورەکانی هەرێم لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە، بەهەر بیانویەک بێت.

### هێزەکانی پاسەوانی سنوور، کشاونەتەوە

لەبەرامبەر هاتنەناوەوەی هێزە ئێرانییەکاندا، هێزەکانی پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستان کە سەر بە حکومەتی عێراقین، لەو ناوچە سنوورییانە کشاونەتەوەو لیوا ئەحمەد لە لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «ئەو سنوورانەی ئێمەی لێین، تۆپباران ناکرێن، چونکە هێزەکانی پاسەوانی سنوور لەبناری چیای قەندیل لە مەرزەو مارەتوو تا قرناقەو پشتئاشان کە (٣٧)کـم درێـژە کشاونەتەوەو بڕیاری کشانەوەشمان لەو ناوچانە، بڕیارێکی سەربازیی ئێمە نییە، بڕیارێکی سیاسیی حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقە، تا حکومەتی هەرێم لەو کێشانەوە نەگلێت لەگەڵ حکومەتی تـارانو شـەڕی کـورد بە کوردیش نەکات».

لێرەوەچاودێرانی سیاسی دەپرسن، کاتێک بە بڕیاری سیاسیی، هێزەکانی پاسەوانی هەرێم لە سنوورەکانو دێهاتەکانی هەرێم کە وێرانو تۆپباران دەکرێن، دەکشێنرێنەوە، دەبێت کێ گیانوماڵو سامانی ئەو گوندنشینانە بپارێزێت؟





# «بارزانی ناوی کۆمەڵێک سەرکردەی پەکەکەی بۆ دەستگیرکردن پێدەدرێت»

ئا: ڕۆژنامە *

سەردانەکەی بارزانیو لێدوانەکانی بوونە هۆی وروژاندنێکی میدیایی بەرچاو لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا، بەڵام لە ناوخۆی تورکیادا گرنگییەکی زۆری پێنەدراو نەکرایە مانشێتی ڕۆژنامەکان، لە سەرەتاداو پێش دەستپێکردنی گەشتەکە ڕەخنەی ئەوە دەگیرا کە سەردانەکە لە ڕووی دیبلۆماسییەوە پلە یەک نییەو نەدەزانرا کە بارزانی بە چ پێگەیەک داوەتکراوە، نەبوونی ئاڵای عێراق لە پشت بارزانییەوە لەکاتی سەردانەکانی بۆ لای ئەردۆغانو داود ئۆغلو، بووە هۆی سەرسوڕمانی هەندێک ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسیی، ئەمە جگە لەوەی لە لێدوانێکیدا بارزانی باس لەوە دەکات، کە ئاسایشی تورکیا جیانابێتەوە لە کێشە ئەمنییەکانی کوردستانی عێراق.

هۆکارێکی تایبەت لەپشت دانەنانی یەکێک لە دوو ئاڵای عێراقو هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، بەڵام پاساوەکان بەهێزنەبوون.

### ئامانجە جیاوازەکان

لەکاتێکدا چاوەڕواندەکرا ئەم سەردانە پەیوەندییە سیاسییەکان بە سوودی هەرێمی کوردستاندا وەرچەرخێنێت، بەڵام کەمترین باس لە سیاسەت کراوەو ئەوەی بە فەرمیی لە زاری داودئۆغلۆوە دەبیسترا، تەنیا بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بوون. ئەحمەد داودئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، جەختی لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکان دەکردەوە بە وتنی: «دەمانەوێت گەشە بە هاوکارییە ستراتیژییەکان بدەین دەربارەی بازرگانیو وزە». بارزانی دەربارەی کێشەی پەکەکە دەڵێت: «ئێمە دژی بەردەوامبوونی توندوتیژیین، هەوڵەکانمان فراوانتر دەکەین بۆ کۆتاییهێنان بەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا دەکرێت ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان.

### بەدەپە بە ڕێگر ناودەبرێت

چەند ڕۆژێک پێش سەردانەکەی بارزانی، پەکەکە لەلایەن خۆیەوە کۆتایی ئاگربەستی ڕاگەیاندو هێرشێکی چەکدارانەی کردە سەر سوپای تورکیا، ئەم هێرشە لەبەرئەوەی هاوکات بوو بە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتیگەلی «ئازادیی»، دەنگدانەوەیەکی زۆری دروستکردو میدیای تورکیش بە ئاشکرا باسی لە بوونی لینکێک دەکرد لەنێوان دوو هێرشەکەدا، لەکاتێکدا باس لە هێرشە چەکدارانەکەی پەکەکە دەکراو لەمبارەیەوە لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکەوە پرسیار لە بارزانی کرا، وتی: «ئێمە دژی توندوتیژیین بەهەرجۆرێک بێت، ئەگەر لەلایەن پەکەکەوە بێت یان لایەنێکی دی، ئێمە بەردەوامین لەوەی کردەی توندوتیژیی بەتەنیا بەس نییەو حکومەتیش لە هەوڵەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاستگۆ نییە. سەلاحەدین دەمیرتاشی سەرۆکی بەدەپە پێیوابوو، ڕای ئەوان جیاوازە لە بارزانی کە پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ کرانەوەی دیموکراسی ڕاگەیاندووەو ئەوەی بارزانی ڕایگەیاندووە، ڕای شەخسی خۆیەتی، دەمیرتاش وتی: «هێشتا پێمانوایە، کرانەوەی دیموکراسی بەنیازی دیموکراتیزەکردنی ڕاستەقینەو ریفۆرمی ریشەیی نییە، کە بۆ ئێستا پێویستن».

باشترکردنو بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، شتێکی چاوەڕوانکراوبوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، دیاریکردنی جۆری سیاسەتی دەرەوەی تورکیاو ئەوەبوو کە تورکیا لە بەرامبەر گەشەپێدانی پەیوەندییەکاندا داوایدەکرد، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە بۆ مەسعود بارزانیو ئەحمەد داودئۆغلو سازکرا بوو، داودئۆغلو



داود ئۆغلو و بارزانی



ئەردۆغان و بارزانی

## دەمیرتاش: ئەوەی بارزانی ڕایگەیاندووە، ڕای شەخسی خۆیەتی، هێشتا پێمانوایە، کرانەوەی دیموکراسی بەنیازی دیموکراتیزەکردنی ڕاستەقینەو ریفۆرمی ریشەیی نییە کە بۆ ئێستا پێویستن

### لاوازیی دیبلۆماسی سەردانەکە

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە میدیای ناوخۆیی سەرنجی خستەسەر، نزمیی ئاستی دیبلۆماسی سەردانەکە بوو، سەردانەکە بە داوەتێکی فەرمیی کرابوو، بەڵام نە سەرۆک کۆمارو نە سەرۆک وەزیران داوەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان نەکرد، لەبەرئەوە سەردانەکە لە ڕووی دیبلۆماسییەوە بە پلە سێ دادەنرێت، بەڵام کێشەیەکی دیکە ئەوەبوو کە پێگەی بارزانی وەک کەسێتییەکی سیاسیی عێراقی یان وەک سەرۆکی هەرێم دانی پێدا نەنرا، بەڵکو تەنیا وەک سەرۆک خێزانێکی بەناوبانگی عێراق داوەتکرابوو، ئەمەش لە وەڵامێکی ئەحمەد داودئۆغلوی وەزیری دەرەوەی تورکیادا دەرکەوت، ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە بوونە هۆی لاوازکردنی سیاسیی سەردانەکە پێش ڕوودانی، بەڵام ئەوەی لەکاتی سەردانەکەدا دەبینرا خاڵێکی ئێجگار لاوازی دیکە بوو، نەبوونی ئاڵای عێراق یان کوردستان باڵانسی دیبلۆماسی لەنێوان کەسەکاندا بەتەواوی لاوازدەکرد، هەرچەندە هەریەکە لە سەرۆکی هەرێمو ئەحمەد داودئۆغلو پاساوی خۆیان بۆ دانەنانی ئاڵای عێراق هێنایەوەو بارزانی بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ دواوە بێئاگایی خۆی نیشانداو داود ئۆغلوش ڕەتیکردەوە دۆخە بێزارکەرە». ئەمەو بەشێک لە میدیاکانی جیهان ئەم سەردانەیان بە دانپێدانان لەقەڵەمدا، بەڵام دیبلۆماسییەتی لاوازو نەپێکانی ئامانجەکانی زۆر لەوە زیاتربوون کە چاوەڕێدەکران، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەحمەد داودئۆغلۆو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بارزانی لەگەڵ سەرۆکی توسەید بۆ بیزنسمانو پیشەسازیی کۆبووەوە، کە گرنگی لایەنی ئابووریی سەردانەکەی تۆختر دەکردەوە، هەر بۆ نموونە ڕای پسپۆڕێکی وەک هێنری بارکی لەسەر ئەوەبوو، کە تورکیا پێویستە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێم باشتر بکات بۆئەوەی بتوانێت کێشەی پەکەکە چارەسەر بکات، هێنری بارکی، پسپۆڕی کێشەی تورکیا، لەبارەی ئەم سیاسەتە نوێیەی تورکیای بەرامبەر کوردەکان بە «لە ئامێزگرتنی کوردستانی عێراق» وەسفکردو پێیوابوو، کە کوردەکانی عێراق کلیلی چارەسەری کێشەی کوردەکانی تورکیان، چونکە بە ڕای ئەو هەتا تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستان باشتر بکات، مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی کورد ئاسانتر دەبێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی چەند شارەزایەکیش ئێستا نفوزو کاریگەریی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان لە لوتکەدایەو سەرنەکەوتنی پرۆپۆزەڵی بەهەڵە ببینین». هەر لە بەردەوامیی وتەکەیدا بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە کێشەکە بە شەڕ چارەسەر نابێت، «پێوەری سەربازیی کێشەکان چارەسەر ناکات، ئەگەر شەڕ کێشەکانی چارەسەر بکردایە، ئێستا نەدەمان». کاتێکیش سەدات ئەرگین، ڕۆژنامەنووسی حوڕییەت دەیلی نیوزی ئینگلیزی-تورکی پرسیاری کۆتاییهێنان بە ئاگربەستەکەی لە بارزانی کرد، تووڕە بوو. دواتر ئەو ڕۆژنامەنووسە تووڕەبوونەکەی بۆ ئەوە گێڕایەوە بارزانی لەوە تووڕەبووە کە لە کاتی سەردانەکەی ئەودا بۆ تورکیا، کۆتاییهێنان بە ئاگربەست ڕاگەیەندراوە. کاتێک پرسیاری لێکرا دەبارەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیاو هەڵوێستی بەدەپە، لەمبارەیەوە بارزانی پێیوابوو، کە هەڵوێستی تورکیا دەربارەی کرانەوەی دیموکراسی هەڵوێستێکی دروستە، کاتێکیش دەربارەی بەدەپە پرسیاری لێکرا، وتی: ئێمە دەزانین ڕێگریی زۆر بۆ پرۆسەکە دروست دەبن، بەڵام من ئامۆژگاریی گشت پارتەکان دەکەم کە پشتگیریی کرانەوەکە بکەن، لەنێویاندا بەدەپە، کە پێویستە خۆی لە ڕێگربوون بپارێزێت.

بەڵام بەرپرسانی بەدەپە، هەرزوو وەڵامی داواکەی بارزانییان بە نێگەتیڤ دایەوە، بەوەی کە کرانەوەی دیموکراسی بەئاشکرا دانی بەوەدا نا کە تورکیا لەمەودوا سیاسەتی «گێزەرو گۆچان (لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە مانای بنەمای پاداشتو سزا دێت)» بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پێڕەو دەکات. ئەمەش بەو مانایەی کە ئەگەر هەرێمی کوردستان توانی داخوازییەکانی تورکیا لەبارەی قەڵاچۆکردنی پەکەکەوە جێبەجێبکات، ئەوا تورکیا پەیوەندییە ئابوورییەکان دەپارێزێتو بەپێچەوانەشەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە تورکیا سوودی زیاتر لە باشکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبینێت تا هەرێمی کوردستان.

بەڵام سیاسەتی «گۆچان»، هەرزوو بەکارهاتو بە ڕای گەورە دبلۆماتێکی تورکی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، تورکیا لیستی کۆمەڵێک ناوی بەرپرسانی باڵای پەکەکەی داوە بە بارزانی کە دەبێت دەستگیربکرێنو بدرێنەوە بە تورکیا. ئەو دبلۆماتە لە لێدوانێکیدا بۆ تورکیش ویکلی ئینگلیزی-تورکی، وتی: «ئەو، هەموو جۆرە بەڵگەو زانیارییەکی موخابەراتی دەربارەی پەکەکە پێدراوە، ئێمە جارێکی دیکە دووپاتمان کردەوە کە سوورین لەسەر ئەو هاوکارییە دوولایەنەیە».

*** ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژنامەو میدیا تورکیەکانەوە ئامادەکراوە.**

---

# گەر ئەردۆغان بێدەنگ بووایە

شالاو فەتاح



گەر ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بێدەنگ بووایەو لێدوانی توندوتیژی نەدایە لەدژی ئەو هێرشەی ئیسرائیل کردیە سەر کەشتیگەلی ئازادیی، ئەوا:

هەرگیز ئەردۆغان بەو سەرکردانەی ناوچەکە نەدەچوو، کە هەمیشە لە بەرامبەر دەسەڵاتە گەورەکاندا هەڕەشە دەکەنو دواتریش تەواوی کێشەکان لەڕێی سازشێکی سیاسییەوە یەکلایی دەکەنەوە، تورکیاش هێندەی دیکە ڕووی لە خۆرهەڵات نەدەکرد، ئەم دیاردەیەش لەلای عەرەبو فارس باوەو زۆرێک لە سەرکردە عەرەبەکان هەمیشە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل دەکەن، بەڵام لە ئاکامدا هیچ کردەیەوەیەکی ئەوتۆ نابینین، کە لە ئاستی ئەوەدا بێت کە دەیڵێن! خۆشی نەدەبووە سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی توڕە (کە زۆر پێچەوانەی ڕووخساریەتی)، کە زۆرجار کاردانەوەی بەپەلەی دەبێت بۆ ڕووداوەکان.

گەر ئەردۆغان بێدەنگ بووایە، ئەوا تورکیا هەروەک میانگیرێکی بێلایەن دەمایەوە لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا، ئەوە ئاساییە کە تورکیا ڕوویکردە خۆرهەڵاتو سیاسەتی (سفر کێشە)ی پێڕەوکردو توانی متمانەیەکی زۆر لەلای وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروستبکات، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە، تورکیا ببێتە بەرەیەکو پشت لە بەرەکەی دیکە بکات، وتنی: «پەیوەندییەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە دۆخی پێشوو» ئاماژەیەکی ترسناک بوو بەوەی، تورکیا چیدی ڕۆڵی ئەو میانگیرە نابینێت لە ناوچەکەداو (سفر کێشە)ش کێشەیەکی گەورەی بۆ دروستبووە، ئەمەی کە ڕوویدا دوورنییە تورکیا دووربخاتەوە لەو وێنایەی، کە خۆرئاواو بە تایبەت ئەمریکا هەیانە بۆی وەک ئەوەی تاکە وڵاتێک بێت لە ناوچەکەدا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تەواوی وڵاتانی دراوسێی هەبێت.

گەر ئەردۆغان بێدەنگ بووایە ئیسرائیل یارییەکەی نەدەبردەوە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە فشارێکی زۆر دەخرایە سەر ئیسرائیل (هەر وەک خراوەتە سەری)، هەڵوێستی تورکیاش لە کێشەکەدا هەمیشە باڵاتر دەبوو لە ئیسرائیل، بەڵام بەهۆی ئەوەی تورکیا چەندین لێدوانی لە ئاستی فەرمیی وەک ئاماژەیەک بە تۆڵەکردنەوە دا، ئەوا ناتوانرێت بووترێت، کە کێشەکە بە زەرەری ئیسرائیل تەواو بوو، بگرە بە زەرەری تورکیا تەواوبوو، هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وێنای تورکیای گۆڕیو هەم لەسەر ئاستی تاکەکەسیش سەرکردەکانی لە دبلۆماتی ژیرەوە کرد بە پۆپۆلیست.

گەر ئەردۆغان بێدەنگ بووایە تورکیا بە ئێران بەراورد نەدەکراو لە میدیا عەرەبییەکانەوە نەدەوترا، کە ئەمەی تورکیا دەیکات بۆ ئەوەیە لە کێشەی فەلەستینو لوبناندا جێگە بە ئێران لێژبکاتو هێزە ناوچەییو یاخییەکانی ئەو دوو وڵاتە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام ئایا تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە هێزی میانگیری ناوچەکە، پێویستی بەو هێزانەیە، یان دبلۆماسییەتێکی سەرکەوتوو؟ بەڕاست تورکیا هێشتاش باوەڕی بەوە نەکردووە، کە دبلۆماسییەت چ هێزێکی کاریگەریی هەیە بۆ گۆڕینی هاوکێشە هەرێمییەکان؟ ئایا تورکیا هێشتا ڕکابەری ئێران دەکات لە جیهانی ئیسلامدا؟

## لایەنەکان متمانەیان بەیەکتر نییە

# (٩٠) رۆژ قەیرانی سیاسی

راپۆرتی هەستیار قادر، کاروان عومەر

**دوای سێ مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، حکومەتی نوێ پێکنەهێنراوەو تا دێت لایەنە سیاسییەکان لێک دووردەکەنەوەو چاودێرانیش پێیانوایە: نەبوونی متمانە لەنێو لایەنەکاندا هۆکاری ئەو کێشەیەیەو پەرلەمانتارێکی کوردیش بەگرنگی دەزانێت کە کورد رۆڵی ناوبژیوانیی نەبینێت.**



پاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە (٣/٧)و دەرکەوتنی دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی ئەو هەڵبژاردنە، لیستە براوەکان بەشێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ کەوتنە دانوستانکردن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییو زانینی رۆڵیان لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقیدا، لەکاتێکدا کە هەردوو لیستی عێراقییەو دوو ئیئتیلافی شیعە، کە (دەوڵەتی یاساو نیشتمانیی) کێشەیان هەیە لەسەر ئەوەی کامیان مافی پێکهێنانی حکومەتیان هەیە، لەنێو شیعەکانیشدا کێشە لەسەر پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک وەزیران هەیە، کە مالیکی بێت، یان کەسێکی تر لە لیستی ئیئتلافی نیشتمانیی.

بەها ئەعەرەجی، سەرکردەی رەوتی سەدرو ئەندامی ئیئتیلافی نیشتمانیی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی بۆ تانەو سکالاکانو تەواوبوونی کارەکانی کۆمسیۆنو دادگای فیدراڵی دەگێڕێتەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «درێژبوونەوەی ئەو ماوەیە ناگونجێت لەگەڵ بنەمای دیموکراسیو هەندێک لایەن ئامرازە دیموکراسییەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە».

بەڵام ئەندامێکی لیستی دەوڵەتی یاسا پێیوایە: دواکەتنی پێکهێنانی حکومەت بە زیان بەسەر دیموکراسی عێراقدا ناشکێتەوە.

عەلی ئەدیب، کەسی دووەمی حیزبی دەعوە، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هۆی درێژبوونەوەی ماوەی پێکهێنانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکردنی تانەو سکالا لەلایەن لایەنەکانو پەسەندکردنی ناو پاڵێوراوەکانو درێژبوونەوەی ماوەی پێکهێنانی حکومەت، کاریگەریی نابێت لەسەر ئەزموونی دیموکراسییەت لە عێراقدا».

هاوکات، جالا رەیانی، توێژەر لە پەیمانگەی (ئەی ئێچ ئێس) بۆ لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان، ئەو قەیرانەی کە ئێستا عێراق تیایدا دەژی، دەبەستێتەوە بە ناکاملیی سیاسییەکانی عێراقو بێهێزیی یاساکانو تۆخکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەییو تایفی.

ئەم مشتومڕانە لە کاتێکدایە، کە هەندێک لە پسپۆڕانی یاسایی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن: کە عێراق کەوتووەتە بۆشاییەکی دەستووریيو ئیدارییەوە بەهۆی دەستبەکارنەبوونی پەرلەمانی نوێو کۆتاییهاتنی پەرلەمانی پێشوو بەهەمان شێوەیە بۆ حکومەت، کە هەندێک پێیانوایە: پێویستە حکومەتی ئێستا بەڕێکردنی کار بێت، تا حکومەتی نوێ پێکدێت،

حەیدەر ئەلمولا، وتەبێژی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی لە لیستی عێراقییەدا پێیوایە: شتێکی ئاساییە کە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، بەهۆی کاریگەرییەکانی دەسەڵاتی رژێمی پێشوو لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەزموونی دیموکراسی لە عێراقدا نەچەسپیوەو رەگی لە کۆمەڵگەدا دانەکوتاوە، ئەمە جگەلە کاریگەرییەکانی وڵاتانی دراوسێ کە هەتا ئێستا سیستمی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا پەیڕەو ناکەن».

پسپۆڕێکی تری سیاسیش کێشەی پێکنەهێنانی حکومەت دەبەستێتەوە بە پێنەگەیشتنی دیموکراسیو رێوشوێنە دەستوورییەکانو ئامادەنەبووی حیزبەکان بۆ بەجێهێشتنی پۆستەکانیان

د.خافز عەلوان، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا، بە رۆژنامەی رایگەیاند: «هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی سەرەکیی، لەوانە ئاستی بەرەوپێشچوونی ئەزموونی دیموکراسی لە عێراقدا، کە هەتا ئێستا نەچەسپیوە، هەروەها ئەو رێوشوێنانەی کە دەستوور ئاماژەی پێکردووە بۆ هەڵبژاردنو پێکهێنانی حکومەت، جگە لەوەش سووربوونی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر پۆستو ئامادەنەبوونیان کە بەئاسانیی کورسییەکان بەجێبهێڵن».

لەم نێوەندەدا دوو تێڕوانین هاتووەتە ئاراوە، کە شرۆڤەی پێکنەهێنانی حکومەت دەکەن، یەکەمیان، پێیوایە: دواکەوتنی سروشتێکی دیموکراسییە، کە دەبێت ئیئتیلافی پەرلەمانیی پێکبهێنرێتو تێڕوانینێکی تریش هۆکارەکەی دەبەستێتەوە بە بێمتمانەیی لایەنە سیاسییەکان بە یەکتری.

شۆڕش حاجی، کاندیدی هەڵبژێردراوی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق، باوەڕبوونی خۆی بە تێڕوانینی دووەم خستووتەڕوو بە رۆژنامەی راگەیاند: «لایەنە عێراقییەکان متمانەیان بەیەکتری نەماوە، ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی دیموکراسی کە لەم وڵاتە ساوایەدا هەمووان وەک یەک لە چەمکی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیانە تێنەگەیشتووین».

لە گەرمەی ئەم کێشەیەشدا تێڕوانین لەسەر رۆڵی کوردیش جیاوازە، هەندێک پێیانوایە: دەبێت کورد ببێتە ناوبژیوانو هەندێکی تریش پێیانوایە: دەبێت کورد سوود لە کێشەی نێوان لایەنە عێراقییەکان وەربگرێتو وەک گەمەیەکی سیاسیی بۆ بەرژەوەندیی خۆیو بەدەستهێنانی کارتی زیاتر، لەوبارەیەوە شۆڕش حاجی، دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەدانیم کورد رۆڵی ناوبژیوانی ببینێت، دەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد کار لەسەر بەرنامە سیاسییەکەی خۆی بکاتو لەگەڵ هەموو لایەنەکان قسەبکەین، تابزانین کامیان ئەو بەرنامە سیاسییە جێبەجێ دەکات، پشتگیریی ئەو لایەنە بکەین بۆ پێکهێنانی حکومەت»



شۆڕش حاجی

**لەگەڵ ئەوەدا نیم کورد رۆڵی ناوبژیوانی ببینێت**



بەها ئەعرەجی

**درێژبوونەوەی ماوەی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ بنەمای دیموکراسیدا ناگونجێت**

# چۆن یەکەم دانیشتنی پەرلەمان دەکرێتو سێ سەرۆکایەتییەکە هەڵدەبژێردرێت؟

راپۆرتی، بەهادین یوسف

تەنیا یەک هەفتە ماوە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەکاتێکدا رێکەوتنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک.

دوای بەدەستگەیشتنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، رۆژی (٥) ی ئەم مانگە نامەیەکی ئاراستەی سەرجەم کوتلە سیاسییەکان کرد بۆ ناردنی راو پێشنیارەکانیان بۆ دەستنیشانکردنی وادەی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نوێ، لەماوەی (١٥) رۆژدا، تا مەرسومێکی کۆماریی بۆ ئەو مەبەستە دەربکات.

بەپێی مادەی (٥٤) لە دەستووری عێراقی، دوای پەسەندکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەماوەی (١٥)رۆژدا سەرۆک کۆماری عێراق مەرسومێکی کۆماریی دەردەکات، بۆ بانگهێشتکردنی سەرجەم ئەندامانی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ یەکەم کۆبوونەوەو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، دوو جێگرو سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵدەبژێردرێن.

رۆژی (٢٠١٠/٦/١) دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق، دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی پەسەندکردو ئەنجامەکانی بەپەسەندکراوی ناردە سەرۆکایەتی کۆمارو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ گرتنەبەری رێوشوێنە نوێیەکان بەپێی دەستوور.

تاریق حەرب پسپۆڕی یاساییو دەستوریش، رایدەگەیەنێت، دەبێت یەکەم دانیشتنی خولی نوێ لەماوەی (١٥) رۆژ دوای پەسەندکردنی، ناوی کاندیدە دەرچووەکان ئەنجام بدرێتو ئەوماوەیە قابیلی درێژکردنەوە نییە، بەڵام دەتوانرێت درێژە بەو دانیشتنە بدرێت وەکچۆن خولی رابردوو، یەکەم دانیشتن لە (٣/١٦) دا ئەنجامدراو نەیتوانی متمانە بداتە حکومەتەکەی مالیکی تا (٢٠١٠/٥/٢٠).

دوای ئەوەی سەرۆک کۆمار مەرسومی کۆماریی دەرکرد، لەماوەی (١٥)رۆژدا ئەنجومەنی نوێنەران، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی دەکات بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین پەرلەمانتار، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکو جێگرەکان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامی ئەنجومەنو بەشێوەیەکی راستەوخۆی نهێنی دەبێت، بەوپێیەی خولی ئێستای ئەنجومەن لە (٣٢٥) کەس پێکهاتووە، زۆرینەی رەهای دەنگی پەرلەمانتارەکان، دەکاتە (١٦٣)دەنگ.



بەپێی مادەی (٧٢)ی دەستووریش، پێویستە سەرۆک کۆماری نوێ لە ماوەی (٣٠)رۆژدا پاش یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ، هەڵبژێردرێتو بەپێی مادەی (٧٠)ش سەرۆک کۆماری نوێی عێراق لە نێو ئەنجومەنی نوێنەراندا بە یەک لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێت کە دەکاتە (٢٠٦) دەنگ، بەڵام بەپێی بڕگە دووی ئەو مادەیە، ئەگەر زیاد لە پاڵێوراوێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار هەبوو و هیچکام لە پاڵێوراوەکانیش نەیانتوانی رێژەی دەنگی پێویست بەدەستبهێنن، خولی دووەمی هەڵبژاردن لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ دووان لەو پاڵێوراوانە دەکرێت کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوەو هەرکام لەو پاڵێوراوانە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، دەبێتە سەرۆک کۆمارو دواتر لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی یاسایی دەخواتو ئەو سەرۆک کۆمارەش، بۆی هەیە تەنیا بۆ دوو خولی پەرلەمانی خۆی هەڵبژێرێتەوە بۆ ئەو پۆستە.

دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، پاڵێوراوی گەورەترین کوتلەی ناو ئەنجومەن رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە ماوەی (١٥)رۆژدا دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارو دەبێت سەرۆکوەزیرانی راسپێردراو لەماوەیەکدا کە لە (٣٠)رۆژ تێپەڕ نەکات، ناوی وەزیرانی کابینەکەی ئاشکرابکات، ئەگەر نەیتوانی لەو ماوەیەدا حکومەت پێکبهێنێت، سەرۆک کۆمار پاڵێوراوێکی تر رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی وزارىو دواتر سەرۆک وەزیران ناوی وەزیرەکانیو بەرنامەی کاری حکومەتەکەی دەخاتە بەردەستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ وەرگرتنی متمانە بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئەگەرچی بەپێی مادەی(٧٦)ی دەستووری عێراق، ئاماژە بەوە کراوە کە سەرۆک کۆمار، لیستی زۆرینەی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێرێتو ئەگەر نەیتوانی لەماوەی (٣٠)رۆژدا حکومەت پێکبهێنێت، سەرۆک کۆمار کەسێکی تر رادەستپێرێت، بەڵام لە باری شکستهێنانی پاڵێوراوانی سەرۆک وەزیراندا بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەستوور هیچ چارەسەرێکی دیاری نەکردووە وەک ئەوەی لە هەندێک دەوڵەتی دیموکراسیدا هەیە کە سەرەکیترین هەنگاویان، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانە، کە ئەم هەنگاوەش لە دەستووردا بوونی نییەو تەنیا لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، ئەمەش یەکێکە لەو بۆشاییانەی لە دەستووری عێراقدا بوونیان هەیە.

د. محەمەد شەریف، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە: ئەو جۆرە بۆشاییانە لەدەستووردا بوونیان هەیە، بەڵام دەبێت بە لۆژیک چارەسەربکرێنو رێنەدرێت لیستەکان لە ناو بازنەیەکی داخراودا بسوڕێنەوە.

پێشتر ئەو پسپۆڕە یاسییە بە رۆژنامەی راگەیاندبوو: «دیاریکردنی ئەو وادەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتو ئاماژە نەدان بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە دەستووردا لە باری شکستی پێکهێنانی حکومەتدا، جۆرێکە لە گوشار بۆ سەر سەرکردەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتو رێککەوتن لەسەر ئەو پرسەو ناتوانرێت هیچ پۆستێکی باڵای عێراقیش، بەبێ تەوافوقی سیاسیی دابەشبکرێت».

بە رای چاودێرانی سیاسیش، لەئێستادا تەنیا یەک هەفتە لەبەردەستی کوتلە سیاسییەکاندا ماوە بۆ رێککەوتنی کۆتایی لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانو شێوازی بەڕێوەبردنی عێراق لە چوار ساڵی داهاتوودا، بەوپێیە لەگەڵ یەکەم کۆبوونەوەی خولی نوێو هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەندا ئاسۆی دابەشکردنی پۆستە سیادییەکانی تری عێراق دەردەکەوێت لەنێوان کوتلە براوەکانی هەڵبژاردنەکەی (٣/٧)دا.

# عێراق دەبێتە یەکەم وڵاتی جیهان، لە نەوتی یەدەگدا

د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

دەتوانین بڵێین: عێراق لەڕووی هەبوونی نەوتەوە زەبەلاحێکی ئایندەی بازاڕی نەوتی جیهان دەبێت، یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی عێراق (١١٥) ملیار بەرمیلەو سێیەم دەوڵەتیشە لەم رووەوەو دوای سعودیەو ئێران دێت.

ئەم (١١٥) ملیار بەرمیلە تەنیا ئەنجامی دۆزینەوەی (١١٥) پێکهاتی جیۆلۆجییە. لە عێراقدا (٥٢٥) پێکهاتی جیۆلۆجی هەیە، کە نەوتی تێدابێتو تائێستا (٤١٠) پێکهاتی جیۆلۆجی ماوە دۆزینەوەی تێدا ئەنجامبدرێتو دەشێت لەو (٤١٠) پێکهاتە جیۆلۆجییە نزیکەی (٢٠٠) ملیار بەرمیل نـەوتـی یـەدەگ بـدۆزرێـتـەوە، بەمەش لەداهاتوودا عێراق دەبێتە یەکەم دەوڵەتی جیهان لەڕووی هەبوونی نەوتی یەدەگو پێش ئێرانو سعودیە دەکەوێتەوە.

لـەمـاوەی (٣٠) سـاڵـی رابـردوودا بەرهەمهێنانی نـەوت لەعێراقدا بەرزو نزمییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە ساڵی (١٩٧٩)دا عێراق زۆرترین نەوتی بەرهەمهێناوە، کە گەیشتووەتە نزیکەی (چوار ملیۆن بەرمیل) لەڕۆژێکدا، ئەمەش زۆرترین بەرهەمە لەڕۆژێکدا لە مێژووی عێراقدا.

لە سەردەمی جەنگەکانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەرو گەمارۆی ئابوورییی، بەرهەمهێنانی نەوت لە (چەند سەدان هەزار بەرمیلێک) تێنەپەڕیوە، ئەم بەرزو نزمیی بەرهەمهێنانەش خراپ بەسەر عێراقدا شکاوەتەوە، چونکە وای لەو کۆمپانیاو پاڵێوگەو دەوڵەتانەی نەوتی عێراق کردووە، نەوت لە عێراق دەکڕن، زۆر متمانە نەکەنە سەر نەوتی عێراقو لە بازاڕی جیهانی نەوتیشدا متمانە نەکرێتە سەر نەوتی عێراق.

زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە ئایندەدا هەروەکو وەزارەتی نەوتی عێراق پلانی بۆ داناوە، دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە نەوتی عێراق لە بازاڕی نەوتی جیهاندا ڕۆڵو گرنگی خۆی پەیدا بکاتەوە.

لە ناوەڕاستو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) دا، وەزارەتـی نەوتی عێراق دوو خولی گرێبەستی لـەگـەڵ کۆمپانیا نەوتییە دەرەکییەکان ئیمزا کرد، کە بەگرێبەستەکانی خولی یەکەمو خولی دووەم ناسراون، گرێبەستەکانی خولی یەکەم بۆ کێڵگەکانی (الرمیله)و (غرب القرنه ١)و (الزبیر) کران، بۆ ئـەوەی بەرهەمی نەوتی ئەو کێڵگانە تا ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧) بگاتە (٦,٣٨) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، گرێبەستەکانی خولی دووەمیش بۆ کێڵگەکانی (غرب القرنه ٢)و (مجنون)و (الحلفایه)و (الغراف) و (بـدره)و (القیاره)و (نجمه) کـران، بۆ ئەوەی بەرهەمی نەوتی ئەو کێڵگانە تاوەکو ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧) بگاتە (٤,٧٧) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا. واتە سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتوو لە عێراقدا بەگوێرەی ئەو دوو خولە گرێبەستە لە ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧) دەگاتە (١١,١٥) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا.

بەگوێرەی راگەیاندنەکانی بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش بەرهەمهێنانی نـەوت لە هەرێمی کوردستان، تا ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧) دەگـاتـە (یـەک ملیۆن بەرمیل) لەڕۆژێکدا، واتە سەرجەمی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا دەگاتە نزیکەی (١٢,١٥) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا.

ئایا عێراق چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو (١٢,١٥) ملیۆن بەرمیلەی نەوت لەڕۆژێکدا دەکات؟ دەتوانێت لە بازاڕی نەوتی جیهاندا چەندی لـێ بفرۆشێت؟ چەندیش بۆ ناوخۆ بەکاربهێنێت؟ جـارێ باسی ئـەو گازە ناکەین، کە لەگەڵ نەوتدایەو پێی دەڵێن: (گازی هاوەڵ) کە دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت (٦٢٥) پێ سێجا گازی لەگەڵدایەو هەڵیدەگرین بۆ نووسینێکی دیکە.

لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو تاوەکو ئێستا، عێراق هەوڵـی نەداوە ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی نەوتی لێدەکڕن زیاد بکات، یاخود شێوازەکانی خستنە بازاڕی نەوتەکەی پەرەپێبداتو تازەی بکاتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، لە عێراقدا لەماوەی (٣٥) ساڵی رابـردوو کە لەژێر حوکمی بەغدا بووە، پسپۆڕانی کەرتی نەوتی عێراق نەیان دەوێرا، یاخود دوو دڵ بوون لەوەی دەستپێشخەری لەبواری نەوتدا بکەن لەڕووی دانانی پلانی نوێ بۆ زیادکردنی کڕیارانی نەوت لە جیهانداو تازەکردنەوەی شێوازەکانی خستە بازاڕی نەوتەوە، چونکە ئەو پسپۆڕانە لە لێپرسینەوەو سزادان دەترسانو نەوتی عێراقیش لەو سەردەمەدا هەمیشە لەخزمەتی سیاسیی بەغدا بوو نەوەک لە خزمەتی هاوڵاتییان.

لەماوەی حوکمی رژێمی بەعس، ژێرخانی کەرتی نەوتی عێراق وەکو بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوتو ئەنبارەکانی هەڵگرتنی نەوتو توانای ئەنبارکردنیانو بەندەرەکانی نەوت ناردنە دەرەوە، ئەوانە هیچیان گەشەو پەرەپێدانو فراوانکردنو نوێکردنەوەیان بەخۆیانەوە نەبینـی تاوەکو بەکەڵکـی گواستنەوەو ئەنبارکردنو ناردنە دەرەوەی بەرهەمی نەوتی زیادە بێن.

وێـرانـەی ئـەوانـەش، بەهۆی شەڕە نەگریسەکانی رژێمی بەعس، هەموو ئەو ژێرخانی کەرتی نەوتە تووشی وێرانکارییو تێکدانو شاڵاوی تاڵانکردن بووەوە.

بەهۆی ئەوانەی لەسەرەوە باسکران، ئێستا کۆمپانیای خستنە بـازاڕی نەوت لەعێراقدا، کە بە (SOMO) ناسراوەو سەر بەوەزارەتی نەوتی عێراقە، وایلێهاتووە کە بەزەحمەت بتوانێت دوو ملیۆن بەرمیل نـەوت لەڕۆژێکدا بخاتە بـازاڕی نەوتی جیهانی، بێگومان لەماوەی حەوت ساڵـێک رابردوودا لەباشترین بارودۆخدا کۆمپانیای (SOMO) نەیتوانیوە لە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت زیاتر بخاتە بازاڕەوە.

پسپۆڕانی نەوت پێیانوایە: ئەگەر عێراق بتوانێت بەندەرەکانی فراوان بکاتو توانای ناردنە دەرەوەی زیاد بکات، ئەوە هەر ناتوانێت لەو ئاستەدا بێت، کە توانای ناردنە دەرەوەی نەوت ببێتە چەندان جاری ئێستا.

زۆر لە پسپۆڕانی نـەوت پێیانوایە: کە عێراق نەتوانێت پلانی بەرهەمهێنانی نەوتەکە جێبەجێ بکاتو بیگەیەنێتە نزیکەی (١٢) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، هەر لەبەر ئـەوەش دەوڵەتانی ڕێکخراوی ئۆپێکو ئەوانەی دەرەوەی ئۆپێکیش زۆر بەگرنگی نەڕواننە ئەو زیادبوونەی بەرهەمی نەوتی عێراق.


د. بایەزید حەسەن

ئێستا با وای دابنێین هەموو ئەو کۆسپانەی پەیوەستن بەژێرخانی کەرتی نەوتی عێراقی، چارەسەرکرانو پلانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی بۆی دانراوە بەڕێوەچوو عێراق بڕێکی زۆری نەوتی خستە بازاڕی نەوتی جیهانەوە.

لێرەدا چەند پرسیارێک خۆیان قوت دەکەنەوە:

ئایا بـازاڕی نەوتی جیهانی دەتوانێت ئەو هەموو نەوتەی عێراق بگرێتە خۆی؟ ئایا ئەو نەوتە زۆرەی عێراق کە دەخرێتە بـازاڕی نەوتی جیهانییەوە کار لە نرخی نەوت ناکات؟ دایانبەزێنێت؟ لێرەدا دەبێت سـێ فاکتەری گرنگ لەبەرچاو بگرین:

١- خواستی زیادە بۆ نەوتی ڕێکخراوی ئۆپێک، یاخود ڕێکخراوی ئۆپێک ڕێگە بە عێراق دەدات، کە بڕی چەند نەوت بخاتە بازاڕی نەوتی جیهانییەوە لەو سۆنگەیەی کە عێراق هـەر لە ڕێکخراوی ئۆپێکدا دەمێنێتەوە، ئایا ئەو دەوڵەتانە رازی دەبن بەوەی ئەو بەرهەمهێنانە نوێیەی عێراق کار لە پشکی بەرهەمهێنانیان، یاخود کار لە پلانی بەرهەمهێنانیان بکات لەداهاتوودا تاوەکو بەرهەمهێنانی نەوتیان زیاد بکەن، لەو روانگەیەی کە ئۆپێک لەبەر ئەو بارودۆخە نائاساییەی عێراق پێیدا تێپەڕیوەو ڕێگەی دا عێراق ئەو بڕە بەرهەمە زیادەی بخاتە بازاڕی نەوتی جیهانییەوە.

٢- ئـایـا عـێـراق دەتـوانـێـت پلانی بەرهەمهێنانی نـەوت بەباشترین شێوە بەڕێوەبەرێت، تاوەکو باشترین دەستکەوتی ئابووریی مسۆگەر بکات، بێ ئەوەی زیان بە دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپێکو بازاڕی نەوتی جیهانی بگەیەنێت؟

٣- ئایا کاردانەوەی دەوڵەتانی تری ئەندامی ئۆپێک بەرامبەر عـێـراق چی دەبێت؟ ئایا رازی دەبن ئەو بڕە بەرهەمە زیادەیە، کار لەپشکی بەرهەمهێنان یاخود کار لەپلانی بەرهەمهێنانی زیادەیان بکات لەماوەی ساڵانی داهاتوودا؟

عێراق دەبـێ بیر لـەو سـێ پرسیارە بـکـاتـەوەو وەڵام یـاخـود چـارەسـەری گونجاویان بۆ بـدۆزێـتـەوەو بێگومان دۆزینەوەی چارەسەریش کارێکی ئاسان نییە.

پسپۆڕانی نەوت پێیانوایە: کە بۆ عێراق باشتر بوو تەنیا گرێبەستەکانی خولی دووەمـی ئەنجام بدایە، کە بەهۆی ئەو گرێبەستانەی خولی دووەم عێراق دەیتوانی لە ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧)دا، نزیکەی (٥-٦) ملیۆن بەرمیل نەوتی زیادە بەرهەم بهێنێت لەڕۆژێکداو عێراق بەدانوستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئۆپێکدا دەیتوانی (چوار ملیۆن بەرمیل نەوت) لەڕۆژێکدا بخاتە بازاڕی نەوتی جیهانییەوە.

# بڕیارێکی وەزارەتی شارەوانی، هاوڵاتییانی هەولێر تووڕە دەکات

ڕاپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا

وەزارەتـی شارەوانی، بڕیاردەدات کە لەمەودوا مۆڵەتی دروستکردنی بینا نادرێت بە زەویی (١٠٠)مەترییو (١٢٥)مەتریی، ئەوەش نیگەرانیی هاوڵاتییانی لێکەوتەوەو دژی بڕیارەکەش، هاوڵاتییانی هەولێر خۆپیشاندایان کرد.

چەند ڕۆژێـک پێش ئێستا، وەزارەتـی شارەوانیی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکی دەرکردو بەپێی ئەو بڕیارە، نابێت لەمەودوا زەویـی (٢٠٠)مـەتـریـیو (٢٥٠)مەتریی بکرێت بە دوو بەشەوەو دووخانووی جیایان لەسەر دروستبکرێتو ئەو زەوییانە پێشینەی خانووبەرە نایانگرێتەوە، بەو پێیەش زەویی (١٠٠)مەترییو(١٢٥)مەتریی لە پێشینەی خانووبەرە بێبەش دەکرێن.

فەرهاد محەمەد، وتەبێژی وەزارەتی شـارەوانـیو گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی شارەوانیی هەولێر، ئەو بڕیارە دراوە».

ئەوەشی خستەڕوو: ئێمە دەمانەوێت شارەکان بەپێی حەجمی خۆیان خەڵکیان تێدا نیشتەجێ بێت، چونکە ئەگەر وانەبوو، سیمای شار ناشیرین دەبێتو قەرەباڵغی دروستدەبێت، بـەوەش خزمەتگوزاریی قـورسـتـردەبـێـتو ڕێـژەی سـەوزایـی کەمدەبێتەوە، بڕیارەکەی ئێمە بۆ ئەوەیە کە سنوورێک بۆ ئەو حاڵەتە دابنێین.

هەر لەبارەی ئەم بڕیارەشەوە، وەزیری شارەوانی ئاماژەی بەوەکردووە، بەگوێرەی یاسا، نابێت هـەر زەویـیـەک لە (٢٠٠) مەتر کەمتر بێت، پێشینەی خانووبەرەی پێبدرێت، بەڵام هەرچۆنێک بوو، ئەو جۆرە زەوییانەی کە (٢٠٠)مەتر بوونو کرابوون بەدووبەشەوە، ماوەیەک پێشینەیان پێ دەدرا.


زۆرترین زەوییە ١٠٠ مەترییەکان لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندان

لە ئێستادا ئەنجومەنی شارەوانییەکان، سەرقاڵی ئامادەکردنی میکانیزمێکە بۆ ئـەوەی کە خانوو لەسەر زەویـی (١٠٠) مەتریی قەدەغە بکرێتو لەمەودوا پێشینە نەدرێتە ئـەو جـۆرە زەوییانەو دوای تەواوبوونی میکانیزمەکەش، بەتەواوەتی قەدەغە دەکرێتو پێشینە تەنیا دەدرێتە زەوییەک کە (٢٠٠)مەتر بێت.

بـە وتـەی بـەرپـرسـانـی وەزارەتـــی شارەوانی، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی تاپۆو زیـادەڕۆیـی شـارو شارۆچکەو گـونـدەکـانـی کـوردسـتـان، وەزارەتــی شـارەوانـیو گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم، سەرقاڵی داڕشتنی چەند خاڵێکە بۆ دامەزراندنی (دەزگای تاپۆ).

لەم ڕووەشـەوە، ڕۆژی(٢٠١٠/٥/٢٥) لـیـژنـەی شـارەوانـیـیـەکـانو خزمەتگوزارییەکانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزیـری شارەوانی کۆبووەوەو لە کۆبوونەوەکەدا وەزیـری شارەوانی ئـەوەی خستەڕوو کە وەزارەتەکەیان ماستەرپلانی بـۆ ژمـارەیـەک شـارو شارۆچکە بەئەنجامگەیاندووەو ئەو پڕۆسەیە بەردەوام دەبێت بۆ تەواوکردنی ماستەرپلانی سەرجەم شاروشارۆچکەکانی دیکە، بەمەرجێک بودجەی پێویستی بۆ دابنرێت، هەروەک ئەوەشی ڕوونکردەوە کە کێشەی سەرەکیی وەزارەتەکەیان، کێشەی تاپۆو تەجاوزاتەو بۆ چارەسەرکردنیشی پێشنیازی کرد، لەجیاتی لیژنە، دەزگایەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێنێت.

سەمیر عەبدوڵڵا، وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم، رایگەیاند: بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی تاپۆو دیـاردەی زیـادەڕۆیـی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە، لەئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی پـرۆژەیـەکـن، بۆئەوەی دەزگایەکی تایبەت بە تاپۆ لە هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێت، بۆ ئەوەی زۆر بە وردییو بە ڕێکیو بە بەرنامەو پشتبەستن بەو ماستەرپلانەی کە بۆ شوێنە جیاجیاکان دەکێشرێت، کێشەی تاپۆو زیادەڕۆیی چارەسەر بکرێت.

بڕیارەکەی هەفتەی رابردووی وەزارەتی شارەوانی، نیگەرانیو ناڕەزایی هاوڵاتییانی کوردستانو بەتایبەتی هاوڵاتییانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێری لێکەوتەوەو ڕۆژی یەکشەممە(٦/٦)، سەدان هاوڵاتی شـاری هەولێر، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی شارەوانی ڕێکخستو ناڕەزایەتیی خۆیانیان گەیاندە بەرپرسانی ئەو وەزارەتەو دواتر وەزیری شارەوانی بەڵێنی پێداچوونەوەی بە بڕیارەکەدا دا.

سـەـلـمـان ڕەشـیـد، نـوێـنـەری خۆپیشاندەرانی هەولێر، ئاماژەی بەوە کرد: ناڕازیین لە بڕیارەکەی وەزارەتی شارەوانی کە ڕێگا نادات بە دروستکردنی خانوو لەسەر زەویی (١٠٠)مەترییو (١٢٥) مەترییو خۆپیشاندانەکەشیان بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکی هەولێرە.

هەروەک وتەبێژی وەزارەتی شارەوانی باسی لـەوەکـرد، وەزیـری شـارەوانـی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەرانی هەولێر کـۆبـووەوەو بڕیاریدا، ئەو زەوییانەی دوو لەتکراونو تاپۆیان هەیە، مۆڵەتیان پێبدرێت، ئـەو زەوییانەی لە گەڕەکە هەژارنشینەکانیش دوولـەت نەکراون، لیژنەیەکیان بـۆ پێکهێنرا بـۆئـەوەی دوولەتیان بکەن، یان وەکو خۆیان بیکەنە خانوو.

ناوبراو، ڕوونکردنەوەی زیاتریدا کە ئەو کەسانەی زەویی (١٠٠)مەترییان هەیە بە پشک، یان بە تاپۆ، دەتوانن مامەڵەی وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی بینا وەربگرنو پێشینەی خانووبەرە وەربگرن، سەبارەت بە زەویی (٢٠٠)مەتریی، ئێمە کەشفی ئەو زەوییانە دەکەینو ئەگەر ژمـارەی ئەو زەوییانە کەمبوون، ئەوا مۆڵەتیان پێدەدەینو وەکو پارچە زەوییەکی سەربەخۆ حیسابیان لەگەڵ دەکرێتو پێشینەی خانووبەرە دەیانگرێتەوە.

وتەبێژی وەزارەتی شارەوانی، ئاماژەی بـەوەشـدا؛ سەبارەت بە زەویـی (٤٠٠) مەتریی، یان (٦٠٠)مەتریی، ڕێگەدەدەین دابەشبکرێن بۆ چەند پارچە زەوییەک، بەڵام بەو مەرجەی کە ڕووی خانووەکە لە (٨)مەتر کەمتر نەبێت، بڕیارەکەش لە هەفتەی داهاتووەوە کاری پێدەکرێت.

# هەناردەی نەوتی کەرکوک بە ڕێژەی (٤٠٪) کەمدەکات

هاوڕێ عەبدوڵڵا

هـەنـاردەی نـەوتـی کـەرکـوک بۆ دەرەوەی عێراق، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووەو هاوکات بەرپرسانی کۆمپانیای نەوتی باکوور، نەبوونی کارەبا بە هۆکاری سەرەکی ئەو حاڵەتە دادەنێن.

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان، لەسەر زاری بەرپرسێکی کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە بڵاویانکردووەتەوە کە لە ئێستادا، هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ تورکیا، بە ڕێـژەی(٣٦٪) کەمبووەتەوە کە تێکرای هەناردەی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکەوە بۆ بەندەری جیهانی تورکیا، لە (٧٠٠)هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمبووەتەوە بۆ (٤٥٠)هەزار بەرمیل.

ئەو بەرپرسەی کۆمپانیای نەوتی بـاکـوور، هـۆکـاری کـەمـبـوونـەوەی هـەنـاردەی نەوتی گـەڕانـدووەتـەوە بۆ زۆریـی پچڕانی هێڵی کارەبا لە وێستگەکانی هەناردەکردنی نەوتو دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە بیرە نەوتەکاندا.

ماوەی چەند مانگێکە شاری کەرکوک بە ڕێژەیەکی کەم کارەبای پێدەدرێتو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش، ئیدارەی کەرکوک هەڕەشەی بێدەنگنەبوونو هەڵوێستوەرگرتن دەکـاتو کێشەی کارەبا تەوەرێکی سەرەکی کۆبوونەوەی ئـەمـڕۆی ئەنجومەنی پـارێـزگـای کەرکوکە.

جەمال مەولود، ئەندامی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی وت: هەرچەند بەرپرسانی حکومەتی عێراق، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای کەرکوکیان دا، بەڵام تا ئێستا کێشەکە چارەسەر نەکراوەو لە کۆبوونەوەی ئـەمـڕۆی ئـەنـجـومـەنـدا، قـسـەی لەسەردەکەین.

بەپێی لێدوانی عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی کەرکوک لەکاتێکدایە، لە مانگی ئایاردا، کەرکوک یەکەم پارێزگای عێراق بووە لە هەناردەکردنی نەوتی خاودا بۆ بەندەری جیهانی تورکیا، کە ڕۆژانە (٩٠٠)هەزار بەرمیل نەوتی لێوە هەناردەکراوە.



# هاوڵاتییان لە بەشەخۆراکی مانگانە ناڕازین

هۆشەنگ هەرتەلی

بـەشـەخـۆراکـی مـانـگـانـەی کۆبوونی خۆراک، سەرەڕای ئەوەی کە پێداویستییەکانی هاوڵاتییان پڕناکاتەوە، جۆرو پێکهاتەکانیشی بەکەڵکی بەکارهێنان نایەن.

لێپرسراوی گشتیی لە وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستانیش رایـدەگـەیـەنـێـت: بەشەخۆراکی مانگانە پەیوەندیی بەئەوانەوە نییەو چەندجارێکیش بۆ گۆڕینو باشترکردنی، داوایـان لە وەزارەتی بازرگانیی عێراق کردووە، بەڵام گوێ بەداواکانیان نادەن.

هاوڵاتی، خدر ئەحمەد لە ناحیەی سەروچاوە، لە یەکێک لە بریکارەکانی دابەشکردنی خـۆراک، خەریکی وەرگرتنی بەشەخۆراکی ئەمجارەبوو، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە ڕازی نین لەو بەشەخۆراکەی کە بەکۆبوون وەریدەگرین، چونکە جۆرەکانی زۆر خراپنو بەکەڵکی خواردن نایەن».

داواشیـکـرد، جـۆرو چۆنێتیی خـۆراکـەکـان باشبکرێن، چونکە بە وتـەی ئـەو: «بۆ زۆر جـۆری تر دەبێت لەبازاڕەکان بیکڕنو ئەوەی پێیاندەدرێت پێداویستییەکانیان پڕناکاتەوە».

لەبەرامبەردا عەزیز ئیبراهیم، لێپرسراوی گشتیی لە وەزارەتـی بازرگانیی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی عێراق بەردەوام لە وتوویژدانو چەند جاریش داوایان لێکردوون، بۆ باشترکردنی جۆرەکانی بەشەخۆراکی هاوڵاتییان.

وتیشی: «وەزارەتـی بازرگانیی عێراقی، بەڵێنمان پـێـدەدەن بۆ بـاشـتـرکـردنـی، بـەڵام هـەروەک خۆیەتیو زۆرجار خراپتریشن».

سەبارەت بە کڕینی بەشەخۆراک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەو بەرپرسەی وەزارەتـی بازرگانی، وتـی: «کڕینی بەشەخۆراک، هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییەو هیچ بەرنامەیەکیشمان بەدەستەوە نییە بۆ کڕینی بەشەخۆراکی هەرێمی کوردستان کە بکەوێتە دەست ئێمەو لە ئێستاشدا کۆبوونی خۆراک بۆماوەی (٢) ساڵ لە چاپدراوە».

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی مەرجی تەندروستی پێویست، لە سەرەتای ئەمساڵەوەلیژنەی ئابووریی لە قەزای سۆران چەندەها دوکانو کۆگـای داخـسـتـووەو دەستیشی گرتووە بەسەر چـوار تەن کاڵای خۆراکیو ناخۆراکی هەمەجۆری ماوە بەسەرچوودا.

مـحـەمـەد سـەعـیـد سـەرۆکـی لیژنەی ئابووریی قـەزای سـۆران رایگەیاند: «لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا چەندین دوکانو کۆگامان لە قەزاکە داخستووە بەهۆی ئەوەی مـەرجـی تەندروستییان ڕەچـاو نەکردووەو کاڵای زیانبەخشو ماوە بەسەرچوویان فرۆشتووە.

وتیشی: تا ئێستا دەستمان بەسەر چوار تەن کاڵای خۆراکیو ناخۆراکی هەمەجۆر لەناوئەودوکانو کۆگایانەدا گرتووەو لێپێچینەوەی یاساییشمان لەگەڵ خاوەنەکانیاندا کردووە.



# هەرێم لە بودجەی تەواوکاریی عێراق، بێبەش دەبێت

رۆژنامە

هەرێمی کوردستان لە (١٧٪)ی بودجەی تەواوکاریی عێراق، بێبەش دەبێتو جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانیش، هۆکارەکەی بۆ درەنگ دانیشتنی پەرلەمانی نوێو پێک نەهێنانی حکومەت دەگێڕێتەوە.

بەپێی یاسای ئیدارەو کاروباری دارایی عێراق، پێویستە لە مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا، ئەگەر پێویستی کرد، حکومەت داوای بودجەی تەواوکاریی بکات تا دواتر لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەند بکرێت، بەڵام ئێستا هەفتەی سەرەتای ئەو مانگە تێپەڕیوەو بودجەی تەواوکاریی دەنگی نییە.

د. ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایـیو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی پێشوو)، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی گشتیدا، بەیان جەبری وەزیری دارایی عێراق، بەڵێنی پێدان کە لە مانگی (حوزەیران)دا بودجەی تەواوکاریی ئامادە بکات، بەڵام بەوپێیەی تا ئێستا پەرلەمانی نوێ دانیشتنی نەکردووەو حکومەت پێک نەهاتووە، پێدەچێت ئەو پرسە دوابکەوێتو ئەگەر دواشبکەوێت بەپێی یاسای ئیدارەو کاروباری دارایی عێراق، نابێت بودجەی تەواوکاریی پەسەند بکرێت، بەوپێیەی لەمانگی (ئاب)ەوە کار بۆ ئامادەکردنی بودجەی (٢٠١١)دەکرێت».

بـودجـەی تـەواوکـاریـی، سـاڵانـە لـە مانگی (حـوزەیـران)دا دەخرێتە بـەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانو بەپێی یاسای ئیدارەو کاروباری دارایی، بودجەی تەواوکاریی لە بارەکانی بوونی کارەساتی سروشتی، یان جەنگ، یان خراپی باری ژێرخانی ئابووریدا دادەنرێت.

بە بڕوای د. ئیسماعیل شوکر، خراپیی باری ژێرخانی ئابووریی عێراق، نەک بە تەنیا پێویستی بە بودجەی تەواوکاریی هەیە، بەڵکو پێوستی بە زیادکردنی بودجەی گشتیش هەیە.

بودجەی تەواوکاریی عێراق کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بڕەکەی لە نێوان (٦-٧) ملیار دۆلار بووە، بەهاوشێوەی بودجەی گشتیی، (١٧٪)ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێتو ساڵی پاریش بەهۆی دواکەوتنی بودجەی تەواوکارییەوە، ئەنجومەنی نوێنەران قایل نەبوو پەسەندی بکات، بەمەش بۆ ساڵی دووەم لە دوای یەک، هەرێمی کوردستان لەو بڕە پارەیە بێبەش دەبێت.

د. ئیسماعیل شوکر، بێبەشبوونی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی تەواوکاریی دووپاتکردەوەو وتیشی: «چەند ساڵی رابـردوو، (١٧٪)ی بودجەی تەواوکاریمان بۆ هەرێم وەرگرتووە، بەڵام ئەمساڵ لێی بێبەش دەبین».

# لە دژی برسێتی، لە هەولێر ڕێپێوان دەکرێت

رۆژنامە

بۆ یەکەمینجار لە چوارچێوەی هەڵمەتی جیهانیی بەگژاچوونەوەی برسێتیدا کە ڕێکخراوی خۆراکی جیهانیی (WFP) ساڵانە سازیدەکات، لە شاری هەولێریش ئەو بۆنەیە ڕێکخرا.

لە ڕاگەیەنراوێکدا، ڕێکخراوی بەرنامەی خۆراکی جیهانیی (WFP) باسی لەوەکردووە، کە ڕۆژی یەکشەممە (٦/٦) ڕێوڕەسمێک لەژێر ناوی (ڕێپێوانێک بە چواردەوری جیهان)دا ڕێکدەخرێت کە ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی ئاسایشی خۆراکە لە جیهانداو دووسەد وڵات لە بۆنەکەدا بەشداری دەکەن.

لەو بارەیەوە، ئیدوارد کالۆن، یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانی ڕێکخراوەکە، لە لێدوانێکدا رایگەیاندووە: ئەمساڵ بۆ یەکەمینجار لە پارێزگای هەولێر ئەو بۆنەیە ڕێکدەخرێت کە لە ئوستورالیاوە دەستپێدەکاتو لە ساموا کۆتایی پێدێت.

ئەوەشی وتـــووە: بۆنەکە بە ڕێپێوانێکی ڕۆتین دەستپێدەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی حکومییو ناحکومییو منداڵانی ئەو قوتابخانانەی کە لە بەرنامەی خۆراکی قوتابخانەدا سوودمەندنو سەر بە بەرنامەی خۆراکی جیهانین.

جێی ئاماژەپێکردنە، ڕۆژی (٢٠١٠/٦/٦) ڕێپێوانەکە لە پارکی (شەهید سامی عەبدولڕەحمان) لە هەولێر ئەنجامدراو تیایدا بۆماوەی ١٠ خولەک بەشداربووان ڕێپێوانیانکرد.

لەو ڕێپێوانەشدا نوێنەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریانکرد.

ئیدوارد کالۆن، لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە: مەبەست لەو ڕێپێوانە، هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو دامودەزگاکانە لەو مەترسییانەی برسێتی لەسەر منداڵانی جیهان دروستیکردووون.

WFP

# وەزارەتی کارەبا بێ بەرنامە کارەبا بە هاوڵاتییان دەدات

**راپۆرتی: بەهادین یوسف، پشتیوان سەعدوڵڵا**

بەهۆی بێپلانیو بێبەرنامەییەوەوەزارەتی کارەبا پەنادەباتەوە بەر بەنداوەکانو موەلیدە ئەهلییەکان، هەروەک لە هاوینی ئەمساڵدا بەشێوەیەکی نارێک کارەبا بە هاوڵاتییان دەدرێت.

سەرەرای تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆرو دامەزراندنی چەندین وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەڵام تائێستا کارەبا یەکێکە لە کێشەکانی خەڵکو هەر مانگەو بەرنامەیەک بۆ پێدانی کارەبا دادەنرێتو وەزارەتی کارەبا ناتوانێت پلانێکی ساڵانە، یان وەرزیی بۆ خشتەی کارەبا دابنێت، هەرچەند لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٠/٦/١ی وەزارەتی کارەبادا، بریاردرا مانگی حوزەیران بری (١٨) سەعات کارەبای نیشتمانیی بدرێتە هاوڵاتییان، بەڵام لەئێستادا ناتوانرێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێبکرێت.

دیار بابان، وتەبێژی وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: چەند رۆژێک پێش ئێستا رامانگەیاند، کە لەنێوان (١٦ـ١٨) سەعات کارەبا بە هاوڵاتییان دەدەین، بەڵام ئەمە جێگیر نییە، کەمبوونەوەی کارەبا پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بەو کێشانەی کە لە مانگی ئایاردا لە وێستگەی کارەبای هەولێر دروستبوون، کە لە کۆی چوار یەکە دوو یەکەیان کارناکەنو ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کە نەتوانین ئەو بەرنامەیەی کە دامانناوبوو بۆ پێدانی کارەبا جێبەجێ بکەین، چونکە بەو هۆیەوە زیاتر لە (٢٠٠) میگاوات کارەبا لە تۆری کارەبای هەرێم کەمبووەتەوە.

بەردەوامبوونی کێشەی کارەبا لەکاتێکدایە کە سێ ساڵ پێش ئێستاو لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هۆشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووی کارەبا، بەڵێنیدا لە ناوەراستی ساڵی (٢٠٠٨)دا کێشەی کارەبا چارەسەر بکات، هەروەها لەماوەی سێ ساڵی رابردووشدا زیاتر لە (٢) تریلیۆنو (٥٠٠) ملیار دینار بۆ بواری کارەبا تەرخانکراوە، سەرەرای ئەوەی بەپێی رێکەوتنێک لەگەڵ کۆریای باکووردا حکومەتی ئەو وڵاتە بریاریداوە (٤٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ پێشخستنی تۆری کارەبای هەرێم تەرخان بکات، جگە لەوەش لە بودجەی ئەمساڵی هەرێمدا بری (١٠٤) ملیارو (١٥) ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی کارەبا تەرخانکراوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستی (رۆژنامە)دایە، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، بری (١) ملیارو (١٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی هەرسێ وێستگەی (٥٠٠ میگاواتی هەولێرو ٧٥٠ میگاواتی سلێمانیو ٤٠٠ میگاواتی دهۆک تەرخانکراوە)، کە دەبوو بەهەرسێکیان زیاتر لە (١٦٥٠) میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنن، کە کۆی داواکاریی هاوڵاتییان بۆ کارەبا پردەکاتەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو سێ وێستگەیە تەنیا (٥٨٠) میگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن.

بەپێی خشتەیەکی وەزارەتی کارەبا، لەئێستادا نزیکەی (١٠٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنرێت، بەمشێوەیە (کارپێکردنی سێ یەکەی وێستگەی کارۆئاویی دوکان (٢١٠) میگاوات، یەک یەکەی وێستگەی کارۆئاویی دەربەندیخان (٦٠) میگاوات، وێستگەی سلێمانی غازی (٣٨٠) میگاوات، وێستگەی (٥٠٠) میگاواتی هەولێر (٢٠٠) میگاوات، کارەبای هاتوو لە تۆری کارەبای نیشتمانیی عێراق (٣٠) میگاوات، کارەبای هاتوو لە تۆری کارەبای تورکیا (١٤٠) میگاوات)، بەپێی سەرچاوەکانی وەزارەتی کارەباش خواستی گشتیی کارەبای هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی لەسەر کارەبا (١٧٠٠-١٧٥٠) میگاوات کارەبایە.

پرۆژەی وێستگەی کارەبای (٧٥٠) میگاواتی سلێمانی لە چەمچەماڵ کە لە شەش یەکە پێکهاتووە، بەپێی گرێبەستێکی نێوان حکومەتی هەرێمو کۆمپانیای (ماس) لەساڵی (٢٠٠٦)دا بە بری (٦٠٠) ملیۆن دۆلار تا ساڵی (٢٠٠٩) جێبەجێدەکرێت، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیە تەواونەکراوە، هەرچەند لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆژەکەی کردەوە.

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ئەوە دەخاتەروو، کە لە ئێستادا وێستگەکە چوار یەکەی کاردەکات، ئەو چوار یەکەیەش کە دەبوو (٥٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەمبهێنن، بەڵام بەهۆی پلەی گەرماوە بری (٣٨٠) میگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن، پێشبینی دەکەین لە کۆتایی ئەمساڵدا یەکەی پێنجەمو دواتریش یەکەی شەشەم بکەونە کار.

هەروەک دیار بابان ئاماژەی بەوەکرد: لەو ئاوەی کە لە بەنداوی دوکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دانراوە، زیادەرۆییمان کردووەو بەردەوام سێ یەکە لە کاردان، کە (٢١٠) میگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن، لەکاتێکدا دەبوو دووانیان بەکاربهێنرایە، هەروەها کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان زیادکراون.

سەرەرای هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەباو تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام پسپۆرانی کارگێریی بەردەوامبوونی گرفتی کارەبا بۆ بێپلانیی حکومەت دەگەرێننەوە.

هەروەک دیلمان محەمەد، پسپۆر لە بواری کارگێریی گشتیی، ئاماژە بەوەدەکات: لە رووی ئیدارییەوە سێ جۆر پلانی (ستراتیژیی، مامناوەند، جێبەجێکاریی) هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تائێستا پلانێکی ستراتیژیمان نەبووەو پلانەکان تەنیا لە زاری وەزیرو بەرپرسو گەورەکانەوە دەبیسترێت، وەزارەتی کارەباش تائێستا پلانێکی زانستیو ستراتیژیی نەبووە بۆ ئەو مەبەستە، ئەوەی باسدەکرێت تەنیا لێدوانو قسەیەو لە ناوەرۆکدا هیچ نییە، لە کوردستاندا پلان بریتییە لە قسەی بەرپرسە باڵاکان.

بەڵام بە وتەی وتەبێژی وەزارەتی کارەبا «بەپێی بەرهەمی کارەبا پلان دادەنێینو پشت بە بری کارەبای بەهەرمهێنراوی یەکەکان دەبەستین، بەڵام لەکاتی دروستبوونی کێشەی تەکنیکیو وەستانی ئەو یەکانە، هەموو بەرنامەی وەزارەتی کارەبا تێکدەچێت، ئەوەش کێشەی سەرەکیی وەزارەتی کارەبایە».



وێستگەیەکی کارەبا

# چەمچەماڵ، لە چاوەڕوانیی نەخۆشخانەی (١٠٠)قەرەوێڵەییدایە

**راپۆرتی: ئاری لوقمان**

گوڵان محەمەد، دانیشتووی گەرەکی راپەرینی چەمچەماڵەو بە نیگەرانییەوە باس لەوە دەکات، کە بەهۆی قەرەباڵغییەوە لە مەڵبەندی تەندروستیی چەرمۆ وەک پێویست چارەسەری نەخۆشییەکەیان نەکردووە.

فراوانبوونی شاری چەمچەماڵو ئەو (٦)ناحیەیەی دەوروبەر، فشارێکی زۆری لەسەر نەخۆشخانەکان دروستکردووە، ئەمەش بەهۆی کەمیی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی لە ناوچەکەدا.

گوڵان پێیوایە: ئێستا چەمچەماڵ جیاوازیی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا، ئەو مەڵبەندە تەندروستییەی بۆی دروستکراوە، بۆ ئەوکاتە بوو کە دانیشتووانەکەی کەم بووە، بەڵام لە ئێستادا پێویستە رەچاوی زۆربوونی دانیشتووانەکەی بکرێت.

قەزای چەمچەماڵ زیاتر لە (١٥٠)هەزار کەس دانیشتووانەکەیەتی، لەبەرامبەردا تەنیا (٣) نەخۆشخانە هەیە کە ئەوانیش لەژێر فشارێکی زۆری هاوڵاتییاندانو ناحیەو گوندەکان پێویستییەکی زۆریان بە بنکەی تەندروستی هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لەلایەن بەرێوەبەرێتیی تەندروستیی چەمچەماڵەوە پێشنیازو داواکاریکراوە بۆ: کردنەوەی مەڵبەندێکی سەرەکی لە گەرەکی بناری ئەنفالەکان، بنکەی تەندروستی بۆ گەرەکی کوردستان، چارەسەرێکی سروشتی بۆ گەرەکی ئاران، زەوی دابینکراوە بۆ دروستکردنی بنکەیەکی تەندروستی لە گەرەکی بێکەس، نەخۆشخانەیەکی ددان لە گەرەکی رزگاریو بە نووسراوی ژمارە (٩٤٤و ٩٤٥) لە رۆژی (٢٠٠٩/٦/٨)دا پێشنیازی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (١٠٠)قەرەوێڵەیی کراوە بۆ چەمچەماڵ، بەڵام بە نووسراوی ژمارە (٧٧٥٥) لە رۆژی (٢٠٠٩/٧/١٩) بەرێوەبەرێتیی گشتیی پلاندانانو فێرکردنی تەندروستی، نووسراوێکی ئاراستەی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی، بەشی نەخشەکێشان کردووە، کە تێیدا ئاماژە بە رەزامەندیی وەزیری تەندروستی کراوە لەسەر گۆرینی جۆری بینای بنکەی تەندروستیی تازە دروستکراو لەناو قەزای چەمچەماڵ، لە بنکەی تەندروستییەوە بۆ نەخۆشخانەی منداڵبوونو دانانی پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٥٠) قەرەوێڵەیی لە چەمچەماڵ لەسەر پلانی ساڵی(٢٠١٠).

سەبارەت بە چارەسەرکردنو دروستکردنی بنکەو مەڵبەندەکانی تەندروستی بۆ گەرەکەکانی قەزای چەمچەماڵ، د. هەندرێن رەشید، بەرێوەبەری تەندروستیی چەمچەماڵ، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ساڵی رابردوودا بەرنامەمان هەبووەو رەزامەندیی جێگری سەرۆکی حکومەتمان وەرگرت بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (١٠٠)قەرەوێڵەیی بۆ چەمچەماڵ، بەڵام لە وەزارەت کرا بە (٥٠) قەرەوێڵەییو دروستکردنی بنکەی تەندروستی بۆ گەرەکی ئەنفالەکانو ناوبازاریش نێردراوە بۆ بەرێوەبەرێتیی تەندروستیی سلێمانیو تا ئێستا نازانین کە بۆچی جێبەجێ نەکراون».

ئاماژەی بەوەش کرد: بەرێز، قایمقامی چەمچەماڵ ئاگاداری کردینەوە، ئەو پرۆژانەی پێشنیازتان کردوونو تەسدیق نەکراون، بیبیانێرن، بەڵام تا ئێستا ئێمەو دانیشتووانی چەمچەماڵ لە چاوەروانیی جێبەجێکردنیاندایین.

خەڵکی چەمچەماڵ بە ئومێدەوە دەروانننە ئەو بەڵێنەی حکومەت بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (١٠٠)قەرەوێڵەییو چەندین مەڵبەندو بنکەی تەندروستی بۆ قەزاکەیانو دەترسن ئەم بەڵێنەی حکومەت وەک بەڵێنەکانی تر بێت کە جێبەجێ ناکرێن.

کەریم عەبدوڵڵا، کە هاوڵاتییەکی تری شاری چەمچەماڵەو ئاماژە بەوەدەکات: تا ئێستا وەک پێویست چارەسەری گرفتی کەمیی بنکەو مەڵبەندی تەندروستی بۆ چەمچەماڵ نەکراوەو بەپێویستیشی دەزانێت کە نەخۆشخانەیەکی گەورەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی بۆ چەمچەماڵ دروست بکرێت.

# هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل (٤٠٪) زیاد دەکات

**ئەحمەد باڵەکی**

لە پێنج مانگی سەرەتای ئەمساڵەوە (٩٥٣٠) ئۆتۆمبێل لە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراونو بەراورد بە ساڵانی پێشوو، رێژەی (٤٠٪) زیادیکردووە.

لەدوای بە فەرمیبوونی مەرزی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەرانەوە، رۆژانە چەندین کەلوپەلی خۆراکیو ناخۆراکی لەو مەرزەوە هاوردەی هەرێم دەکرێنو جموجوڵی بازرگانی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوەو رۆژانەش چەندین جۆری ئۆتۆمبێل لەو سنوورەوە هاوردە دەکرێن.

سەلام عەرەب، بەرپرسی کاروباری گومرگی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە، تا کۆتایی مانگی(٥)، (٩٥٣٠) ئۆتۆمبێلو ئامێری جۆراوجۆر هاوردەی هەرێم کراون لە وڵاتانی: ئەوروپا، ئاسیا (کۆریاو یابانو چین)و لە ئیماراتیشەوە لە رێگای بەندەر عەباسی ئێرانەوە هاتوونەتەوە خاڵی گومرگی حاجی ئۆمەرانو لەوێشەوە هاوردەی هەرێم کراون، ئەمانەش چەند جۆریکن، لەوانە ساڵۆن ستەیشنو ئامێری جۆراوجۆرو تراکتۆری زراعیو ماتۆرسکیلیش دەگرێتەوە.

لەساڵی (٢٠٠٨)ەوە، خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەران وەک مەرزێکی فەرمیی نێودەوڵەتی کراوەتەوەو جموجوڵی بازرگانی لەو مەرزە زیاتر بووژاوەتەوە، بەڵام مەرزەکەو ناوچەکانی دەوروبەری وەکو پێویست پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین نەکراوەو تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەیتوانیوە کارەبای نیشتیمانییان بۆ دابین بکات، ئەگەرچی ئەو مەرزە ساڵانە داهاتێکی زۆری بۆ خەزێنەی حکومەتی عێراقو هەرێم هەیە.



یەکێک لە پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

فۆتۆ: رۆژنامە

# حکومەتی هەرێم ڕەچاوی یەکسانیی جێندەریی ناکات

ژمارەی ڕەگەزی نێرو مێ لەهەر پێنج فەرمانگەی تەندروستیدا

| فەرمانگەی تەندروستی | فەرمانبەر | | پزیشک | | یاریدەدەری پزیشک | | بەڕێوەبەری بەش | | بەڕێوەبەری نەخۆشخانە | | سەرجەم | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| هەولێر | 6749 | 4155 | 1138 | 869 | 2074 | 1161 | 132 | 64 | 392 | 109 | 10093 | 6249 | 16342 |
| سلێمانی | 2085 | 3077 | 993 | 457 | 1709 | 1512 | 56 | 70 | 234 | 49 | 4843 | 5116 | 9959 |
| دهۆک | 2263 | 1271 | 555 | 282 | 544 | 221 | 28 | 10 | 128 | 18 | 3390 | 1784 | 5174 |
| گەرمیان | 697 | 387 | 33 | 19 | 53 | 13 | 22 | 0 | 70 | 1 | 805 | 419 | 1224 |
| کەرکوک | 3103 | 1758 | 390 | 275 | 469 | 163 | 15 | 3 | 5 | 0 | 3977 | 2199 | 6176 |
| کۆی ڕەگەز | 14897 | 10648 | 3109 | 1902 | 4849 | 3070 | 253 | 147 | 829 | 177 | 23108 | 15767 | 38875 |
| کۆی پۆست | 25545 | | 5011 | | 7919 | | 400 | | 1006 | | | | |

ئەلەند مەحوی

بەپێی ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندن‌و شیکاریی جێندەریی، کە کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان ئامادەی کردووە، کلتووری نێرسالاریی لەکوردستاندا درێغیی لە سەرکوتکردنی ڕەگەزی مێینە نەکردووە.

کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان PDA، لەو ڕاپۆرتەیدا سەرژمێرییەکی ڕەگەزی لە فەرمانگەکانی وەزارەتی تەندروستیدا ئەنجامداوەو بەپێی سەرژمێرییەکە لە کۆی (فەرمانبەر، پزیشک، یاریدەدەر، بەڕێوەبەری بەش‌و بەڕێوەبەری نەخۆشخانە)کانی فەرمانگە تەندروستییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک، گەرمیان) کە ژمارەیان (٣٨٨٧٥) کارمەندە، تەنیا (١٥٧٦٧) کارمەندیان مێینەن‌و ئەوانی تریان کە (٢٣١٠٨) کارمەندن، نێرینەن.

لە ڕاپۆرتەکەدا، ڕێکخراوی PDA دەڵێت: لە هەرێمی کوردستاندا کلتووری نێرسالاریی بەسەر هەموو کایەکاندا زاڵەو ئەم کلتوورەش درێغیی لە سەرکوتکردنی ڕەگەزی مێینەدا نەکردووەو بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەی توانای ڕەگەزی مێینەدا بووە بە جۆرەها شێوازی جیاواز جیاواز.

پەیام ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی بەرگریی لە مافی ئافرەتان، لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانێت کە دەسەڵات ڕێگە بە ژنانی لێهاتوو بدات تا بەشداریی لە بەڕێوەبردندا بکەن‌و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی یەکسانیی جێندەریی ناکات.

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، نیگەرانە لەوەی کە تەنیا لە کارمەندی ئاساییدا دەرفەت بۆ دامەزراندن‌و کارکردنی ژنان دەڕەخسێت‌و دەڵێت: «لە پۆستە باڵاکاندا حکومەت دەرفەت بۆ ژنانی لێهاتوو نارەخسێنێت، تەنها پیاوانن کە بەرپرسیارێتی وەردەگرن».

کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان، جەخت لەوە دەکاتەوە: لە کوردستان، لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوورییەوە، ڕەگەزی نێرینە دەرفەتی زیاتری لەبەردەمە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی ژیان‌و گەیشتن بە پلە باڵاکان.

# لە هەولێر، بکوژانی کرێکارێک نەدۆزراونەتەوە

ئاوارە حەمید: هەولێر

دوای زیاتر لە (٤)مانگ لە کوشتنی گەنجێک لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێردا، تائێستا بکوژانی نەدۆزراونەتەوەو بنەماڵەکەشی نیگەرانن کە حکومەت کەیسەکەی پشتگوێخستووە.

هاوڵاتی، ڕێناس عوسمانی تەمەن (٢٠) ساڵ، کە لە خێزانێکی هەژاری گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێرەو پیشەی کرێکار بووە، ڕۆژی (٢/١٠) لە گەڕەکی ژیانی شاری هەولێر بریندار دەکرێت‌و دوای دووڕۆژ لە نەخۆشخانە گیان لەدەستدەدات.

لە یاداشتێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامە، عومەر عوسمان حەوێزی باوکی ڕێناس باس لە کوشتنی کوڕەکەی دەکات‌و دەڵێت: کوڕەکەم لە گەڕەکی ژیان لەسەر کار بوو، شەش کرێکاری تری لەگەڵدا بوو، لەناکاو پێیانراگەیاندین کە کوڕەکەم کوژراوە، دوای ئەوەی چووینە شوێنی ڕووداوەکە، بینیمان کوڕەکەمان بریندارەو نێوچەوانی شوێنی گوللەی پێوە دیار بوو.

لە بەشێکی تری یاداشتەکەیدا باوکی ڕێناس، ئاماژە بەوە دەکات: دوای دووڕۆژ لە نەخۆشخانەو لەژێر چارەسەری پزیشکیدا بوو، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە کۆچی دوای کردو دەڵێت: «خەڵکی گەڕەکەکە دەڵێن، گوێمان لە دەنگی تەقەبووە، بەڵام نەخۆشخانەی ڕزگاریی‌و کۆماری دەڵێن، گوللەی بەرنەکەوتووە، بەڵکو زەربەیە، واتا سەنگێکی توندی بەرکەوتەوە».

هەر لەیاداشتەکەدا، نیگەرانیی خانەوادەکەی نیشانداوە بەوەی کە تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکراوەو کەسیش دەسگیر نەکراوەو داوا لە لایەنی پەیوەندار دەکەن، بەدواداچوون بکەن‌و تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنن.


ڕێناس

ئامانج عوسمانی برای ڕێناس بۆ (ڕۆژنامە)ی ڕوونکردەوە کە دوای ڕووداوەکە، لە بنکەی پۆلیسی ڕاستی سکاڵایان تۆمارکردووەو جارێک دادوەر کرێکارەکانی بانگ کردووەو تەنها وتەی لێوەرگرتوون‌و ئازادی کردوون‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریشیان ئاگاردارکردووەتەوەو پێیوتوون: «کێشەکە ئاڵۆزە». وتیشی: «پارێزەرمان گرتووە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکە، بەڵام پارێزەرەکەش سەری سوڕماوەو دەڵێت، حکومەت ئامادە نییە لێکۆڵینەوە بکات».

بنکەی پۆلیسی ڕاستی، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە سکاڵا لە لای ئەوان تۆمارکراوەو بەپێی سەرچاوەیەکی پۆلیس بۆ ڕۆژنامە، کەیسی ڕێناس لە بەڕێوەبەرێتیی تاوان‌و کوشتنە، بەڵام هەرچەندە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی تاوان‌و کوشتن، بە بیانووی نەهێنانی مۆڵەتەوە، ئامادە نەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بۆ پەیامنێرمان بدات، بەهەمانشێوەش خەیرەدین شەهاب، کە ئێستا لە شوێنی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرە، ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بدات بە بیانووی ئەوەی ئەو تازە هاتووەتە ئەم شوێنەو ڕووداوەکە لەکاتی ئەودا نەبووە.

# بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی، مادەی کیمیاوییان نییە

ڕاپۆرتی، دلێر عەبدولخالق

لەکاتێکدا بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی، بەدەست نەبوونی کەرەستەی تاقیگەی شیکارییەوە دەناڵێنن، بەشی کیمیای زانکۆی سەلاحەدین، چەند بەرمیلێک کەرەستەی تاقیگە، دوای ئێکسپایەربوونی دەسووتێنێت.

بەپێی لێدوانی مامۆستای تاقیگەکەیان، بەشی کیمیای سەر بە کۆلێجی زانست لە زانکۆی سلێمانی، زۆربەی ئەو کەرەستانەیان نەماوە کە پێویستدەکات لەتاقیگەکانیاندا هەبن بۆئەوەی مامۆستاو خوێندکارانی بەشەکە، وانەکانی لەسەر پراکتیک بکەن، هاوکات داواکاریی پەیداکردنی ئەو کەرەستانەش بەرزکراوەتەوە، بەڵام تائێستا بۆیان دەستەبەر نەکراوە.

ئاکام کەریم، مامۆستای تاقیگەی شیکاریی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «شەش ساڵە کەرەستەی تاقیگە بۆ بەشی کیمیا نەهاتووە، کە پێشتر لەئێرانەوە هێنراوە، ئێمە (٨) تاقیگەمان هەیە کە کۆمەڵێک مادەی جیاوازی تێدا بەکاردێت، بەڵام بەهۆی زۆریی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەوە، بەشێکی زۆر لە پێویستییە سەرەکییەکانمان تەواوبوون‌و ئەگەر بەزوویی بۆمان دابیننەکرێت، وانەی پراکتیکی بەشێک لە خوێندکارەکان دەوەستێت».

بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی ماوەی دوو ساڵە بە کۆمەکی بەشی دەرمانسازیی هەمان زانکۆ بەشێک لە پێویستیە کیمیاوییەکان وەردەگرن‌و بەکاریاندەهێنن.



مادده کیمیاوییەکان لە زانکۆی سلێمانی دەست ناکەون‌و لە زانکۆی سەلاحەدین بەسەردەچن

ئەوەی جێی سەرنجە، لەگەڵ پێویستیی بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی بە کەرەستەی تاقیگەی شیکاریی، لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوبووەوە، چەند تەنێک کەرەستەی تاقیگەی بەشی کیمیای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، دوای ئێکسپایەربوونی سوتێنراوە، کەواتە جیاوازی ئەو دوو بەشە لەوەدایە، ئەوەی سلێمانی نییەتی‌و ئەوەی هەولێریش لە زۆرییدا ئێکسپایەر دەبێت.

ئاکام کەریم، وتیشی: «لەوانەکانماندا بەشی تیۆری‌و بەشی پراکتیکیمان هەیە، بەڵام تیۆری بەبێ پراکتیکی هیچ سودی نییە، چونکە ئەگەر کەرەستەکان هەبن، خوێندکارەکان خۆیان تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن، نەک سەیری دەستی چەند مامۆستایەک بکەن».

لەبەرامبەردا، د. دیاری ئیبراهیم، سەرۆکی بەشی کیمیا لە زانکۆی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو مادانەی نەماون، لەو مادانەن کە ڕۆژانە سەرفدەبن‌و خوێندکاران بەکاری دەهێنن، بەشەکەمان لۆدی هەموو زانکۆی لەسەرە، واتە خوێندکارانی بەشە زانستییەکان جگەلە ماتماتیک‌و کۆمپیوتەر، بە کولێژی پزیشکیشەوە ئیش لەسەر ئەو تاقیگەیە دەکەن».

سەرۆکی بەشی کیمیا، ئەوەشی ڕاگەیاند: «داواکاریی کڕینی ئەو کەرەستانەیان بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆ بەرزکردووەتەوەو ئەوانیش ناردوویانە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆئەوەی ڕەزامەندی لەسەربدرێت‌و بکڕدرێت، چونکە لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە کەرەستە نەکڕدراوە، ئەو کەرەستەیەش هەر شەش ساڵ بەرگە دەگرێت».

# پڕۆژەیاسای مافی کابانی ماڵ... نیفاقی سیاسیی



مەحمود ڕەزا ئەمین

بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرنامەیدا بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ی پەرلەمانی کوردستان، بڕینەوەی یارمەتی بۆ کابانی مالی کردبووە خالێکی بنەڕەتی، پاش دەستپێکردنی دانیشتنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان، فراکسیۆنی گۆڕان، لەگەڵ دەیان پڕۆژە قانونی تر، پڕۆژە قانونێکی بۆ مافی کابانی ماڵ پێشکەشکرد.

فراکسیۆنی دەسـەڵات لە پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای هەفتەی چوارەمی مانگی مەی دا، پڕۆژەیاسای مافی کابانی مالی ڕەفز کرد، بیانوی ڕەفزکردنی ئەم پڕۆژەیە لەلایەن فراکسیۆن‌و حیزبەکانی دەسەڵات‌و، لەلایەن هەندێک لەو خاتونانەش، کە خۆیان لە ئەوروپا سوودیان لە یاسای سۆسیال وەرگرتووەو پێی دەژین، ئەوەیە کە ئەم یاسایە دەبێ بەهۆی کێشانەوەی دەستی کـاری خاتونانی کوردستان لە «کارگەو مەزراو فەرمانگە»کانەوە بۆ ناو چوار دیواری ماڵەکانیان.

### سۆسیال دیموکرات‌و دادی کۆمەڵایەتی

حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید، هۆڵاندو ئەلمانیا دەیـان سـاڵ خەباتی بێ وچانیان کرد تا توانییان سیستمی دادی کۆمەڵایەتی‌و وردەکارییەکانی لە وڵاتەکانیان بچەسپێنن.

بیرو بۆچوونی سۆسیال دیموکراتەکانی دنیا پشت بە کۆمەڵێک پرەنسیپ دەبەستێت: بەدیهێنان‌و داکۆکیکردن لە دادی کۆمەڵایەتی؛ پاراستنی پرەنسیپەکانی بـازاڕی ئازاد؛ دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە؛ دابینکردن‌و بەرگریکردن لە ئازادییە گشتییەکان‌و ئازادیی تاک؛ پێکەوەژیانی ڕەنگو عەقیدەو ئایدیۆلۆژیاو نەتەوە جیاوازەکان‌و، بڕوابوون بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەجێگەی ململانێی توندوتیژیی چینەکانی کۆمەڵ، کەواتە دادی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە پرەنسیپەکانی بیری سۆسیال دیموکرات، نەک هەمووی.

سۆسیال دیموکراتەکانی ئەسکەندەنافیاو ئەوروپا، بەهۆی ئەو دەسکەوتانەی بۆ مرۆڤەکان‌و وڵاتەکانیان بەدەستیانهێنان، توانییان سالانێکی درێژ، بەدەنگی دەنگدەران لەسەر کورسیی حوکم بمێننەوە، ئێستا ئەو دەسکەوتانەی سۆسیال دیموکراتەکان لەو وڵاتانە بەدەستیان هێناون، بە جۆرێک لەناو دلی سیستمەکاندا چەسپیون، کە حیزبە ڕاست‌و کۆنسێرڤەتیڤەکانیش، کاتێک دەسەڵات دەگرنە دەست، زات ناکەن کەمیان بکەنەوە.

### نیفاقی سیاسیی

کەسێک داوای ڕەوشت بەرزی لە خەڵک بکات‌و خۆی بە پەنهانی خەریکی بێڕەوشتی بێت، پێی دەوترێت منافق، ئەو کەسانەی بەدەم شتێک دەڵێن‌و بەکردەوە شتێکی دیکە دەکەن... داوا لە خەڵک دەکەن شتێک بکەن کە خۆیان نایکەن، کۆمەڵناسی مەزنی عێراقی، دکتۆر عەلی وەردی ناوی ناون (وعاظ السلاطين: واعیزەکانی سولتانەکان).

بەلام لەدنیای سیاسەتدا ئەو حیزبەی لە پڕوپاگەندەکانی‌و لە بەرنامەکەی‌و لە ڕاگەیاندنەکەیدا دەنگو پشتیوانیی بە بەڵێنێک بەدەست بهێنێت‌و دوایی لەدژی بەرنامەو بەڵێنەکەی خۆی بجولێتەوە، بە ڕەفتارەکەی دەوترێت: «نیفاقی سیاسیی».

بۆ ئەو سیاسیاسییانەشی وەکو ئەو حیزبە سیاسەت دەکەن، ناوناتۆرەیەک هەیە بدرێتە پالیان، ئەوەندە ناشیرینە خۆم لە نووسینی لادەدەم.

### حیزبەکانی دەسەڵات‌و دادی کۆمەڵایەتی

ئەرکی پرەنسیپی دادی کۆمەڵایەتی بریتییە لە: کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان چینەکان، بۆئەوەی ئەوە بێتەدی، حوکمەت‌و حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئەرکی سەرشانیانە ئابووری ببووژێننەوە، کەرتی تایبەت بەهێز بکەن‌و پەرەپێبدەن، سیستمی باج بە قانون ڕێکبخەن، بەوشێوەیە حوکمەت باج لە دەولەمەندان‌و سەرمایەداران وەردەگرێت‌و، هەر بە قانون کە دادپەروەری ڕەچاو بکات، بەشی خەلکی لێ دەدات.

ئـەوانـەی کەڵک لە سیستمی دادی کـۆمـەڵایـەتـی وەردەگـــرن بریتین لە: کەمدەرامەتان‌و بێکاران‌و پەککەوتەکانی وڵات، کەمدەرامەت ئەو کەسە، یان خێزانەیە کە مووچەکەیان، یاخود داهاتی ئیشەکانیان بەشیان ناکات، دەولـەت بۆیان تـەواو دەکات. بێکاران ئەوانەن لە کەرتی تایبەت‌و گشتیدا کاریان دەست ناکەوێت، یاخود بەهەر هۆیەک بووە کاریان لەدەستداوە، پەککەوتەکانیش ئەوان بەزگماک نەوەکام‌و نوقسانن‌و کاریان پێ ناکرێت، یاخود بەهەر هۆیەک بووە توانای کارکردنیان لەدەستداوە.

لـە دوو حیزبە دەسـەڵاتـدارەکـەی کوردستان یەکێکیان ئەندامی ئەسلیی ڕێکخراوی سۆسیال دیموکرات ئینتەرناشناڵە ئەویتریان چاودێرەو بەتەمایە چەند سالێکی دیکە ببێت بە ئەندام، لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانیانە کار بکەن بۆ بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی، نەک دژایەتی بکەن.

### پڕۆژە یاسای کابانی ماڵ‌و دادی کۆمەڵایەتی

پڕۆژەیاسای کابانی ماڵ، کە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەشی کردو فراکسیۆنی دەسەڵات ڕەفزی کرد، بەشێکە، یان هەنگاوێکە لەسەر ڕاستەڕێی بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی.

ڕاستە لە کوردستان، نە حوکمەت بایەخی پێویست بە (تصنيع) دەدا، نە کەرتی تایبەت ئەو توانایەی پەیداکردووەو، نە حوکمەت پشتیوانیی دەکات‌و نە چنینەوەی باج‌و چۆنیەتی سەرفکردنی قانونی بۆ دانـراوە، بەڵام حیزبەکانی دەسـەڵات لە ڕێی نەوتی عێراق‌و ئەو باج‌و خەراج‌و گومرگو ڕاوڕووتەی بە دزییەوە لە نەوتی کوردستانی دەکەن، سالانە سامانێکی بێ شومارو لەڕادەبەدەر گەورەیان دەکەوێتە دەست، لەبەرئەوە ئەگەر بیانەوێت خزمەتی کۆمەڵ بکەن بەشی جێبەجێکردنی سیستمی دادی کۆمەڵایەتی پارەیان لەبەردەستدایە.

گریمان ڕاست دەکەن، کە دەڵێن: پارە بەش ناکات، لە کوێی بێنین(!؟)، باشە ئەگەر هەموو سیستمەکەیان بەیەکەوە پێ جێبەجێ ناکرێت، ئەی بۆچی ڕێگری دەکەن لەوەی هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێ بکرێت؟ ئەگەر لە ئەسلدا دژی سیستمی دادی کۆمەڵایەتین، ئەی بۆچی لە پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی حیزبدا خۆیان بە سۆسیال دیموکرات دەناسێنن؟ ئەگەر تەنیا بۆ پڕوپاگەندەو دەنگ کۆکردنەوەش باسی سۆسیال دیموکرات‌و دادی کۆمەڵایەتی دەکەن، دەبێ قبوولیان بێ بەم ڕەفتارەیان بوترێت: «نیفاقی سیاسیی».

### پڕۆژەیاسای کابانی ماڵ‌و خۆدزینەوەی ژنانی کوردستان لە کار!

بەشێک لە بیانووەکەی فراکسیۆنی دەسەڵات بۆ ڕەفزکردنی پڕۆژەیاساکە، کـەمـیـی پـــارەو بـەشـنـەکـردنـیـەتـی، بەشنەکردنی پارە نەک درۆیە، بەڵکو درۆی شاخدارە، ئەو دوو حیزبە ئەگەر واز لە کۆنترۆلکردنی بودجەو داهات‌و بازاڕی کوردستان بۆ بـەرژەوەنـدیـی خۆیان، بهێنن، پارە نەک هەر بەشی چەسپاندنی سیستمی دادی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵکو بەشی بوژاندنەوەی هەموو کەرتەکانی ئابووری‌و ئاوەدانکردنەوەو هێنانەدیی خۆشگوزەرانیی بـۆ هـەمـوو خـەڵکی کوردستان دەکات.

بەڵام بیانووی دووەم: «تەمەڵکردنی ژنانی کوردستان» لە ڕادە بەدەر کالفامانەو پێکەنیناویە، چونکە:

١- ئەسلی پڕۆژەیاساکە بۆ کابانی ماڵە، بۆ ئەوانەی کە نە لە کەرتی گشتیی‌و نە لەهی تایبەتیدا کارێکی بەرهەمهێنیان نییە... نەخوێندەوارو بەساڵاچوون‌و ناتوانن بێجگە لە ئیشی ماڵ کارێکی تر بکەن.

٢- کـام کـارگـەو کـام مـــەزراو کام دائیرە؟ لە سایەی سـەری دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەدا، مەزرا، ئەوەشی جاران هەبوو، نەما. کارگە؟ ڕووقایمییە کە باسی دەکـەن، چونکە لە سایەی قۆرغکردنی بازاڕدا لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەدان کارگەو مانیفاتۆرە لە کوردستان ئیفلاسیان کردو هەزاران کارگەرو خاوەنکاری ئەو کارگەو مانیفاتۆرانە بێکارکەوتن‌و چوونەوە ماڵێ، دائیرەکان؟ بۆ بەرژەوەندیی هەردوو حیزب سیخناخ کـراون لە فەرمانبەرو مووچەخۆری بێکارو بێ بەرهەم. ئەمە نەک کارو کارکردن نییە، بەڵکو ئەداو توانای بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی داپەزاندووە بۆ نزمترین ڕادە لە ئاستی ناودەولەتیدا، دایرەکان نەک توانای لەخۆگرتنی فەرمانبەری دیکەیان نەماوە، بەڵکو هەڵاوسانی ئیداریی بەڕادەیەکە، بووە بەخەتەر لەسەر ژیانی کۆمەڵ.

٣- ئەو خانمانەشی کاری بەرهەمهێن دەکـەن، مووچەکەیان ئـەوەنـدەیـە کە بەشداریی کاریگەر لە بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خێزانەکانیاندا دەکات. بۆچی ژنانی کـوردسـتـان، بە تایبەت خوێندەوارو مووچەبەرزەکانیان ئەوەندە کەم هوشیارو بێ سەلیقەو نا بەرپرسن، تا بۆ یارمەتییەکی دیاریکراوی کابانی ماڵ واز لە وەزیفەو لە کەسایەتی‌و لە مووچەی بەرز بهێنن‌و بچنەوە ناو چواردیوارەکە بۆ وەرگرتنی یارمەتی کابانی ماڵ؟ ئەم بۆچوونە لەلای سیاسییەکان بۆ بیانوو بۆ چەواشەکردن‌و لە خشتەبردن بەکاردێت، بەڵام هەقە گران لەسەر ئەو خاتونانە بکەوێت، کە لە وڵاتی خۆیان لەسەروو هەموو خاتونە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکان دەبینن‌و، لە ئـەوروپـاش خۆیان نانی سیستمی دادی کۆمەڵایەتی دەخۆن.

٤- جـێـبـەجـێـکـردنـی سیستمی دادی کۆمەڵایەتی ئـابـووری‌و ئیدارە دەبووژێنێتەوەو بەشێک لە بەرپرسیارێتی دەولەت (حوکمەت) بەرامبەر هاوڵاتییەکانی جێبەجێ دەبێت.

٥- بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی «مەکرەمە» نییە، تا حوکمەت‌و فراکسیۆنی دەسەڵات ئازادبن لەوەی «دەیبەخشن»، یـان نـا، بـەڵـکـو واجـبـی سـەرشـان‌و بەرپرسیارێتییەکی سیاسیی‌و ئەخلاقی دەسەڵاتە جێبەجێی بکات.

دژایەتیکردنی ئەم یاسایە گومانێکی تر دەخاتە سەر ئەو سـەدان گومانەی، کە لەسەر دلسۆزیی‌و مرۆڤدۆستی‌و وڵاتپارێزیی حیزبەکانی دەسەڵات هەن.

سووربوون لەسەر دەرکردنی ئەو یاسایەو کۆڵنەدان تا دەبـێ بە واقیع، ئەرکی سەرشانی فراکسیۆنی گۆڕان‌و بزووتنەوەی گۆڕانە، لە بەغداش دەبێت کاری لەسەر بکەن.

مایەی گەشبینییە، کە لە «عێراقە ئەسلەکە» نە لە «عێراقەکەی تـردا»، پڕۆژەیەکی لەو بابەتە کاری لەسەرکراوەو لەم خولە نوێیەی پەرلەمانی عێراقدا مناقەشە دەکـرێـت‌و بە ئـەگـەری زۆر دەپەسەندرێت، بەهیوای ئەو ڕۆژە.



فۆتۆ: ڕۆژنامە

---

# ـــــەلایەتی بۆ ژنی ماڵەوە

لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری ئابووریی هەرێم‌و باری کۆمەڵایەتی‌و دارایی ژنی ماڵەوەو ئەو بەخششە داراییەش بەپێی باری ئابووریی‌و گوزەرانی هەرێم دەگۆڕێت.

٣- بودجەی پێویست تەرخان دەکرێت بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ئەم یاسایە لە داهەتەکانی نەوت دەیانگرێتەوە.

### مادەی حەوتەم:

١- ئەو ئافرەتەی مێردی مردووەو مـووچـەی خانەنیشنی مـێـردەکـەی وەردەگرێت، ڕێی لێناگیرێت حوکمەکانی ئەم یاسایە بیگرێتەوە، ئەگەر مووچەکەی ژیانێکی خۆش‌و سەربەخۆییەکی مادی‌و کەسێتی بۆ دابین نەکات.

٢- هـەر خەرجییەکی مێرد بەپێی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی‌و یاسا دەیـدا بە ژنەکەی بە داهاتێکی دارایـی چەسپاو و سەربەخۆ دانانرێت بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم یاسایە، بەبێ ئەوەی ئەم یاسایە لە گرنگیی خەرجکردنەکە لە ڕووی شەرعی‌و کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە.

٣- دەرمـاڵـەی ژن‌و مێردایەتی لە مووچەی مێردی ژنەکە دادەشکێنرێت ئەگەر ئەم یاسایە گرتبێتیەوە.

### مادەی هەشتەم:

ئەگەر دەرکـــەوت، ئـەو ئافرەتەی بەخششی دارایـــی بەپێی ئـەم یاسایە وەردەگرێت، فەرمانبەر یاخود مووچەیەک، یـــان بەخششێکی دارایـــی چەسپاو بەشێوەیەکی دەوری لە لایەنی حکومەتی، یان ئەهلی وەردەگرێت، ئەوا ئەو بەخششە داراییەی بەپێی ئەو مادەیە لێ دەبڕێت‌و دەبـێـت ئـەو پـارەیـەی وەریـگـرتـووە، بیگێڕێتەوەو ئەگەر ساغ بووەوە، زانیاریی درۆ، یان بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش کردووە، تاکو ئەم یاسا بیگرێتەوە، دەبێت بدرێتە دادگا.

### مادەی نۆیەم:

پێویستە لـەسـەر وەزارەتـــی کـارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەخششی دارایی ئیزافی بۆ ژنی ماڵەوە تەرخان بکات کە بارێکی زێدە لەناو خێزان دەگرێتە ئەستۆ. وەک بوونی مێردی کەمئەندام، یان منداڵی ئیفلیج، یان پیری کەمئەندام، یان هەر کەسێکی ناو خێزان کە خاوەن پێویستی تایبەت بێت، یان عەیبێکی بەردەوام، یان نەخۆشییەکی گرانی هەبێت‌و پێویستی بە یەکێک بێت لەناو ماڵدا بەخێوی بکات، بە مەرجێک مووچە یان بەخششی دیکە بۆ هەمان مەبەست وەرنەگرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا کارپێکراوەکان لەم بارەیەوە.

### مادەی دەیەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران، ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

### مادەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە جێبەجێ دەکرێت.

### (هۆیە پێویستییەکان)

لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێک بەجیاوازی ڕەگەزییەوە، مافی ژیانێکی شکۆمەندانەو خۆشی هەیەو دەرفەتی کاری یەکسانی بۆ ئیشکردن چنگ بکەوێت‌و داهاتی حکومەتی بەربکەوێت بەشێوەیەکی یەکسان، لەبەر ئەوەی حکومەت پابەندە بە بەربەرەکانی بێکاریی‌و فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کارکردن بۆ هەموو هاوڵاتییان‌و لەپێناوی ئامادەکردنی باشترین ئاو و هەوا بۆ ژنی ماڵەوە لەناو خێزاندا، تاکو بەرزببێتەوە بۆ شوێنی شیاوی خۆی لەناو خێزان‌و کۆمەڵگاداو لەپێناوی دابینکردنی سەربەخۆیی دارایی ژن، تاکو نەبێتە پاشکۆی کەسانی ترو دانانی ئەو ئەرک‌و ماندووبوونەی ژنی ماڵەوە لەناو خێزاندا بە کارێکی وا دابنرێت کە شیاوی بیمەو پاداشتە، تاکو لە فرمانێک دادەمەزرێت، یان کارێک لە دەرەوەی کاری ماڵەوە دەکات‌و لەو سەرچاوەیەوە کە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێت، داهاتەکانی سامانی نەوتی بۆ مەبەستی گەشەپێدانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**

## «بەناوی ژنی شاخەوە ژنان ژێردەستە دەکرێن»

# وەزارەتی دارایی مووچە بە (١١٠) هەزار لایەنگری یەکێتی دەدات

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕحمان**

لە کوردستان، مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی، مووچەی خانەنشینییان بۆ (١١٠) هەزار لایەنگری خۆیان بڕیوەتەوەو پارەکەش لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت.

بەپێی ستانداردی جیهانییو یاسای خانەشینیی مەدەنییو سەربازیی عێراق، پێویستە مووچەی خانەشینی، لانیکەمی ژیانی خێزانێکی سێ کەسی دابین بکاتو ئەو کەسەی کە مووچەکەی بۆ دەکرێت، دەبێت (١٥)ساڵ خزمەتی لە دەزگایەکی حکومیدا هەبووبێتو تەمەنی لە (٣٢) ساڵ کەمتر نەبێت، بەڵام لەکوردستاندا، (١١٠)هەزار کەس بە ناوی مووچەی خانەشینییەوە، مانگانە هەر کەسەو بڕی (٣٧)هەزارو (٥٠٠)دیناریان پێدەدرێت کە لەلایەن مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتییەوە بۆیان کراوەو مووچەکەشی حکومەت دابینی دەکات.

رابەری سەید ئیبراهیم، سەرۆکی دەزگای پێشمەرگەی یەکێتی ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە ئەو مووچەیە ناوی مووچەی خانەنشینی هاوڵاتییەو زۆربەی ئەو کەسانەی کە وەریدەگرن بەهۆی هەژارییو دەستکورتییەوە مووچەیان بۆ بڕدراوەتەوە.

دوای ئەوەی کە لەساڵی (٢٠٠٥)دا بەپێی یاسای بریمەر، مووچەی رێزلێنان بۆ جەنگاوەرە دێرینەکانی عێراق بڕدرایەوەو لە هەرێمی کوردستانیش رەزامەندیی بۆ (١٦)هەزار کەس لە سنووری یەکێتیو (١٦)هەزار کەس لە سنووری ئیدارەی پارتی دەربڕدراو لەژێر ناوی پێشمەرگەی دێریندا، مانگانە هەر کەسەو بە بڕی (٦٥) دۆلار رێزی لێبنرێت، بەڵام دواتر لە کوردستان ناوەکەی گۆڕدرا بە خانەنشینیی پێشمەرگەی دێرینو پلەبەندییان بۆ دانرا، لەپێشمەرگەوە تا کارگێڕی فەرماندەیی گشتییو مووچەکانیان لە (٦٠)هەزار دینارەوە تا (٤٥٠)هەزار دینارە.

ئەم خانەنشینییەی یەکێتی لەسەر حسابی حکومەت، هاوکاتبوو لەگەڵ پڕکردنەوەی فۆڕمی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵێک خەڵک بە کۆمەڵێک مەرج سوودمەند دەبوون بەبڕە پارەیەک کە لە (٥٠)هەزار دینار کەمتر نەبێتو لە (١٥٠)هەزار دینار زیاتر نەبێت، جگە لەو خێزانانەی منداڵی کەمئەندامیان هەیە، ئەوان (٦٠)هەزار دیناری تریشیان وەردەگرت.

زانیارییەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە یەکێتیو پارتی بە مەبەستی راکێشانی خەڵک بەلای خۆیانداو کۆکردنەوەی دەنگ، ژمارەیەک خەڵکی تریان خستە سەر ئەو بڕە بودجەیەو بەبڕی (٣٧)هەزار دینار خەڵکیان قایل دەکرد، واتە لەبری (٥٠)هەزار دینار کرا بە (٣٧)هەزارو (٥٠٠)دینار، واتە پارەی کەسێکیان دەکرد بە دووبەشەوە.

لەم هاوکارییەشدا، لەبری ئەوەی حکومەت لە رێی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە کەسەکان دیاری بکات، لە رێی کۆمیتەو مەڵبەندەکانەوەو بە ناوی خانەنشینانی پێشمەرگەوە ئەو مووچەیە دەبڕایەوە، پلەکانیشیان لەپێشمەرگەو ژنی شاخەوە دەستی پێکردو تا فەرماندەی کەرت، جێگری تیپ، فەرماندەی تیپ، ئەندامی فەرماندەیی، فەرماندەی فەرماندەیی، کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی.

سەرچاوەکان ئەوەیان بۆ رۆژنامە خستەڕوو: «سەرچاوەی بودجەی ئەو (١١٠)هەزار کەسە کە ساڵانە (٥٠) ملیار دینارە، بودجەی حکومەتەو لە بەڕێوەبەرێتیی خانەشینیی پێشمەرگەی سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی سەرف دەکرێتو چەند بەڕێوەبەرێتییەکو چەند بنکەیەکی دابەشکردنی مووچە خراوەتە خزمەتی ئەم پرۆسە حیزبییەوە».

لەوبارەیەشەوە، جەمیل هەورامی، سەرۆکی دەزگای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی ئەوەی بۆ رۆژنامە تەئکید کردەوە کە « سەرچاوەی ئەو بودجەیە وەزارەتی داراییە».

هەرچەندە پێویست بوو ئەو بودجەیە بەشێوەیەکی بێلایەنانەو لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە دابەشبکرێتو کۆمیتەو مەڵبەندەکان تەدەخولی تێدا نەکەن، بەڵام سەرچاوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە: «دەزگای کاروباری پێشمەرگەی یەکێتی، مانگانە ئاڵوگۆڕی پلەو مووچە بەخەڵک دەکەنو لابردنو دانان لەناوەکاندا روودەدات»، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی یاسای خانەنیشنیی عێراق، مووچەی خانەنشین تەنیا لەو حاڵەتانەدا دەبڕدرێت کە کەسەکە بمرێتو وارسی نەبێت، یان دادگایی کرابێت بە تاوانێکی ئابڕوبەر، یان جاسوسی بۆ دەوڵەتێکی بێگانە کردبێت، یان دووبارە دامەزرابێتەوە لەدامەزراوەیەکی حکومیدا.

سەبارەت بە پێدانی ئەو مووچەیە لەسەر بنەمای حیزبیی، رابەری سەید ئیبراهیم بۆ رۆژنامە وتی: «بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەو هاوڵاتییانە پێشتر لە رێکخستنەکانی یەکێتیدا کاریان کردووە، بۆیە بە تەزکیەی حیزبیی مووچەکەیان بۆ بڕدراوەتەوە».

لە بەڕێوەبەرێتی خانەنشینی پێشمەرگە (پلە سەربازییەکان)ی پێشمەرگە، بەپێی یاسای (٣٨)ی پەرلەمانی کوردستان خانەنشین کراونو مووچە وەردەگرن، کە نزیکەی (١٧)هەزار کەسنو تەنیا یەک بڕگەی ئەو یاسایەیان بۆ جێبەجێکراوە کە مووچەی بنەڕەتییە، بەڵام دەرماڵەی خانەشینییان بۆ سەرف نەکراوە، بەوهۆیەشەوە زۆربەی مافەکانی تری پێشمەرگە کە لەو یاسایەدا هاتووە، کاری پێ نەکراوە.

لەلایەکی ترەوەو هەرلەوبەڕێوەبەرێتییە، پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر کە ژمارەیان (٤)هەزار کەسەو دەبوو بەپێی یاسای (٣٤)ی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەتە بە کەمئەندامانی سەنگەر، خانەنشین بکرێن، ئەوانیش بە یاسای (٣٨)خانەنشین کراونو مووچەکەیان لە (٢٥٠)هەزار دینارەوە تا ملیۆنێکو (١٤٠)هەزار دینارە، بەو هۆیەشەوە هیچ دەرماڵەیەکی منداڵ، چارەسەر، پلەی کەمئەندامی، بەخێوکەری تێدا نییەو هەمووشیان لەسەر ئینتیمای حیزبیی بۆیان کراوە.

لەو (١١٠)هەزار کەسەی کە مووچەی خانەنشینییان بۆ کراوە، (٦٠-٧٠)هەزاریان ژنـو لە رێـی مەڵبەندو لقەکانەوە ئەو مووچەیەیان بۆ کراوەو مانگانە هەرکەسەو (٣٧)هەزارو (٥٠٠)دینار وەردەگرن، ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستی یەکێتیو پارتییە لە رەتکردنەوەی بڕینەوەی هاوکاریی بۆ کابانی ماڵ کە پرۆژەیەکی فراکسیۆنی گۆڕان بوو لە پەرلەمانی کوردستان.

ئاشتی عەزیز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد: «بڕینەوەی ئەو مووچەیە، شێوازێکی نایاسایی هەیە کە لە رێگای مەڵبەندو لقەکانەوە دەکرێت، هاوکات لەکۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیدا ئەوەمان بۆ روونبووەوە، کە ئەوان بێبەرین لە دەرچوواندنی یاسایەک، چ بۆ دیاریکردنی بڕی پارەکەو چ بۆ ئەو رێژەیەی کە بەسەریاندا دابەشدەکرێنو ئەوان ئاگایان لێ نییە، لەکاتێکدا پێویست بوو ئەو مووچەیە سەر بەتۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی بوایەو ئەو وەزارەتە رێوشوێنە یاساییەکانی بۆ بگرتایەتە بەر».

بە بڕوای ئاشتی، پێدانی بڕی (٣٧) هەزارو (٥٠٠)دینار بۆ ژنێک، بەدەستەمۆیی هێشتنەوەی ژنانەو جۆرێکە لە مامەڵەی نائینسانییانەی دەسەڵات لەگەڵ ژندا.



ژنانی کورد لەنێوان وەرگرتنی بڕی (٣٧) هەزار دینار بە نایاساییو پێدانی مووچەی کابانی ماڵ بە شێوەیەکی یاسایی

# پڕۆژەیاسای بیمەی کۆمـــ

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانن:

١- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- وەزارەتی کاروکۆمەڵایەتی: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- وەزارەتی دارایی: وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٤- فەرمانگەی بیمەی کۆمەڵایەتی: فەرمانگەی بیمەی کۆمەڵایەتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**مادەی دووەم:**

ئەم یاسایە پێی دەگوترێت (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنی ماڵەوە).

**مادەی سێیەم:**

مەبەست لە ژنی ماڵەوە، بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم یاسایە:

١- ئافرەتی شووکردوو، یان ئافرەتی تەڵاقدراو، یاخود ئەو بێوەژنەی کە مێردی مردووەو گەیشتبێتە تەمەنی (روشد) و لە هیچ فرمانێکی حکومەتی، یان ئەهلی دانەمەزرابێتو هیچ مووچەو بەخششێکی دارایی وەرنەگرێت، نە لە حکومەتو نە لەلایەن ئەهلیو هیچ داهاتێکی دارایی چەسپاو و سەربەخۆیی نەبێت کە داهات یا مووچە، یان بەخششی دارایی، یان دەرماڵە لە هیچ لایەنێکی حکومیو غەیرە حکومی بۆ نەیەت.

٢- کچی قەیرەی شوونەکردوو کە تەمەنی لە چل ساڵ زیاتربێتو هیچ دەرفەتێکی نەبێت بۆ دامەزراندنی لە فرمانێک، یان کارێکی ئازاد لەبەر هۆی نەخوێندەواری، یان رێگرییەکی کۆمەڵایەتی، یاخود لەبەر هەر هۆیەکی جەستەیی، یان عەقڵی دیکە بێت.

٣- ئافرەتی شووکردوو کە شازدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت، وەک ژنی گەیشتوو بە تەمەنی (روشد) حیساب دەکرێت بۆ مەبەستەکانی پیادەکردنی ئەم یاسایە، کاتێک کە مەرجەکانی کە لە بڕگە (١)ی ئەم مادەیەی لێ بێتەدی.

**مادەی چوارەم:**

١- ئامانجی ئەم یاسایە ئازادکردنی ئافرەتە لە پاشکۆیی پیاو، بە ئازادکردنی لە پاشکۆیی کردنە ئابوورییەکەیو ئەمەش بە بیمەی سەربەخۆیی دارایی دەبێت، تاکو بەشداری بکات لە بەرزکردنەوەی لەناو خێزانو کۆمەڵگاو بە ئافرەتێکی ئیشکەر دابنرێت، تاکو فەرمانێک دەگرێتە ئەستۆ، یان داهاتێکی چەسپاوی بە شێوەیەکی دەوری دێتەدەست بۆ دابینکردنی مافەکانی.

٢- ئەم یاسایە دەبێتە بنچینەیەک بۆ روخاندنی جیاوازیی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژنو پیاودا لە کۆمەڵگایەکی لە بنەڕەتدا لەسەر جیاوازیی ئابووریی دامەزرابێت.

٣- پێویستە پیادەکردنی ئەم یاسایە ببێتە مایەی دابینکردنێک کە ژنی ماڵەوە زیمەتێکی دارایی سەربەخۆی لە زیمەی دارایی مێرد، یان لە ئەوانی دیکەی ناو خێزاندا هەبێت.

**مادەی پێنجەم:**

١- پێویستە ئەنجومەنی وەزیران، کار بکات بۆ فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتییان، هەردوو کەرتی گشتیو تایبەت لەگەڵ رەچاوکردنی باری ژیانو کۆمەڵایەتیو ئابووریی ژنی ماڵەوە لەم بوارەدا.

٣- وەزارەتی دارایی بەخششێکی دارایی مانگانە بۆ ژنی ماڵەوە تەرخان بکات، تاکو سەربەخۆیی مادییو کەسێتی بۆ دابین بکات.

**مادەی شەشەم:**

١- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەرکی ئامارکردنە پێویستەکانو دەرچواندنی رێنمایی پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی مەرجەکانو ئەوسافی ئەو ئافرەتانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتە ئەستۆ، بۆ ئاسانکردنی پیادەکردنی.

٢-لیژنەیەکی وەزاری لەلایەن وەزارەتی داراییو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دادەمەزرێت بۆ خەمڵاندنی بەخششە داراییەکانی مانگانەی کە دەدرێتە ئافرەتی ماڵەوە، وەک بیمەیەکی کۆمەڵایەتی،

# هەڵوێستو موزایەدەی سیاسی



رەزا جەبار

لە گۆڕەپانی سیاسیدا، زۆرن ئەو کردە سیاسیانەی کە هێزەکان دەتوانن ئەنجامی بدەنو دواتر لە باشیو خراپییەکانی لەبەردەم هاوڵاتییاندا بەرپرسیارێتی وەربگرن، لەو نێوەندەدا دەبێت دووجۆر کردەی سیاسی لە یەکتر جیابکرێنەوەو تێکەڵاونەکرێن، ئەوانیش هەردوو کردەی هەڵوێستو موزایەدەی سیاسییە. بەداخەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردیدا لەدوای راپەڕینەوە لە رێگەی پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوەوە کار لەسەر شێواندنو بێنرخکردنی هەموو ئەو شتانە دەکرێت، کە هۆکارن بۆ جوڵاندنو حاڵیبوونی هاوڵاتییان لە هەموو لایەنەکانی ئەو واقیعە سیاسییەی تەحەکوم دەکات بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە، دەسەڵاتی کوردی کەم تا زۆر توانیویەتی سوود لەو پرۆسەیە وەربگرێت، کە کار لەسەر شێواندنو بێنرخکردن دەکاتو مانا راستەقینەکانی هەموو ئەو کایە جیاوازانە دەگۆڕێت کە پەیوەندییان بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە.

ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو جۆرە کارکردنەی دەسەڵاتە لەبەرامبەر هێزێکی سیاسیدا کە وەک نموونەیەکی تازەی سیاسی لە کوردستاندا بۆ ماوەیەکی کەم توانی پێگەو زەرورەتی خۆی بسەلمێنێتو ئیدیعای بەرژەوەندیی گشتیی لەپێش بەرژەوەندیی حیزبیو تایبەتی خۆی بکاتو بەرەی ئۆپۆزسیۆنبوونی هەڵبژاردو نەیگۆڕییەوە بە بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا. لەماوەی تەمەنی بەشداریکردنی لە پەرلەمانو نوێنەرایەتیکردنی خەڵکدا، ئەو بزووتنەوەیە خاوەنی سێ هەڵوێستی جیاوازی جدییە، کە رکابەرە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ویستوویانە مامەڵەی نابەجێو ناڕاستی لەگەڵدا بکەن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان، بینیمان ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لە رێگەی هەڵوێستێکی جوامێرانەوە لانیکەم توانییان خەڵک ئاگاداربکەنەوە لەو بودجەیەی کە حکومەتی نوێ ویستی بۆ هەڵبژاردن فرسەتی لێبێنێتو بیکات بە موزایەدەی سیاسی، کەچی دەسەڵات بە هاوڵاتییانی دەوت ئەو هەڵوێستەی بزووتنەوەی گۆڕان موزایەدەی سیاسییە!.

یەکێکی دیکە لە هەڵوێستەکانی ئەو بزووتنەوەیە بێدەنگنەبوونو هاتنەدەنگ بوو لە دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس «سەردەشت عوسمان»و بەشداریکردنی بوو لەو جووڵە دەستەجەمعییەی کە ئیدانەی خوێنی بە ناحەق رژاوی ئەو رۆژنامەنووسە جوانەمەرگەیان کردو هاوارێکیان دا بەگوێی دەسەڵاتدا، کە کوشتنی ئینسان ئیتر قابیلی قبووڵکردن نییە، کەچی لایەنێکی سیاسی ئەو هەڵوێستەی بە موزایەدەی سیاسی لە قەڵەم دا!، دوا هەڵوێستی ئەو بزووتنەوە دیسان لە رێگەی ئەندامانی فراکسیۆنی «گۆڕان»ەوە بوو بە رەتکردنەوەی (٤٠) هەزار دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، لەم هەڵوێستەیاندا بیریان نەچوو ئەوان نوێنەری هاوڵاتییانی هەژاری ئەم هەرێمەن، کەچی وەک پیشەی هەمیشەییان هێزی سیاسی دەسەڵاتدار کار لەسەر ئەوە دەکات ئەو هەڵوێستە وەک موزایەدەی سیاسی بخاتەڕوو. لێرەدا دەپرسین ئاشکراکردنی پارەیەکی خەیاڵیو وەهمی لەنێو بودجەی گشتیدا، هەڵوێستە یان موزایەدەیە؟ ئایا بێدەنگنەبوون لەئاست دزینی ماڵی گشتییو کەشفکردنی بۆ هاوڵاتییان لەکام واقیعی سیاسیدا وەک هەڵوێست نەخراوەتەڕوو؟ بەشداریکردن لە ئیدانەکردنی کوشتنی ئینسانێکی ئەم وڵاتەدا، هەڵوێستە یان موزایەدەیە؟ بۆ دەبێت ئینسانێک بکوژرێتو بێدەنگ نەبیت وەک موزایەدەی سیاسی ئەم هەڵوێستە بخرێتەڕوو؟! هەروەک جێگەی خۆیەتی بپرسین، رەفزکردنی (٤٠) هەزار دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆچی موزایەدەی سیاسییە؟ تۆ بڵێی هاوڵاتییانی کوردستان نەزانن جیاوازی نێوان هەڵوێستو موزایەدەی سیاسی چییە؟!.

# بارزانیی هەرێمو بارزانیی تورکیا



هیوا جەمال

پێش سەردانەکەی بۆ تورکیای دراوسێ، مەسعود بارزانی «وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان» لە چەند بۆنەیەکدا هەڕەشەی خراپ بەکارهێنانی «ئازادیی» لە هەرێمی کوردستاندا کرد.

دوای سەردانەکەی بۆ تورکیا لە کۆتایی هەفتەی رابردوو، کۆبوونەوەی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی ئەو وڵاتە، پرسەی بۆ کەسوکاری «قوربانییەکانی» شەڕی نێوان چەکدارەکانی تورکیاو گەریلاکانی پەکەکە نارد.

مەسعود بارزانی پێش ئەوەی بڕوات بۆ ئەو سەفەرەی، لە رۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنیو لە وتارەکەی پەرلەمانی کوردستان رۆژی ٥/٢٩ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە وەک «سەرۆکی هەرێمی کوردستان» سەردانی ئەنقەرە دەکات.

میدیای حیزبەکەشی چەندجارێک ئەو مەسەلەیەیان بەهەند وەرگرتو بەگوێی خەڵکی کوردستانیان دا، کە بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەچێتە تورکیا، نەک بارزانی سەرۆکی پارتی، ئەمەش دوای ئەوەی چەندجارێک لەلایەن راگەیاندنەکانی دەرەوەی دەسەڵاتەوە رەخنەی ئەوەی لێگیراوە کە وەک سەرۆکی پارتی سەردانی دەرەوە دەکات.

لە یەکەم پرێس کۆنفرانسدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، مەسعود بارزانی هیچ ئاماژەیەکی نەدا کە وەک سەرۆکی هەرێم لەو وڵاتەیە، چونکە نەک ئاڵای هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئاڵای عێراقیشیان لە پشتەوە هاوشانی ئاڵای تورکیا بۆ دانەنابوو، تەنانەت لە کۆبوونەوەشیدا لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان، تەنیا ئاڵای تورکیای لە پشتەوە هەبوو.

کاتێک پرسیاری نەبوونی ئاڵای عێراق لە پشتەوە هاتەپێش، بارزانی ئاوڕێکی دایەوەو وتی «سەیری ئەوەم نەکردووە بزانم ئاڵا هەیە یان نا»، ئەم هەڵوێستەی دوو ئاماژەی هەیە، یان ئەوەتا لەبەر پەلەپەل بووە بۆئەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوە لە راگەیاندنەکانی تورکیاوە دەرکەوێت، یان ئەوەیە فێڵی لێکراوە.

ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە پرێس کۆنفرانسەکەی لەگەڵ بارزانیدا، وتی: کاتێک سەردانی هەولێری کردووە، بارزانی وەک عادەتی بنەماڵەی خۆیان رێزێکی زۆریان گرتووەو بە گەورەیی پێشوازییان لێکردووە.

ئۆغلۆ ویستی وەک سیاسییەکی دیپلۆماتکار پێمان بڵێت نەهاتووەتە هەرێمی کوردستان، بەڵکو هاتووەتە هەولێر لە باکووری عێراقو بارزانی وەک سەرۆکی بنەماڵەیەک پێشوازیی لێکردووە، نەک وەک سەرۆکی هەرێم.

ئەم نیەتەی وەزیری دەرەوە، زیاتر روونەبێتەوە کاتێک لە میانی کۆنفرانسەکەدا چەند جارێک وتی: باکووری عێراقو کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیای لە هەولێر وەک شارێکی عێراق باسکرد، چونکە وتی: گرنگە بۆ من کە سەردانی بەسرەو موسڵو هەولێرم کردووە.

پێدەچێت هەندێک بیروڕا هەبن بڵێن ئەوە کەی گرفتی گەورەیە، کە بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم بچێت بۆ تورکیا یان وەک سەرۆکی پارتی یان بنەماڵەیەک، بەڵام ئەی ئەوە گرنگ نییە تورکیا لەبەر قازانجی خۆی لە هەرێمدا زیاتر لە (٦٢٠) کۆمپانیای کاردەکات، کەچی دان بە هەرێمدا نانێت.

ئاژانسەکان سەردانەکەی بارزانییان وەک سەردانێکی مێژوویی‌و دۆستایەتی گرنگ ناوبرد، لە پرێس کۆنفرانسەکەشیدا مەسعود بارزانی وەک مرۆڤێکی زۆر میانڕەوو ئاشتیخواز، خۆی دەرخستو رایگەیاند: داوا لە بەدەپە (وەک حیزبێکی کوردیی لە تورکیا) دەکات، پشتگیریی سیاسەتی کرانەوە بکات کە ئەکەپەی دەسەڵاتدار رایگەیاندووە.

بارزانی لە هەرێمی کوردستان وەک سەرۆکی هەرێمو کۆکردنەوەی لایەنەکان خۆی نمایشدەکات، بەڵام لەکاتی بوونی قەیراندا بە نموونەش کوشتنی رۆژنامەنووسان، هەڕەشە لە خەڵک دەکاتو ئازادیخوازەکان لە بەزاندنی هێڵە سوورەکانیان ئاگادار دەکاتەوەو ئەو پەراوێزە ئازادییەی کە لە هەرێمی کوردستان (زیاتر لەو بەشەدا کە ئەو دەنگی تێدا نەهێناوە) بە فەوزا ناودەبات.

بارزانی لە رۆژی ٥/٢٩ لە هەرێمو بە خەڵکی هەرێمەکە دەڵێت: ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادیی نییە، ئەمە فەوزایە... ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کوردستان بە تێکۆشانی هەموولایەک هاتووەتە ئاراوە، نابێت چیتر ئەمە قبووڵ بکرێت.

بارزانی رۆژی ٦/٢ لە تورکیا دەڵێت: پشتگیریی لە ئاشتی دەکەینو داوا لە بەدەپە دەکەین پشتگیریی سیاسەتی کرانەوەی تورکیا بکات.

# ئەو هەڵە گەورەیە چۆن بەسەر گۆڤاری (سەرچاوە)دا تێپەڕی؟



شوان ئەحمەد

(سەرچاوە) گۆڤارێکی فیکریی مانگانەیە، بە سوپاسەوە تائێستا لەلایەن ستافی گۆڤارەکەوە، (٣) ژمارەیم بەدەست گەیشتووە، لەسەر داوای برادەرانی گۆڤارەکە دەبوو بابەتیان بۆ بنێرمو بۆیان بنووسم، بەڵام ئەو هەڵە زەقەی لە ژمارەی (٣)ی گۆڤارەکەدا بینیم، وایلێکردم لەبری ئەوەی بۆیان بنووسم، لەسەریان بنووسم.

سەرەتاش هیوادارم ئەو برادەرانە نووسینەکانم وەک خۆی وەرگرنو بەشتێکی خراپ لێکینەدەنەوە، من دەزانم لەدوای راپەڕینەوەو بەدیاریکراویش لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، لەم هەرێمەی ئێمەدا، چ حەشرێک بە نووسینو فیکرو رۆشنبیریی دەکرێت، کەم کەس هەیە بەختی خۆی لەم بوارەدا تاقینەکردبێتەوە، حاڵ بەوە گەیشتووە، کە خەریکە هەموو کورد دەبێتە رۆژنامەنووسو نووسەرو چاودێری سیاسییو بڕیارو زۆر شتی دیکە، ئەم پاشاگەردانییە، هەموو جدییەتو بەرپرسیارێتیو رێزگرتنێکی لە بەرامبەر ئەرکی نووسیندا کوشتووە، سەیرێکی خێرای ئەو هەموو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانە بکەیت، تێدەگەیت وڵات لەناو بەحرێک لە هەرزە گۆییو سەفسەتە بازیدا نوقم بووە.

من ئەوەم پێ ئاساییە زۆرێک رۆژنامەنووس دەست بۆ ئەنواع بابەتی حازر بەدەست دەبەن، جۆری ئەو بابەتانەی نە خوێندنەوەی قووڵی دەوێتو نە خۆماندووکردنو نە شرۆڤەکاریی ورد، ئێستا ئەمە کاری زۆربەی زۆری رۆژنامەنووسانی کوردە. نووسینی بێ ناوەڕۆکو کەم خوێن، راوبۆچوونی سەرپێیی، قسەگەلێک کە، نە مەبەست دەپێکێو نە شوێنێک دەگرێت.

گلەییکردن لەحاڵی رۆژنامەگەریی کوردی، وەک گلەییو رەخنەکردنو گازندەی حیزبە کوردییەکانە، کۆتایی نایەت.

من وەک وتم: ئەمەم پێ ئاساییە، چونکە خەڵکانێک دێن وەک ریپۆرتەرو ستوننووسێک باسی هەندێک مەسەلەی وەک (مادەی سەدوچلو پرسی ناوچە دابڕاوەکانو داهاتووی حکومەتی نوێی عێراقو مەسەلەی کورد لە دەستووری عێراقو ئایندەی سیاسیی هەرێم) دەکەن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییەو دەبێت رێی پێ بگیرێت، ئەوەیە کە خەڵکانێک بێ هیچ خوێندنەوەو شارەزاییەک دەست بۆ بابەتگەلێکی فیکرییو فەلسەفەی سیاسیی وادەبەن، کە دوورو نزیک ئاگاداری ئەو مەسەلانە نین.

رەنگە ئەم تاوانە فیکرییە هەفتانەو مانگانە لەناو گۆڤارو بڵاوکراوە هەمە جۆرەکانی ئەم هەرێمەدا دووبارە ببێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردستان هەموو کەس دەنووسێتو کەس ناخوێنێتەوە، بۆیە ئەو تاوانە فیکرییانە بەئاسانی تێدەپەڕێتو کەسیش موحاسەبە ناکرێت.

لە وڵاتێکدا کە حورمەتی فیکرو نووسینو وشەی تێدا نەبێت، شتی قێزەونی لەمجۆرە زۆر روودەدات.

ئەتککردنی فیکرو نووسین، بەناوی فیکرو نووسینەوە.

ئەگەر ئەم پرۆسەیە بۆ هەندێک گۆڤارو بڵاوکراوەی زەردو بازاڕیی ئاسایی بێت، بۆ بڵاوکراوەی سەنگینو مەحکەم نابێت وابێت، ئەوانەی رێز لە نووسینو کتێبو میراتی فیکریی دەگرن، نابێت رێ بەوجۆرە ناهەقیانە بدەن.

بۆ ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەردەدڵی زۆر نەکەم، بەوەندە ئیکتیفا دەکەمو دێمە سەر ئەسڵی مەبەست.

مەبەستی سەرەکیی منیش لەم نووسینە، پرسیارکردنە لە ستافی گۆڤاری (سەرچاوە)، کە چۆن ئەو هەڵە گەورەیەیان بەسەردا تێپەڕی؟

لە (سێیەم) ژمارەی گۆڤارەکەدا، کە لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا بڵاوبووەتەوە، دوای چەند بابەتێکو دۆسێی ژمارە، کە تایبەتە بە (کەسێتی مرۆڤی کورد)، چەند بابەتێکی فیکریی-سیاسیی لەمەڕ کۆنسێرڤاتیزمو کۆنسێرڤاتیزمە نوێیەکان بڵاوکراونەتەوە.

بابەتی یەکەم (د.حسێن بەشیریە) نووسیویەتیو باس لە (پرەنسیپو قۆناغو جۆرەکانی کۆنسێرڤاتیزم دەکات لە سەدەی بیستەمدا)و (پێشڕەو محەمەد خانی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. دووەم بابەت، (یاسین لەتیف) نووسیویەتیو ناونیشانی بابەتەکەشی ئەمەیە: (فۆکۆیاما، لە کۆتایی مێژووەوە بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئەنگێزەی کۆنسێرڤاتیزمە نوێیەکان)، قسەی من لەسەر ئەم بابەتەی دووەمە، چونکە کوفرە گەورەکە لێرەدایە.

ئەم بابەتە باس لە چەمکی (کۆتایی مێژوو) دەکات لای بیریارێکی وەک (فرانسیس فۆکۆیاما)، دواتر پەیوەندیی ئەم بیرمەندە بە ئایدیای کۆنسێرڤاتیزمەکانەوە باس دەکات، رایەڵی ئەم پەیوەندییەش بەوە دروست دەکات، کە (ئالان بلۆم) مامۆستای (فۆکۆیاما) بووەو (ئالان بلۆم)یش بۆ خۆی خوێندکاری (لیڤی شتراوس) بووە، هەڵە گەورەکە لێرەوە دەستپێدەکات، ئیجحافو ناهەقی دەرهەق بە فیکرو بە بیریاران لێرەوە دەستپێدەکات، کە کاکی نووسەر خۆی تووشکردووەو ستافی گۆڤارەکەش بێ پێداچوونەوە بۆیان بڵاوکردووەتەوە.

ئەم برادەرەمان تێکەڵییەکی سەیری کردووە لەنێوان ناوی دوو بیرمەندا، یەکێکیان (لیۆ شتراوس)ەو ئەوی دیکەیان (کلۆد لیڤی شتراوس)ە.

لە مێژووی فیکریی هاوچەرخی خۆرئاواداو لەنێوان سەدەی نۆزدە بۆ بیست، سێ بیریاری دیارو ناسراو بەناوی (شتراوس)ەوە، دێنە بواری نووسین:

یەکەمیان: (دایڤید فردریش شتراوس)ی ئەڵمانییە، کە لە ساڵی (١٨٧٢)دا کتێبی (بیروباوەڕی کۆنو نوێ)ی نووسیوە.

دووەمیان: (لیۆ شتراوس)ە (١٨٩٩-١٩٧٣)، کە جولەکەیەکی ئەڵمانییەو لە ساڵی (١٩٣٨) تا مردنی لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیاوەو هەڵگری رەگەزنامەی ئەمریکی بووە، ئەم بیریارە خاوەنی کتێبی (فەلسەفەی سیاسیی)ە، کە بە (ئەفلاتۆن) دەستپێدەکاتو بە (مارتن هایدگەر) کۆتایی دێتو چاپە عەرەبییەکەی دوو بەرگە، (لیۆ شتراوس) لەڕووی فیکرییەوە بە باوکی کۆنسێرڤاتیڤە نوێیەکان دادەنرێت.

**ئەوەی ئاسایی نییەو دەبێت رێی پێ بگیرێت، ئەوەیە کە خەڵکانێک بێ هیچ خوێندنەوەو شارەزاییەک دەست بۆ بابەتگەلێکی فیکرییو فەلسەفەی سیاسیی وادەبەن، کە دوورو نزیک ئاگاداری ئەو مەسەلانە نین**

سێیەم: (کلۆد لیڤی شتراوس)ی فەرەنسییە، ئەم پیاوە لە (١٩٠٨/١١/٢٨) لە بەلژیکا لەدایک بووەو لە (٢٠٠٩/١٠/٣٠) لە پاریس دوای سەدو یەک ساڵ تەمەن ماڵئاوایی لەژیان کرد، (شتراوس) وەک ئەنسرۆپۆلۆگێک ناسراوەو لەگەڵ هەریەک لە (لوی ئاڵتۆسێر)و (میشێل فۆکۆ)و (رۆلان پارت) لەسەر ئاقاری بونیادگەریی ماڵن، ئەو ئاقارەی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لە فەرەنسادا لە دژی فەلسەفەی ئێگستانسیالیزمی (ژان پۆڵ سارتەر) هاتە ئاراو لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا، کایەی رۆشنبیریی فەرەنسی پاوانکرد، لە کتێبە زۆر گرنگەکانی (شتراوس): (کاڵو کوڵاو، رەگەزو مێژوو، بازنە خەمگینەکان، بونیادگەرییو.. هتد).

لەم نووسینەی گۆڤاری (سەرچاوە)دا، زۆر بە تۆپزیو بەشێوەیەکی نامەسئولانە بیرو دیدگاو دنیابینی بیریارێک کراوەتە بەر بیریارێکی دی، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەرئەوەی ناوەکانیان لێک نزیکە.

من پێم سەیرە بابەتێک لەسەر کۆنسێرڤاتیزمە نوێیەکان بێت، بۆچی دەبێت (کلۆد لیڤی شتراوس)، کە باوکی ئەنسرۆپۆلۆگیای بونیادگەرییە ناوی بێت، کەچی (لیۆ شتراوس)، کە باوکی کۆنسێرڤاتیزمە نوێیەکانە لە ئەمریکا غائیب بێت.

ئەو نووسەرە چۆن توانیویەتی تێزەو تیۆرەکانی کەسێکی وەک (کلۆد لیڤی شتراوس) بەزۆر بپەستێنێتە ناو نووسینێکەوە، کە دوورو نزیک پەیوەندیی بەوەوە نییە؟ ئەی چۆن ستافی گۆڤارەکە هەستیان بەو هەڵە گەورەیە نەکردووە؟ ئەرێ بەڕاست برادەر ئێوە ئەو بابەتانەی بۆتان دێت فەحسی ناکەنو نایخوێننەوە؟ ئەگەر دەیخوێننەوە ئەم فاوڵی فیکرییە گەورەیە چۆن بەسەرتاندا تێپەڕی؟.

دڵنیام لە وڵاتێکدا حورمەتی فیکرو نووسینی تێدا بێت، کوفری لەمجۆرە قابیلی قبووڵ نییە، کەمترین سزایەکیش ئەوەیە نووسەرەکەیو گۆڤارەکەش بدرێنە دادگا، بەڵام ئێمە لە وڵاتێکداین کەس دەربایسی مرۆڤ نییە، چ جای فیکر.. قسەکردن لەم وڵاتەدا لەسەر جینایەتی فیکریی، زیاتر بە نوکتە دەچێتو رەنگە کەس تاقەتی ئەوەشی نەبێت نەک هەر باسی بکات، بگرە گوێشی لێبگرێت.

# زەنگێک بۆ دەمکوتکردنی ئازادیی رۆژنامەگەریی

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

دوای تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) ئەو کاریگەرییەی میدیای ئازاد دروستیکرد، دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رۆژنامەوانی.

لە هۆڵی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە (٥/٢٩)ی رابردوودا، رایگەیاند: «ئەوەی بە ناوی ئازادییەوە دەکرێت، فەوزایەو خەریکە رەوشی کوردایەتی تێکدەچێت، بە ناوی ئازادییەوەو بەبێ بەڵگە هێرش دەکرێت سەر یەکێکو بەمافی ئەویش نازانرێت، بەپێی یاسا بەرگریی لەخۆی بکات».

بارزانیی سەرۆک، ئەو فەوزایەی بەخراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادییەی لە هەرێم هاتووەتە کایەوە، سەیرکردو وتی: «نابێت، چیتر قبووڵ بکرێت».

قبووڵ نەکردنی ئازادیی رومالکردنی رووداو و ئامادەکردنی کەرەستە رۆژنامەنووسییەکان، پەیامێکی سیاسییە کە ماوەیەکە زیاتر لەهەر لایەنێکی تر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێم، بە ئاشکرا بەگوێی میدیای ئەهلیدا دەیچرپێنێت، هەروەک چۆن د.بەرهەم ساڵح لە یادی (١١٢)ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا لە ئەشکەوتی جاسەنە، ئاماژەی بە هەمواری یاسای ژمارە(٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی رۆژنامەگەریی کرد.

شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، پێیوایە: دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، لە کاریگەریی میدیای ئەهلیی لەسەر شەقامی کوردی گەیشتوون، بەشێوەیەک ئەو دۆخەیان پێ هەزم ناکرێت کە نفوزو دەسەڵاتیان کەمبێتەوە، لەبەرئەوە بەهەموو شێوەیەک فەزایەک دەخولقێنێت کە رۆژنامەی ئەهلیی بەئاسایی دەرنەچێتو کارەکانی خۆی نەکاتو بکەوێتە ژێر گوشارەوە.

بە بۆچوونی رێبین هەردی، نووسەرو رووناکبیر، لە دوای راپەڕینەوە، هەوڵ هەبووە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی راگەیاندن، بەدرێژای مێژووی دوای راپەڕین، شەڕی وەرزیی بەردەوام لەنێوان راگەیاندنی حیزبییو راگەیاندنی ئازاددا راگەیەنراوە، لەبەرئەوە ئەو قسانەی سەرۆکی هەرێم، دەچنە ئەو خانەیەوەو دەچنە خانەی ئەو هەوڵانەوە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان تیایاندا بەنیازن سنوور بۆ ئازادیی بکێشن.

بۆ وەرگرتنی بۆچوونی سکرتێری رۆژنامەوانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رۆژنامە پەیوەندی کرد بە فەیسەڵ دەباغ، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ لەو بارەیەوە بڵێت.

رۆژنامەنووسانیش ئاماژە بەوە دەکەن، ئاگاداری کۆی ئەو هەوڵانەن کە بە ئاڕاستەی هەمواری یاسای رۆژنامەگەرییو دەستخستنە ناو کایەی رۆژنامەوانیی ئازادەوە دەدرێن.

شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو هەڵمەتە بەردەوام دەبێتو ئیشکردنێکی جدییش هەیە بۆئەوەی ناوەڕۆکی یاسای رۆژنامەگەریی پووچەڵ بکرێتەوەو لەبارببرێت، هەروەک ئیشکردنی جدیی هەیە بۆئەوەی ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن دروست بکەن لەژێر هەژموونی خۆیانداو بیکەن بە بەشێک لەکۆپیکردنی میدیای ئەهلیی، یان داکۆکیکار لە دەسەڵات».




لەبارەی ئەو فەوزایەی دەسەڵات لە بەرامبەر ئیشکردنی میدیای ئازاددا دەیکێشێت، د.سامان فەوزی، مامۆستای یاسای راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی پێیوایە: ئازادیی رۆژنامەگەریی لە هەرێم کێشەو گیروگرفتی تێدا هەیەو هەندێکجار ئێتیکی رۆژنامەنووسیو هەندێکجار یاسای رۆژنامەگەریی پێشێل دەکرێت، بەڵام وەک ئەو وتی: «ئەم حاڵەتانە لەهەموو وڵاتێکدا هەن، واتە وەکچۆن هەڵەو کەموکوڕیی لەهەموو دەسەڵاتەکانی تردا هەیە، رۆژنامەگەریش وەک دەسەڵاتی چوارەم بەبێ کەموکووڕیی نییە، لێرەوە ناکرێت ئەم حاڵەتە بکرێتە بیانوو بۆ هەموارکردنی یاسای رۆژنامەگەریی بەشێوەیەک کە سزاکانی سەر رۆژنامەنووسی پێ توندکرێت».

سامان فەوزی لەگەڵ هەمواری یاسای رۆژنامەگەرییە، بەڵام هەموارەکەی ئەو بەشێوەیەکە کە ئازادیی زیاتر لەبەردەم رۆژنامەنووسان والابکاتو هەوڵبدرێت «تەوقیف»و دەستبەسەرکردنی رۆژنامەنووسان لە دادگاکان نەهێڵرێت، نەک ئازادییەکان کەمتر بکرێنەوە.

وتیشی: «هەمواری یاساکەو خەفەکردنی ئازادیی تێیدا، نابێتە هۆکارێک بۆ پێشێل نەکردنی یاساو ئێتیکی رۆژنامەگەریی، ئەگەر مەبەست چاکسازیکردن بێت لەو بوارەدا، پێویستە هۆشیاریی یاسایی لەنێو ئەوانە بڵاوبکرێتەوە کە تازە دەستیان بە پیشەی رۆژنامەگەریی کردووەو گرنگی ئیشەکەیان بۆ روونبکرێتەوە».

لەبارەی ئەگەری هەمواری یاسای رۆژنامەگەرییەوە، رێبین هەردی، نووسەرو رووناکبیر بۆ رۆژنامە وتی: «ئەمە کارێکە ناچێتە سەر، چونکە ئێستا پەرلەمانێکمان هەیە کە زیاد لە حیزبێکی سیاسیی بەشدارە تێیداو شوێنی یاسادانانیش ئەوێیە، نەک سەرۆکایەتی هەرێم! هەوڵی لەوجۆرەش، ئەو هێزانە لەبەردەمی خەڵکدا زیاتر ناشیرینترو نەخوازراوتر دەکاتو ئەگەر دۆخێکی وا بکەوێتەوە، دەکەونە شەڕێکی گەورەوە لەگەڵ کۆمەڵگاو ئەو بەشە لە خەڵکی ئازاد کە هێزێکی گەورەیەو سنووری بۆ دانانرێت».

بە بڕوای چاودێران، ئازادیو ئازادیی رۆژنامەگەریی لە هەرێمدا، بەرهەمی خەباتی میللەتێکە کە دەیان ساڵە شۆڕش دەکات بۆئەوەی ئازادیی بەدەستبهێنێت، ئەو ئازادییە هی کەسو لایەنێک نییە کە مامەڵەی پێوەبکات، هەروەک رێبین هەردی وتی: «هێزی تاریک هەنو دەیانەوێت ئەو ئازادییە بسڕنەوە کە هی میللەتێکە».

---

# کەمئاویی ناحیەی شۆڕش هەراسان دەکات

راپۆرتی: ئاری لوقمان

حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمساردبووە لە تەواوکردنی پرۆژەی راکێشانی ئاو بۆ ناحیەی شۆڕش کە سەر بە قەزای چەمچەماڵەو دانیشتووانەکەی لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانن‌و بەدەست کەمئاوییەوە دەناڵێنن.

ناحیەی شۆڕش لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەلایەن رێکخراوێکی خێرخوازییەوە پرۆژەیەکی ئاوی بۆ دروستکرا، بەڵام پرۆژەکە تەنیا بۆ ئەو قۆناغە گونجابوو، ئێستا لەگەڵ فراوانبوونی ناحیەکەدا پێویستی بە راکێشانی ئاوە بۆ ماڵەکان، نەک بەشێوەی (تاپ)ێک بۆ یەک گەڕەک کە پێشتر بۆی کرابوو.

شیلان عەبدوڵڵا، دانیشتووی گەڕەکی پیریادیە لە ناحیەی شۆڕشو ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان وەک کەسوکاری ئەنفالکراوان ساڵانێکە گیرۆدەی نەبوونی ئاون‌و دەڵێت: «دەبوایە حکومەت رەچاوی تایبەتمەندیی ژیان‌و قوربانیدانی دەڤەرەکەی بکردایەو چارەسەری ئاوی خواردنەوەی بکردایە».

ناحیەی شۆڕش، کە دانیشتووانەکەی نزیکەی (٤٥) هەزار کەس دەبێت، لەلایەن حکومەتی بەعسەوە وەک ئۆردوگایەکی زۆرەملێ بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ئەم ناوچانەش لە پەسەندکردنی بودجەی هەرێمدا ساڵانە بودجەی زیاتریان بۆ تەرخاندەکرێت بەهۆی زۆریی قوربانییەکانیانەوە.

تاهیر نەجمەدین، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی شۆڕش بۆ رۆژنامە وتی: «چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی ناحیەی شۆڕش هێندە ئاسان‌و ئاسایی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە توانیومانە (٢٥٠) کیلۆمەتر تۆڕ جێبەجێ بکەین بۆ ناحیەکە، لەهەمان کاتدا هاوڵاتییانیش مافی خۆیانە چارەسەری کەمئاوییان بۆ بکرێتو هەوڵی زۆرمان داوە بۆ چارەسەرکردن‌و گەیاندنی ئاوی دوکان بۆ سنوورەکەو بە بەرنامە کاری لەسەر دەکەین».

لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی شۆڕش باسی لەوەشکرد، کە هەندێک گرفت لە تۆڕەکانی ئاودا دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕیی بەڵێندەرو ئەندازیارانی سەرپەرشتیار، لەم رووەشەوە گەڕەکی پیریادییەکان بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت: هەڵەکە لەوەدابوو پێش ئەنجامدانی ئاوەڕۆی گەڕەکەکە تۆڕی ئاوی بۆ دروستکرابوو، بەڵام خۆشبەختانە چارەسەری ئاوی گەڕەکە کراوە.

بەبڕیاری بەڕێوەبەرێتی ئاوی گەرمیان، فەرمانگەی ئاوی شۆڕش لە مانگی ئایاری (٢٠٠٩)وە کراوە بە فەرمانگەیەکی سەربەخۆو لە فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ جیاکراوەتەوە، ئەمەش بەبڕوای تاهیر نەجمەدین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی ناحیەکەو سەرفکردنی ئەو پارەیەیە کە بۆ چارەسەری ئاوی ناحیەکە دابین دەکرێت.

لەبارەی ئەو تۆڕانەی ئاوەوە کە تا ئێستا بۆ ناحیەکە دروستکراوە، محەمەد ئەحمەد کە دانیشتوویەکی گەڕەکی سەنگاوییەکانە لە ناحیەی شۆڕش وتی: «زۆربەی تۆڕەکانی ئاوی ناحیەکە خەمخۆرانە دروست نەکراوەو کەموکوڕیی زۆری تێدایە»، ئاماژەی بەوەش کرد، کە چارەسەرنەکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەی ناحیەکە، پەیوەندیی بەبێ پلانی حکومەتەوە هەیە.

---

# دانیشتووانی قەندیل، ناپارێزرێن‌و خزمەتگوزاریشیان پێ ناگات

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

خەڵکی گوندەکانی بناری قەندیل، جگە لەوەی بەردەوام لەژێر تۆپباران‌و هەڕەشەی ئێران‌و تورکیادان، لەهەمانکاتیشدا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خزمەتگوزارییان پێ ناگات.

فازڵ حەمە فەرەج، تەمەن (٦٥)ساڵ، خەڵکی گوندی (ئێنزێی) بناری قەندیلەو بەنەنگییەوە دەڕوانێتە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەیان‌و دەڵێت: «گوندەکانی بناری قەندیلو دەوروبەری (ئێنزێی)، لەئێستادا لەبەردەم مەترسی چۆڵبووندان».

لەبارەی پێویستییەکانی لادێکەیانەوە، فازڵ وتی: «خزمەتگوزاریمان زۆر خراپە، مزگەوتمان نییە، خوێندنگەمان هەیە، بەڵام هەمووی خوێندنگەی سەرەتایی‌و خوێندنگەی ئامادەییمان نییە». هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ دووری شوێنەکەو دەڵێت: «مامۆستایان ناتوانن بێنە ئێرە، ئێرە دوورە دەستەو وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە».

ئەو هاوڵاتییە ئەمەشی بەهۆکارێک دانا بۆ چۆڵکردنی گوندەکان‌و ئاماژەی بەوەکرد: گوندنشینان لەبەرئەوەی منداڵەکانیان نەفەوتێن‌و لەخوێندن دانەبڕێن، بەرەو شار کۆچ دەکەن‌و گوندەکانیان چۆڵ دەکەن.

تۆپبارانەکانی ئێران‌و تورکیا، ساڵانە بە ملیۆنان دینار زیان بە لادێکانی سەر سنوور دەگەیەنن، ئەمەش بە پاساوی بووندی گەریلاکانی پەکەکەو پژاکەوەو هەر بەو پاساوەشەوە حکومەتی هەرێم ئەو گوندانە ئاوەدان ناکاتەوە.

سەبریەی تەمەن (٤٦)ساڵ، خەڵکی گوندی (ماونان)ی قەندیلەو داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لەگەڵ ئێران‌و تورکیادا گفتوگۆ بکەن تاوەکو ئەو بۆردومانانە رابگرن، وتیشی: «لێرە ژیان نەماوە، نە کارەبامان هەیە، نە ئاوی پاکژو شەقامی پێویست، خانوومان خراپە، دوورین لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، هیچ شتێکمان پێ ناگات».

ئەو خانمە گوندنشینە، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو پاساوەی کە حکومەتی هەرێم هەیەتی‌و دەڵێن، ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدان، سەبریە وتی: «ئەوان لەناو گوند نین، لە شاخن».

بەڵام عەبدوڵڵا ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەو گوندانە خزمەت نەکرابن‌و بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو دێهاتانە بنکەی تەندروستییان هەیە، بینای قوتابخانەو مەولیدەی کارەبایان هەیە، ئەو گوندانەشی کە هیچیان بۆ نەکراوە، تیایەتی دوو ماڵەو گوندیش هەیە بەتەواوی چۆڵکراوە، ئەو گوندانەشی کە ئاوەدانن، حکومەتی هەرێم بەگوێرەی هەبوونی بودجە، کاریان بۆ دەکات».

بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، لەبارەی کەموکورتییەکانی پەروەردەوە لەو ناوچانە، وتی: «چەند جارێک قسەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی قەڵادزێ کردووە بۆ چارەسەی ئەو گرفتانە، ئەوان بڕیاریان داوە بۆ ساڵی داهاتوو، ئەو قۆناغانەیان بۆ بکرێتەوە کە لەو ناوچانەدا نین».



بەشێک لە دانیشتووانی قەندیل کە بەهۆی تۆپبارانەوە ئاوارە بوون فۆتۆ: رۆژنامە

عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەوەشی نەشاردەوە کە بەهۆکاری هەبوونی تۆپبارانی ئەو ناوچەیەوە، بنکەی تەندروستیو قوتابخانەکانی هەندێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە داخراون‌و چۆڵکراون، چونکە نەیانتوانی لە سایەی ئەو دۆخەدا ژیان بگوزەرێنن.

# سەرچاوەی دەسەڵاتگیریی لە هەرێمی کوردستان



بەهرۆز عەلی

گەرچی هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سیاسی دانپێدانراو نییەو ناچێتە چوارچێوەی کیانێکی سیاسی خاوەن سۆڤێریتی نێودەوڵەتی، بەڵام لەهەمانکاتدا دۆخێکی تایبەتیو دەگمەنی هەیەو لە هەندێک حاڵەتی جەوهەریدا وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکی دیکەدا هەستی پێدەکرێت، لەو رەهەندەیدا دەشێت وەک کیانێک کە خاوەنی رەگەزەکانی دەسەڵاتە وەک دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی قەزائیو خاوەن هێزی چەکداری خۆیو ئابووریی تایبەتی خۆیەتی، شرۆڤەی کیانێکی سیاسی بۆ بکرێت تا ئەو رادەیەی بخرێتە دەروازەی بەراوردکاریی لەگەڵ مۆدێلو سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی دیکە، ئەوەی جێگەی مەبەستە لەم وتارەدا قسەکردنە لەسەر سەرچاوەی پەیدابوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەواییکردنی، چونکە هەستدەکرێت بە بیانووی جۆراوجۆر هێزی ئەوتۆ تەواو مۆنۆپۆلی دەسەڵاتداریی دەکەن، بەبێ ئەوەی سەرچاوەیەکی روون هەبێت کە شەرعییەتی دەسەڵاتەکەیانی پێ وەربگرن، بۆیە ساغکردنەوەی ئەو مەسەلەیە کارێکی گرنگەو کاتی ئەوە هاتووە سەرچاوەی شەرعیی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت، ئەگەر وا نەبێتو ئەو دۆخە بێ ساغکردنەوەی شەرعییەتی دەسەڵات بڕوات، دوور نییە رۆژ لەدوای رۆژ مەودای ستەمکاریی تیایدا فراوانتر بێت، لێرەدا پێویستمان بە شرۆڤەکردنو توێژینەوەی وردتر هەیە بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، ئایا چۆن پەیدابووەو لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر رۆشنایی شێوازەکانی سەرچاوەی حوکمڕانیی یاخود دەسەڵاتگیریی شرۆڤەی سەرچاوەی وەرگرتنی دەسەڵاتی هەرێم بکەین.

هەر سیستمێکی سیاسی یاخود دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی دنیا، بەپێی تایبەتمەندێتیو بارودۆخی سیاسیو ئاستی پەرەپێدانی سیاسی، سەرچاوەی دەسەڵات دیاریدەکات، بۆ نموونە وڵاتە پێشکەوتوو لیبراڵییەکان کە خاوەنی کلتوورێکی گەشەکردنی سیاسین، دەسەڵاتو فەرمانڕەواییکردن لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی سەرچاوە دەگرێت، وەک وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەمریکاو ئەورروپاو ئوستورالیاو ئیسرائیلو کۆریای باشوورو ژاپۆن، هەروەها لەو وڵاتانەی سیستمی پاشایەتی تێدا پەیڕەودەکرێت، بەگوێرەی دەستوور دەسەڵات بە شێوازی میراتگریی سەرچاوە دەگرێت، وەک وڵاتە پادشاییەکانی کەنداوی عەرەبیو هەندێک وڵاتی دیکە، لە هەندێک وڵاتی دیکەدا دەسەڵات لە رێگەی کودەتای جۆراوجۆرەوە سەرچاوەی گرتووە، چ سەربازیی بێت یاخود کودەتای سپی بووبێت، نموونەی ئەو وڵاتانە وەک میسرو لیبیاو سوریاو مۆریتانیاو یەمەنو عێراقی دوای پادشایەتی تا رووخانی رژێمی سەدام، لە هەندێک شوێنی دیکە دوای ئەوەی شۆڕش بەرپابووەو شۆڕشەکە گەیشتووە بە ئاماجو هاتووەتە سەر تەختی حوکمڕانیی، حوکمڕان یان دەسەڵات، شەرعییەتی شۆڕشی کردووە بە سەرچاوەی حوکمڕانیی خۆی، نموونەی ئەو شێوازە وەک سۆڤییەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو هەندێک وڵاتانی ئەمریکای لاتینو باشووری ئەفریقا، بەڵام ئاخۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟، دەچێتە خانەی کام لەوانەی باسمان کرد؟.

بێ شک هەرێمی کوردستانی عێراق ناچێتە خانەی هیچکام لەوانە، چونکە نە کیانێکی پاشایەتییە بەپێی دەستوور شەرعییەت درابێت بە خانەوادەیەکی پادشایەتی حوکمڕانیی بکەن، نە تاقمێک هاتوون لە رێگەی کودەتاوە دەسەڵاتیان گرتبێتەبەر، نە لە رێگەی سەد لەسەدی هاتنەدی ئامانجی شۆڕشەکانەوە ئەم دۆخە رەخساوە تا شەرعییەتی شۆڕش بکەنە سەرچاوەی دەسەڵات، بەقەدەر ئەوەی راپەڕینی گشتیی خەڵکی کوردستانو بەدوایدا رووداوی کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)ی میللەت، کە بووە هۆی راکێشانی سەرنجی مرۆیی نێودەوڵەتیی، کە بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوەو ئەوەش بووە هۆی رەخساندنی کەشی ئارام لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش میکانیزمێکی باشی بۆ کورد رەخساند لەو بەشەی کوردستان حوکمڕانییەکی خۆماڵیی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە رابردووی خەباتو تێکۆشانو قوربانیدانی گەلی کورد لەدوای راپەڕینەوە چوونە پرۆسەی چەندین هەڵبژاردنی هەرێمو عێراقەوەو توانیان درێژە بە دەسەڵاتی حوکمڕانی خۆیان بدەن، هەرچەندە ئەم دەسەڵاتە بەهۆی چەندین کێشەو هۆکاری جۆراوجۆرەوە روو لە پاشەکشێیەو خودی هەڵبژاردنەکانیش بێگەرد نەبوونو هەموو جارێک کەموکورتی گەورەی لێدەرکەوتووە. بۆیە هیچ پاساوێک نییە بۆ هیچ هێزو لایەنو سەرکردەیەکو بنەماڵەیەکی دیاریکراو لەو روانگەیەوە بۆ هەتاهەتایە شەرعییەت بە خۆیان بدەن ئەوان فەرمانڕەوای رەهای هەرێمی کوردستانن، راستە سەرکردەو لایەنەکانو بنەماڵەی شۆڕشگێڕ رۆڵیان هەبووە، بەڵام رۆڵەکانیان نەبووەتە سەرچاوەی سەرەکیی بەدیهاتنی دروستبوونی ئەم کیانە سیاسییە، بەقەدەر ئەوەی وەک ئاماژەمان پێکرد خودی نەهامەتیو قوربانییەکانی جەماوەر بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی دۆخەکە، بۆیە پێویستە نوخبەی فەرمانڕەوا لەو وەهمە خۆی دەرباز بکات، کە شەرعییەتی بنەماڵەییو شۆڕش بکاتە بنەمای سەرچاوەی حوکمڕانیی، ناکرێت هەرێمی کوردستان خو بەوە بگرێت تا سەر مەودای فەرمانڕەواییکردن بۆ تاقمو لایەنی دیاریکراو، بنەماڵەی دیاریکراو بێت، بەتایبەتی ئێستا هەستدەکرێت لەپاڵ بنەماڵەی نمرە یەکدا، بنەماڵەی لاوەکیی دیکە پەیدا دەبن، ئەوەش چەمکەکانی حوکمی مەدەنیو بەشداریی سیاسیو پەرەپێدانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا دەخاتە مەترسییەوە.

# پەرلەمانتاران.... لەنێوان خەمخۆرییو بێباکیدا...



پشتیوان ئەحمەد

یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی پەرلەمانو پەرلەمانتاران چاودێریکردنی دەسەڵاتی راپەڕاندنە، شانبەشانی یاسادانانو بەسەرکردنەوەی بنکە جەماوەرییەکانو پەیوەندیکردنو رایەڵە دروستکردن لەگەڵ میدیای ئازاد لەپێناوی خستنەرووی راستییەکانو نەهێشتنی هیچ بابەتێک بە تەمومژاویی.

پەرلەمانتار دەبێت رووبەرووی گەندەڵیی دەسەڵات ببێتەوە، مەبەستم دەسەڵاتی راپەڕاندنە، دەسەڵاتی راپەڕاندنیش، کە گەندەڵ بوو، هەوڵدەدات چاوی پەرلەمانتاران شۆڕ بکات بە بەخشینی ئیمتیازاتی جۆراوجۆر، کەس لەوە گومانی نییە، کە دەسەڵاتی راپەڕاندن لە هەرێم گەندەڵە، یاخود گەندەڵیی وەکو پەتای شێرپەنجە لەنێو جەستەی دەسەڵاتی راپەڕاندن تەشەنەی کردووە، بەتایبەتی لەبواری سامانە سروشتییەکان.

عەرەب دەڵێت: (سل مجرباً ولا تسل حکیماً)، من کە قسە دەکەم ئەزموونی چوار ساڵ کاری پەرلەمانیم لە بەغدا هەیە، وەزارەتی بەرگرییو وەزیری بەرگریی، بۆ ئەوەی چاودێریی نەکرێنو پەرلەمان چاوپۆشی لە دزییەکانیان بکات، لابەلا ئەفسەریان دەنارده لای پەرلەمانتارەکان، یان هەندێکیان دەیانوت: دەتەوێت (٣٠) پاسەوان، یان (٤٠)، یان (٥٠) پاسەوانت بۆ دابنێین؟ تەنیا ناو بنووسەو سەری مانگ خۆمان پارەکەت بۆ دەهێنین لەکاتێکدا هەر پەرلەمانتارێک مووچەی (٣٠) پاسەوانی وەردەگرت!!

لە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە یەکێتیو پارتین.. لێرەدا سەرۆکایەتی یاسادانانو راپەڕاندن هەماهەنگیی دەکەنو لەروانگەی حیزبییەوە دەڕواننە کێشەکان، بەپێچەوانەی وڵاتە دیموکراسییەکان، لەوێدا ئەو دوو دەسەڵاتە رکابەری سیاسیی یەکنو لە ململانێدان بەپێی دەستووری وڵاتەکانیان، دەبێت پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بەگشتییو ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی، وریایانە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکەن، ئێستا ئێوە لە دووڕیاندان (مفترق الطریق) بەرەی میللەت هەڵدەبژێرن، یان بەرەی دەسەڵات؟ وەکو پەرلەمانتارانی خولی پێشووی خۆتان لە بەغداو هەولێر رەفتار دەکەن، یاخود وەکو پەرلەمانتارانی حیزبی دادو پەرەپێدان (AK partey) لە تورکیا؟

پەرلەمانتارانی ئەو حیزبە کەسانێکی خەمخۆرو ئاکتیڤن، جارێک لەگەڵ شاندێک سەردانی بارەگای سەرەکیی ئەو حیزبەمان لە ئەنقەرە کرد، لەوێ پەرلەمانتارانی ئەوانمان بینی، جێگری سەرۆکی ئەو حیزبە وتی: ئێمە ئەوەی دەبێتە پەرلەمانتار دەبێت باجی قورس بدات، نەک ئیمتیازاتی قورس وەربگرێت، دەبێت ئەو ماوەیەی ئەو تیایدا پەرلەمانتارە، نابێت بەهیچ شێوەیەک خزمێکی لە دوورو نزیکەوە لە هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەت دابمەزرێت، تەنانەت ئەگەر پرۆفیشناڵیش بێت، نەوەکو میللەت، یاخود بنکە جەماوەرییەکەی بەخراپ لێکیبداتەوەو دوایی سەرەنجام حیزب باجە گەورەکە دەدات، ئەمەشە وایکردووە ئەم حیزبە ساوایە بۆڕ بەهەموو حیزبە گەورەکانی تورکیا بداتو هێدی هێدیش بەرەکە لەژێر پێی عەسکەر راکێشێت.

ئێمە، چ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو، چ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەکارەکانماندا لاسایی پەرلەمانی وڵاتە دواکەوتوو و گەندەڵەکان دەکەینەوە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش دووبارە دێت لاسایی پەرلەمانی عێراق دەکاتەوە، نەک لەکارە باشەکانی، بەڵکو لە چۆنیەتی وەرگرتنو دابەشکردنی ئیمتیازاتو خانەنشینکردنو بەداخەوە ئێمە ئەوەمان نەکردو دوای زۆرینە کەوتین. لێرەدا دەکرێت ئەم پرسیارە بکەین، لە پەرلەمانی کوردستان ئەندام پەرلەمان هەیە کە بووە پەرلەمانتار تەمەنی بیستو شەش ساڵ بوو، دوای چوار ساڵ تەمەنی دەبێتە سی ساڵ، ئایا راستە گەنجێکی سی ساڵیی خانەنشین بکرێت؟ یان دەکرێت چوار ساڵ جارێک دەیان مامۆستای زانکۆو پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکان، زانکۆکان لێیان چۆڵ بکەینو رەوانەی پەرلەمانیان بکەینو لەوێش پاش تەواوبوونی چوارساڵ خانەنشین بکرێنو رەوانەی ماڵ بکرێن؟ ئێستا خەڵکێکی زۆر هەوڵدەدات ببێتە ئەندام پەرلەمان بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆری دەستبکەوێتو دەوڵەمەند بێت، ئەمەش جۆرێکە لە گەندەڵیی رۆڵی سەرەکیی لە چێبوونی ئەم گەندەڵییە دەبینن، چونکە دەتوانن کاری پەرلەمانی وەکو عورفو یاسا بەراپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانییو نەتەوەییو کۆمەڵایەتی بناسێنن، ئەوەش بەوە دەکرێت:

یەکەم: بەهیچ شێوەیەک ئیمتیازات بە ئەندام پەرلەمانەکانو وەزیرەکانو هاوشێوەکانیان نەدرێت.

دووەم: نابێت هەر چوار ساڵ جارێک هەموو ئەندام پەرلەمانەکان بنێردرێتەوەو پێیان بوترێت: کاکە گیان.. خوشکە گیان.. ئێوە تێربوون لە وەرگرتنی ئیمتیازات.. ئێستا نۆرەی وەجبەیەکی دیکەیە.. ئەمەی حیزبەکانی کوردستان دەیکەن لەهیچ وڵاتێکی دیموکراسیدا نییە..

پەرلەمانو کاری پەرلەمانیی، خەڵک رازیکردنو خەڵک مشەخۆرکردنو خزمخزمێنە نییە.

دوای تەواوبوونی هەر خولێک، دەبێت پەرلەمانتارە سەرکەوتووەکان، دووبارە کاندید بکرێنەوە... کاری پەرلەمانیی.. کاری کەڵەکەکردنی ئەزموونە.. چوارساڵ.. هەشت ساڵ... بیست ساڵ...هتد.

ئێستا لە وڵاتە دیموکراسییەکان، پەرلەمانتار هەیە بیست ساڵە کاری پەرلەمانی دەکات، خاوەن ئەزموونەو جیهانبینییو خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە، هەیبەتی کاریزمایی هەیە، کە وەزیرێک لە بەرامبەریدا دادەنیشێت دەیان حیسابات دەکات، لەوێدا پەرلەمانتار ئەرکی خۆی دەزانێتو جێبەجێی دەکات، لێرەدا جارێ دەبێت چاوەڕوان بین.

# قەڵەمە ئازادەکانو... دوژمنەکانی



سیروان ژاژڵەیی

**کوشتنی ئازادیی رادەبڕین، کوشتنی سەرجەم ئازادییەکانی کۆمەڵگەیە**
**(سێپنوزا)**

تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی ئازادو ئازای حەقبێژی لاو (سەردەشت عوسمان)، تەنیا لەناوبردنو حەڵاڵکردنی خوێنی پیرۆزی مرۆڤێک نەبوو، بەڵکو کوشتنی هەموو بەهای بەرزو بەزاندنیو ئەخلاقو سروشتو پێوەرە ئینسانییەکانی دنیای ئێمەیە.

بێگومان مافو ئازادییەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیدارە بە کۆی بەهاو پرەنسیپە گشتییەکانی مافی مرۆڤو جەوهەرو ناوەڕۆکی دیموکراسییەوە.

نەفیکردنی جەستەو ئازادیی هەر مرۆڤێک، نەفیکردنی ماهیەتو شوناسی مرۆڤبوونە، ئەگەر ئەمڕۆ هەمووومان بە بەرنامەی هەمەلایەن بەگژ تیرۆرو تیرۆرستانی قەڵەمی ئازادیدا نەچینەوە، ئەوا زۆر نزیکە فەزایەکی پڕ لە ترسو تۆقاندن بەرهەم بێتو بەجۆرێکی ترسناک سەرتاپای کۆمەڵگە ببێتە کۆمەڵگەیەکی لێوانلێو لە بێدەنگییو بێ پرسیارو چەپاندنی بیرو دیدگای تاکڕەویی، ئەوکاتیش هیچ مانایەک بۆ فرەدەنگییو فرەڕەنگییو جیاوازییەکان نامێنێت.

ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان کەوتووەتەبەر هێرشی دلڕەقو شەمشەکوێرەو بکوژانی ئازادییو مەدەنییەت، چونکە ئەوانە باش لەو راستییە گەیشتوون بە فراوانبوونی پانتایی ئازادییەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵاتو موقەدەساتیانو هەیمەنەی سەرکردەو بنەماڵە دەکەوێتە بەر تەوژمی جیهانی نوێ، کە خۆی لە بەرفراوانیی مەوداکانی ئازادییو دیموکراسیو مەدەنییەت دەبینێتەوە، بۆیە ئەوانەی بەو عەقلییەتو جیهانبینییە فاشیانەوە دەڕواننە رێڕەوی گۆڕانکارییەکان، بەرگەی گەشەکردنی عەقلی ئازادو کراوە ناگرنو بەرگریی لە دۆخو هەلومەرجی باوی نەخوازراو دەکەن لە هیچ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا ئەرزشی نەماوەو بەردەوام ئەو جۆرە عەقڵانەی لەپشت تیرۆرکردنی (سەردەشت)ەوە بوون، دەیانەوێت تا دوا ساتەکانی تەمەنیان خۆیانو پشتاوپشتیان خاوەن دەسەڵات بن، بۆیە لەو پێناوەدا چییان پێبکرێت بۆ تیرۆرکردنی قەڵەمە ئازادەکان دەیکەن.

ئەو هێزەی لەپشت بکوژانی (سەردەشت)ەوەن، دنیا وەک تابلۆیەکی رەشو سپی دەبیننو هەمیشە دەیانەوێت گوێبیستی یەک نەغمەو یەک دنیابینیی بن.

دوژمنانی وشەی راست چ تۆمەتێکی نابەجێ دەخەنە پاڵ داکۆکیکەرانی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، یان چۆن دەتانەوێت ئاراستەی نارەزایەتییەکان بگۆڕن بەوەی تەنیا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی چەند کەسو بنەماڵەیەکدایە. دڵنیاتان دەکەینەوە نووسەرو رۆژنامەنووسانی ئازاد هیچ هەڕەشەو تیرۆرو دەسەڵاتێکی ستەمکاریی لە هەڵوێستی ئازادیخوازییو مەدەنیانەی خۆیان پاشەکشەیان پێناکات.

تیرۆرستانی سەردەشت باش لەوە بگەن ئەم قۆناغو هەلومەرجەی ئێستای کوردستان زۆر جیاوازترە لەو سەردەمەی کە رۆژنامەنووس (سۆرانی مامە حەمەو نووسەر د.عەبدولستار)تان تێدا شەهیدکرد!.

ئێمە لەپێناو بەگژداچوونەوەی ستەمکارییو تیرۆری ئازادییەکان بێدەنگ نابینو قەڵەمەکانی ئازادیی تەنیا زمان نووسین و دەربڕینی ئازادیی بیروڕاکانیانو پێودانگی خواستە مەدەنیەکانیانە، وەڵامی ئێوەش زمانی تیرۆرو تۆقاندنە، بەڵام با دڵنیابن ئایندە بۆ ئیرادەی ئازادییەکانەو دوژمنانی ئازادیی قەڵەمو مەدەنییەت ئەمڕۆ بێت یان سبەی چارەنووسیان تورهەڵدانە بۆ زبڵدانی مێژوو.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# خوێندنەوەیەک بۆ دیوەکەی تری وتارەکەی مەسعود بارزانی، لە پەرلەمانی هەرێم



د.سالار باسیرە*

**دەبوایە سەرۆکی هەرێم لە وتارەکەیدا باسێکی لەودیوەکەی دەسەڵاتیش بکردایە، کە ئەم لایەنەش پشکی سەرەکیی خۆی بەردەکەوێت**

## خوێندنەوەی وتارێکی هەڕەشەئامێز

١) خوێندنەوەی وتارێکی هەڕەشەئامێز دوور لەچاوی میدیا کە واتـای هۆڵێکی داخـــراوی پەرلەمان دەگـرێـتــەوەو بێ دانوستان لەسەر وتارەکە وەک ئەو وێنەیە وایە، کە خۆی بۆ خۆی ئەدوێ‌و پێویست بەشیکردنەوە ناکات، سایکۆلۆژیەتی وتارەکە نزیکە لە هەدەفی «هێرشکردن باشترین دیفاعە»، بەوپێیەی کە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراومان هەیەو بەڕێزت نوێنەری وەک خۆت فەرمووت (٧٠٪)ی خەڵکی ئەم هەرێمەیت، دەبوایە دەرگـای پەرلەمانت دانەخستایە، بەڵکو وتارەکەت‌و کردنەوەی ڕێگەی دانوستانت ڕاستەوخۆ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بگواستایەتەوە، بەم میتۆدو مامەڵەکردنە سەرۆک‌و سەرجەم سیستمە سیاسییەکەش دەکەونە بەر پرسیار، دەبوایە ئەندامانی پەرلەمانیش بەتایبەت ئۆپۆزسیۆن ئەم شێوە مامەڵە ناتەندروستەیان قبووڵ نەکردایە، ئەو پەرلەمانەی کە بە مووچەی زۆرو پارەی سەیارەو زەوی‌و ئیمتیازات هــەوڵـی بێدەنگکردن‌و سەقەتکردنیان دەدرێت، پیادەکردنی هەمان کلتوورەکەی بـەعـس، خـوێـنـدنــەوەو لێکۆڵینەوە بۆ وتارەکەی سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بـارزانـی، بەتەنیا کـاری سیاسەتمەدار نییە، بەڵکو کاری پسپۆڕەکانی دیکەشە بەتایبەت زانستی سیاسیی‌و یاساناسەکان، ئــەوەی کە من لـێـرەدا ڕووی تێدەکەم بەپلەی سەرەکیی بریتییە، لەو بەشەی کە باسی ئاسایشی تیدا کراوە، بەڵام پێشتر بەچەند سەرنجێک دەستپێدەکەم. وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەحمەد داود ئۆغڵو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، کە لەگەڵ مەسعود بارزانی، لە ئەنقەرە سازی کرد ڕایگەیاند: وەکو یەکێک لە خێزانە عێراقییە ناودارەکان پێشوازییان لە بارزانی کردووە، بارزانیش کـاردانـەوەی نەبووە، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان بارزانی ئیحراج کردوو پێیوت: بۆچی بە تەنیا ئاڵای تورکیا لەپشتییەوە دانـراوە، نە ئاڵای عێراق‌و نە ئاڵای کوردستان لەو هۆڵەدا نەبینران، کاک مەسعود لە وتارەکەی پەرلەمانی هەرێمدا، کە لەڕێگەی نوێنەرانیەوە دەیویست بگات بە گەلی کورد، باسی سروشتی ئەم گەشتەی نەکرد، کە وەک کێ بانگهێشت کراوە، لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە سروشتی سیستمە سیاسییەکەی هەرێم لە چ بارودۆخێکدا گوزەر دەکات، هەربۆیە لە گەڕانەوەیدا پێویستە ڕووبـەڕووی پرسیارو وەڵام بکرێتەوە، بەم پێیە بارزانی لەگەڵ کوردو پەرلەمانتارانیش «ڕاستگۆ» نەبووە، بۆ ئەم گەشتەی تورکیاش زۆرینەی وەزیری پارتی هاوڵی بووە، وەک هەمان ئەو گەشتەی بۆ لای باراک ئۆباما ئەنجامدرا، کەچی سـەرۆکی حکومەت نقی لەخۆی بڕیوە، هـەر لـەم تورکیایەی کە سەرەک کـۆمـاری عـێـراق لەسەر گـۆڕی کەمال ئەتاتورک بڵێت: دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە، ئایا نەدەکرا بۆ مەبەستەکە وشەی دیکەی دبلۆماسی هەڵبژێردرایە بۆ ئەوەی کەسایەتی کوردی پێ نەشکێندرایە، دەپرسم ئایا کامیان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش؟ کامیان تێکشکاندنی کەسایەتی کوردییە؟، ئەمە، یان نارەزایی دەبڕینی خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ داوایەکی شەرعی؟!.

## بارزانی ڕاست دەکات، پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیا گرنگە

٢) لە باسی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوســێ‌و گرنگیی ئابووریی بۆ هـەرێم، پێویستە ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو کە سەرۆکی هەرێم ڕاسـت دەکـات ئەم پەیوەندییانە گرنگن، بەڵام ئەوەی دەبێت بوترێت، ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە ئابوورییانە بەشێوەیەکی سەرەکیی بەسوودی کۆمەڵە کەسانێکی کەم گــەڕاوەتــەوەو مۆنۆپۆڵ کـراون، کە پێی بوون بە ملیۆنەرو بگرە ملیاردەری دۆلار، ئەم بازرگانیکردنانە لەگەڵ تورکیاو ئاودیوکردنی ڕۆژانە دەیان تانکەر نەوت، کە موڵکی نەتەوەیە بێ ئەوەی سوودەکەی بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی وڵات بگەڕێتەوە، بەڵکو چینێکی بۆرجوازی ناتەندروستی دۆلاری دروستکردووە، بەڵام بێ ئـەوەی دەخلی تاک بەرزبووبێتەوە، ئایا ئەمە هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاسایشی هەرێم‌و دژی ئینسانیەت نییە؟ نەک ئەو سێ بەشەی تری وتارەکەی بۆ تەرخانکرابوو، ئێمەش وەک هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە ئەمە قبووڵ ناکەین، ئایا ئەم بێدەنگییە بەرامبەر بە بۆردومانەکانی تورکیاو ئێران بۆ سەر هەرێم زیانبەخش نییە، بۆ ئاسایشی هەرێم؟.

## نەبوونی پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

٣) هەتا ئێستا لەم هەرێمە دەسەڵات نەیتوانیوە پرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجامبدات‌و ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت، ئەمە لەکاتێکدا، کە لە سەرجەم ئاستەکانی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و ژینگەو بواری سایکۆلۆژی هەڕەشەیەکی جدیی هەیە، لەسەر ئاسایشی هەرێم، لەسەر ئاستی نیوخۆو دەرەوەش، بەندە یەکێکە لەوانەی کە پرۆژەیەکی جدیی ئەم بوارەی پێشکەشکردووە بە دەسەڵات، بـەڵام کار بەهیچ پرۆژەیەکی ئاسایش ناکەن.

٤) کەرتی پیشەسازیی ناوخۆیی‌و کەرتی کشتوکاڵیی پشتگوێخراوە، لە وڵاتێکی کشتوکاڵیدا گوندەکان ئاوەدانەکراونەتەوەو ئەوەشی کراوە بەشێکی زۆری لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێی هەستاون، ئــەوەی دەســەڵات پێی هەستاوە دڵۆپێک بووە لە دەریایەک، هەتا ئێستاش دۆشـاوی تەماتە لە ئێرانەوە دەهێنرێن‌و ئەندام پەرلەمانەکان ئاوی حەیاتی تـورکـی دەخـۆنــەوە. بەهۆی هاوردەکردنی ڕێژەیەکی زۆری کەرەستەی خـراپ بۆ نموونە: لە چین‌و تورکیاو... بووەتە هۆی ئەوەی کارگە محەلییەکانی خۆمان لە ئیفلاسبووندابن‌و کارگەی نوێ دروست نەبن‌و گەشە ناکەن‌و وەبەرهێنان زەحمەت بووە، کارەبا وەک سەرچاوەیەکی گرنگی وزە نەتوانراوە لە (٢٠) ساڵدا لەلایەن دەسەڵاتەوە چارەسەر بکرێت، بەم هۆیەوە بە ملیۆنان کاتژمێر لە بەرهەمهێنان لەنێوچووە، ئەمە جگەلەوەی ڕای گشتیی نازانێت داهاتی کارەبا بۆ کێ دەڕوات. بازاڕەکانی هەرێم بوونەتە ساغکردنەوەی کەلوپەلی بیانیی بۆ نموونە: تورکیا، بۆ ساغکردنەوەی خراپترین کەلوپەل.

## مامەڵەکردنی هەوەس، بە بودجەی هەرێم‌و سامانی خەڵکییەوە

٥) چەندین ساڵە بەشێکی بەرچاوی بودجەی ئەم وڵاتـە بە بڕیاری هەوەس مامەڵەی پێوەکراوە، شەفافیەتی تێدانەبووەو مانگانە بـەدەیـان ملیۆن دۆلار بەناوی حیزبیشەوە براوە.

٦) سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی هەرێم لە یەکتر جودا نەکراونەتەوە، کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دیموکراسییەت، هێشتا وڵاتێکی حیزبییەو حیزبیش حیزبی قائیدەو پۆستە سیادییەکانیش بەدەست دوو بنەماڵەوەن، لەبری ئاسایشی هەرێم ئاسایشی حیزب‌و بنەماڵە ئەولەویەتی هەبووە، ئایا کامیان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش؟ ئەمانە یان نارەزایی خەڵک بۆ داوا شەرعییەکانی؟!.

٧) کـۆمـەڵـێـک بـەربـەسـت لـەلایـەن دەسەڵاتەوە خولقێنراون بۆ ئاسایشی هەرێم‌و دانیشتوانەکەی، کە بریتین لە: بوونی دوو دەزگای ئاسایش، کە هەردووکیان دەزگای حیزبین‌و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدان، هەر بەمشێوەیە بوونی دوو دەزگای هەواڵگریی سەر بە دوو حیزبی جیاواز، کە بریتین لە: دەزگای پاراستن سەر بە پارتی، دەزگای زانیاریی سەر بە یەکێتی، هەروەها بوونی دەزگایەکی تری سەر بە یەکێتی، کە بریتییە: لە دەزگای دژەتیرۆر، کە ئەندامێکی بنەماڵە سەرپەرشتی دەکات، ئەمانە جگەلە لەشکری بارزان‌و هێزی زێرەڤانی، هەر بەمشێوەیە هەبوونی لە باکگراوندا دوو وەزارەتــی ناوخۆ، کە ئاسایش سەر بەمە، دوو وەزارەتی پێشمەرگەی حیزبی‌و دوو وەزارەتــی دارایی، ئەمانە هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی دوو حیزبداو دوو سەرۆکی حیزبەکەدا، کە هەردووکیان بەناوی یەک پەرلەمان‌و یەک حکومەتەوە دەدوێـن، بە ڕووکەش کار بۆ یەکگرتنەوەی هەندێک لەم دەزگایانە دەکرێت، بەڵام بەکردار ئەنجامی نادیارە، پرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەرێمی کوردستان لەژێر ئەم شێوازی سیستمی کارکردنەدا تێکدانی ئاسایشەو دژ بە مرۆڤایەتییە، ئەم دیاردەیە بۆشایی دروستدەکات لەنێوان کۆمەڵ‌و ئاسایشە نەتەوەییەکەیدا، لەوەی کە دەزگایەکی ئاسایش متمانەی خەڵکی بباتەوە، ئایا هاوڵاتی زانیاریی بە کام دەزگا بدات سەبارەت بە ئاسایشی کۆمەڵ؟، کێ هاوڵاتییەک دەپارێزێت؟! ئەگەر لەپێناوی ئاسایشی نەتەوەکەیدا هاوکاریی دەزگای ئاسایشە نەتەوەییەکە بکات، بۆ نموونە: بەرامبەر بە هـەڕەشــەی تیرۆر، ئەگەر هەتا ئێستا ئاسایشی نەتەوەیی بریتی بووبێت لە ئاسایشی حیزب، ئەوا دەبێت ئێستا ئاسایشی حیزب‌و ئاسایشی نەتەوە بەشێوەیەکی موئەسەساتی لەیەکتر جودا بکرێنەوەو بکرێنە دەزگــای نیشتمانیی حکومیی موئەسەساتی، ئەنجامەکانی زیانبەخش دەبێت، ئەگەر ئاسایشی نەتەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی حیزب‌و بنەماڵە بەکاربهێنرێت، ئاسایشی نەتەوەیی بەگشتیی ئاسایشی حیزبیش لەخۆدەگرێت، خەڵکی ئەم وڵاتە دەنگی داوە بە دەسەڵات، بۆ ئەوەی ئاسایشی ئەم بپارێزێت، نەک ئەم ئاسایشی دەسەڵات بپارێزێت‌و وەک ئامراز لە خزمەتی دەسەڵاتی تاکدا بەکاربهێنرێن.

٨) باری زانستی‌و پرۆژە زانستییەکان‌و دەزگای لیکۆڵینەوەکان لەم هەرێمە وێرانن، سێ ساڵ هەوڵماندا بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی زانستیی‌و ئەکادیمی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بەعسیزم‌و فاشیزم، بەڵام دەسەڵات ڕەدی کردەوە، بێ ئەوەی خۆشی بەم پێوستییە سیاسییە هەستابێت، داخۆ هۆکارەکەی بۆچی بگەڕێتەوە؟ هەرلێرەدا دەنووسم زیاتر لە دوو ساڵە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خاوەن فایلەکان دراوە بە سەرۆکی هەرێم، داخۆ هۆی کارپێنەکردنی لە چیدابێت؟ بۆ یەکەمجارە هیوایەکم بە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا هەیە هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەبەستە بنێت. ئەمەش دەگەڕێتەو بۆ ئازایەتی‌و لێهاتوویی خودی خۆی.

## جینۆساید، وەک چەکێکی سیاسیی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی

٩) ئەنفال دۆسییەیەکی سیاسیی‌و یاسایی گەورەو گرنگە بەدەست کوردەوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها پێویستە بچێتە ناو کتێب‌و بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانەوە، بەڵام نەکراوە، تەنیا دڵۆپێک لەو سەدان ملیۆن دۆلارانەی کە موڵکی نەتەوەیەو لای چەند کەسانێکی کەمی دەســەڵات کۆبوونەتەوە خەرج بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامێکی باشی دەبوو، دەبوایە چەندین سەنتەری چارەسەری دەروونـی‌و ڕۆحی لە ناوچەکانی ئەنفالدا دروستبکرانایە، بۆ ئەوانەی کە هەموو ڕۆژێکیان ئەنفالکردنێکە، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم نەیتوانی کار بۆ بەدامودەزگاکردنی تراژیدیای ئەنفال‌و کیمیاباران، بەواتا جینۆساید بکات. لە دەستووری عێراقدا لەبری وشەی جینۆساید وشەی شەهیدی تێدایە؟ پێناسەیەک کە ناکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەڕووی یاساییەوە کاری پێبکرێت، دەپرسم لێتان، کەواتە لە بەغدا سەرقاڵی چیبوون؟ ئایا کامیان خەتەرن بۆ سەر ئاسایشی هەرێم؟ کامیان فەوزایە کە ڕەوشی کوردایەتی‌و مرۆڤایەتی تێکدەدات، وەک سـەرۆک لە وتارەکەیدا دەڵێت.

## (پێش ئەوەی مرۆڤ باس لە گۆڕینی کۆمەڵ بکات، دەبێت پێشتر لە خودی خۆیەوە دەستپێبکات)

١٠) بەڕێزت فەرمووت لە (٧٠٪)ی خەڵکی کوردستان دەنگی بەمن داوەو من بەناوی ئەوانەوە قسەدەکەم‌و ئاسایشی ئەوانە لەئەستۆی مندایە، ئایا ئەمانەبوون پاراستنی ئاسایشی ئەم گەلە بەدبەختە؟ ئایا دەسەڵات لەخۆی پرسیوە، هۆکارەکانی کۆچی گەنجان چی بـووە؟ کاک مەسعود، لە وتارەکەیدا دەڵێت: «چ سوودێکی هەیە کە بەدەستی خۆمان ئەزموونەکەمان ناشیرین بکەین‌و چ سوودێکی هەیە تەسەورێکی نادروست لە هەرێم‌و کەسایەتی مرۆڤی کورد پیشانی خەڵکی دونیا بدەین؟» من وەک پرەنسیپ لەگەڵ وتەکەیم، بـەڵام ناشیرینکردنی ئەزموونەکەمان بەو خاڵانە ڕوودەدەن، کە پێشتر ئاماژەم پێدان، ئەزموونی کورد لە هەرێم بە شەڕەکانی نێوخۆو (٣١)ی ئاب‌و گەندەڵییە بێوێنەکانی ناشیرین کرا، نەک بەو نارەزایی نیشاندانانەی کە خەڵکی وڵاتەکە بەرامبەر دیوە چەوتەکەی دەسەڵات ئەنجامیاندا، خەڵکیی خاوەن موعاناتێکی زۆرن‌و ڕووداوەکەی سەردەشت عوسمان، بووە یەکێک لە سومبلی کوێرەوەرییەکانی خەڵک، چیتر خەڵکی بۆ پاراستنی خۆیشی لەبەردەم ئەم میتۆدە مافیاییانە چوونە سەرشەقام، ئەگەر دەسەڵات ئەمڕۆکە لە بزووتنەوەیەکی ئاوها بترسێت، ئەی چی دەکات ئەگەر سبەینێ بووە ڕاپەڕینێک؟ دەبوایە سەرۆکی هەرێم لە وتارەکەیدا باسێکی لەودیوەکەی دەسەڵاتیش بکردایە، کە ئەم لایەنەش پشکی سەرەکیی خۆی بـەردەکـەوێـت، من لەگەڵ وتەکەی کاک مەسعودم، کە دەڵێت: نابێت کەس لە سەروو یاساوە بێت، هەربۆیە پێویستە مرۆڤەکە، دەسەڵاتەکە پێشتر خۆی بگۆڕێت‌و لەخۆیەوە دەستپێبکات‌و دواتر باس لە یاساو سەروەریی یاسا بکات، من لەگەڵ بەڕێزیم‌و وتەکەی خۆی دەنووسمەوە، کە دەڵێت: «ئەمە ئازادی نییە، ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە، کە لە کوردستان بەتێکۆشانی هەموولایەک هاتووەتە ئـاراوە، نابێت چیتر ئەمە قووڵ بکرێت، نابێت چیتر ئازادیی هاوڵاتییان‌و مافیان بەناوی ئازادییەوە پێشێلبکرێت، لە کوردستاندا قیەمی ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی یەکتر ڕەگو ڕیشەی لە مێژوو و کلتووری ئێمەدا هەیە، بەڵام ئێستا هەوڵی شێواندنی ئەو قیەمەش دەدرێت». خوێندنەوەیەک بۆ ئەم وشانە بۆ خوێنەر خۆی جێدەهێڵم، بەڵام من تەنیا ئەوەندە دەڵێم: ئەگەر چارەنووسی هــەردوولاتـان لەبەر مەترسیدا نەبوایەو لەبەر بارودۆخی نێودەوڵەتی نەبوایە هەتا ئێستا چەند شەڕێکی دیکەی نێوخۆ دووبارە دەبوونەوە، من دەپرسم بۆچی شەهیدانی شەڕی نێوخۆ بە شەهید لە قەڵەم نەدراون؟

## سیاسەتی یاریکردن بە ئایینی ئیسلام، میتۆدێکی خەتەرناکە

١١) هــەوڵـی هێنانەکایەی گوایە دژایەتیکردنی ئیسلام لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێم، بە خەتەرناک دەبینم‌و دوورنییە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوەو ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی خەڵکی هەرێمەکە، هەروەها بەراوردکردنی بارودۆخی هەرێم بەوەی خوارووی عێراق ناتەواوە، خەڵکی ئەم وڵاتە قوربانیی نەداوە بۆ نان‌و ئازادیی، کە ئیتر دەبێت لە شوێنێکدا بووەستێت، ئەمە سروشتی مرۆڤە، کە بەردەوام لە خەباتدایە بۆ باشکردنی باری ژیانی، باری مادیی‌و ڕۆحی ژیان، ئەمە پرۆسەیەکی هەمیشەییە لە ژیانی مرۆڤدا، ئەوانەی کە بەڕێزی وەک دژانی ئازادیی ئاماژەیان پێدەدات، خەڵکی ئەم وڵاتەن، دڵسۆزن‌و دوژمن نین، بەڵام بیرکردنەوەیەکی تریان هەیە وەک لەوەی دەســەڵات‌و ئەمەش شتێکی سروشتییە، ئەمەیە دیموکراسییەت، ئەمەیە بڕوابوون بە ئازادیی، بەڕێزی لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێت: «ئازادیی هەیەو خەڵک مافی نارەزایی دەربڕین‌و ڕەخنەگرتنیان هەیە...». من دەڵێم: دیموکراسییەت بێ ئازادیی نابێت، ئازادیی‌و دیموکراسیەتیش بریتی نییە تەنیا لە ڕەخنەگرتن‌و فرۆشتنی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەک لەسەر شەقامەکان، بەڵکو بریتییە لە یاساو دەستوور، جوداکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە لە یەکتر، مافی تاک، مافی ژن‌و منداڵ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی، ئەزموونەکان سەلماندوویانە، کە دیکتاتۆر ڕێگە بە ڕەخنەو نارەزاییەکانت دەدات، هەتا ئەو شوێنەی کە دەسەڵاتەکەی نەکەوێتە مەترسییەوە، کــەی کـەوتـە مەترسییەوە چیتر دەمو چاوە ڕاستەقینەکەی خۆیت نیشاندەدات. لەوە دەچێت دەسەڵات نەزانێت، کە ئازادیی سیاسیی ئاسایش دروستدەکات، لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو جیهانگیریی‌و کرانەوەیەدا بەسەر جیهانی دەرەوە، خەڵکی بـەرەو هوشیاربوونەوە ڕۆیشتوون، ئێستا نەوەیەکی نوێ هەیە، نە ڕژێمی بەعس دەناسێت، نە ئەوانەی شاخ کە هەر هێشتا فەرمانڕەواییمان دەکەن، بۆشایی نێوان دەسەڵات‌و ئەم نەوە نوێیە زۆرەو دەسەڵاتیش بەرنامەی نییە بۆی، ئەگەرنا کۆچی گەنجان ڕووی نەدەدا، ئەو دەسەڵاتەی کە تێکنۆکراتانە بیرناکاتەوە، هیچ دەسەڵاتێک لە مێژوودا نەیتوانیوە هەتا سەر لە قەڵای دەسەڵاتدا بێت، مێژووی مرۆڤایەتی لە گۆڕاندایە، دەسەڵاتیش دەبێت لە گۆڕاندا بێت‌و ناکرێت هەمیشە بە هەمان عەقڵیەت کار بکات‌و حوکم بکات، کەواتە دەســەڵات بەتایبەت تەقلیدییەکان، یان دەگۆڕێن، یان هەرەس دێنن، گۆڕان‌و ڕیفۆرم بۆ هەندێکیان چیتر درەنگە، لێرەدا منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، کە دەڵێت: «دەمانەوێت لە کەشێکی ئارامدا، کۆمەڵگەکەمان گەشە بکات‌و بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنێت، ئەمەش ویست‌و خواستی گەلەکەمانەو هەمووکەسێک دەبێت ڕێز لە ئیرادەی گەلەکەمان بگرێت‌و داوای هاوکاریی لە هەموتان دەکەم‌و وەرن پێکەوە با دەستبکەین بە چاکسازیی»، بەڵێ بۆ چاکسازیی، بەڵام بەکردار، نەک بەقسە، چاکسازیی کێ دەیکات‌و چۆنی دەکات‌و بۆ کێی دەکات؟ دوا وشەم ئەوەیە، ئەگەر لەبری سەردەست عوسمان، بارزانییەک بوایە، یان ئەندامی بنەماڵەکە بووایە، ئایا چیيان دەکردو کەیسەکەی ئێستا دەگەیشتە کام قۆناغ؟.

## پێشنیازی مێزگردێکی بەرفراوان

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسە پێشنیازی مێزگردێک دەکەم، بە بەشداریی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی هــەرێــم، بەشداربوویەکی نارەزاییەکان (لە هەفتەی بێدەنگ نابین)و بەندەش وەک کەسێکی ئەکادیمی بێلایەن ئامادەیی بەشداربوونی خۆم نیشاندەدەم، مـێـزگـردەکـە ڕاسـتـەوخـۆ بــەرفــراوان بگواسترێتەوە.

* پسپۆڕ لە بواری زانستە سیاسییەکان
m-kwan@hotmail.de

## بەیروت بیوتی سەنتەر

گەورەترین سەنتەری جوانكاری
پیاوان و ژنان لەشاری سلێمانی بەناوی
(بەیروت بیوتی سەنتەر) كرایەوە




سەرجەم كەرەستەكانی ئەم سەنتەرە لە
كەنەداوە هێنراون و ئیستاش لەلایەن ستافێكی
شارەزای لوبنانییەوە كە ئەزموونی چەند ساڵەیان
لەجوانكاریدا هەیە سەرپەرشتی دەكرێن




لە (بەیروت بیوتی سەنتەر) هەموو شێوازەكانی جوانكاری ژنان و پیاوان
بەنوێترین ستایلی جیهانی و بەشێوازێكی زانستی ئەنجام دەدرێت،
لەوانەش:



- لێزەر بۆ لابردنی موو و لاوازبوون.
- ئارایشتگای ژنان بۆ جوانكاری،
قژبڕین، نینۆك دانان، بڕج دانان،
بدیكیر و منكیر
- مەساج (ژنان ـ پیاوان)
- سەرتاشخانەی پیاوان
- لەگەڵ فرۆشتنی هەموو جۆرە كەرەستەیەكی جوانكاری

ناونیشان: سلێمانی ـ بەردەم گوندی ئەڵمانی ـ نهۆمی یێنجەمی چاڤی مۆڵ
ژمارەی تەلەفوون: 0533239072

## ریستۆرانتی دەرگەزێن

ئەگەر دەتەوێت لەكەشێكی دڵگیر و ئارامدا بە بەتامترین
خواردن، ژەمی خوانەكانت نۆش بكەیت، سەردانی
ریستۆرانتی دەرگەزێن بكە.




ریستۆرانتی دەرگەزێن لەدوا نهۆمی
(چاڤی مۆڵ)دایە و دەڕوانێت بەسەر
دیمەنێكی جوان و دڵرفێنی شاری
سلێمانی و گوندی ئەڵمانی.



لەریستۆرانتی دەرگەزێن بەتامترین خواردنە رۆژهەڵاتی
و رۆژئاواییەكان لەگەڵ موزیكی زیندوو پێشكەش
دەكرێت

جگە لە ئێوارانی پێنجشەممە كەتایبەتە بەئەندامانی
یانەی دەرگەزێن. هەموو نیوەڕۆ و ئێوارانێكی رۆژانی
هەفتە ریستۆرانتی دەرگەزێن پێشوازی لەهەموو
هاوڵاتیان دەكات

ژمارەی مۆبایل: 07701346060 ـ 07701376060

## (چاڤی مۆڵ) كرایەوە

لەشەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود و لەبەردەم گوندی ئەڵمانی،
مۆڵێكی ئەوروپی بە كەلوپەلی باشترین ماركەكانی جیهان پێشوازیتان لێدەكات.

### ئێستا (چاڤی مۆڵ) كراوەیە



لە (چاڤی مۆڵ)
بەناوبانگترین ماركەكانی جیهان
لەجلوبەرگی پیاوان و ژنان و منداڵان
لەگەڵ خواردەمەنی و
پێداویستی رۆژانە دەست دەكەوێت

دوو نهۆمی ئەم مۆڵە تەرخانكراوە بۆ پاركی ئۆتۆمبێل و
نهۆمێك بۆ سوپەرماركێت و كەلوپەلی جیاواز
سێ نهۆمی تریش بەجیا تەرخان كراوە
بۆ جلوبەرگی پیاوان و ژنان و منداڵان.
لەگەڵ كافتریا و شوێنی حەوانەوەی گونجاو



ئەگەر ئەتانەوێت جلوبەرگی ماركەی جیهانیتان
دەست بكەوێت، ئەوە رووبكەنە چاڤی مۆڵ.




(چاڤی مۆڵ) لەسەرجەم رۆژەكانی هەفتەدا و
لەكاتژمێر (9)ی بەیانییەوە تا (12)ی شەو لەپێشوازی ئێوەی بەرێزدایە.

ژمارەی تەلەفوون: 0533239073



www.italianexpo.it

# ITALIAN EXPO
EXHIBITION OF THE ITALIAN INDUSTRY AND TECHNOLOGY
IRAQ 2010

چوارەمین پیشانگای پیشەسازی و تەكنەلۆژیای ئیتالی
المعرض الرابع للصناعات و التكنولوجيا الايطالية



١٢-١٥
حزيران
٢٠١٠
هه ولێر
اربيل

**FUTURE BUILDING SHOW**

لە بواری بیناسازی: كەلوپەل و تەكنەلۆژیا
لقطاع البناء: تكنولوجيا و تجهيزات

**GUEST&FOOD TECHNO SHOW**

لە بواری كشتوكاڵ: تەكنەلۆژیای خواردەمەنی، ڕێستورانت و هۆتێل
لقطاع الزراعة : تكنولوجيا الاغذية، المطاعم و الفنادق

رێك خراوە لە لایە ن
نظمت من قبل
AXIS
FAIRS & SERVICES

Building the Future in Iraq
بنیاتنانی ئاییندە لە عێراق
بناء المستقبل في العراق

بە پشتوانی
بدعم من
Ministero dello Sviluppo Economico
RegioneLombardia

بە ها وكا ری
بالتعاون مع

هەرێمی كوردستانی عێراق
اقليم كوردستان - العراق
پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر
معرض اربيل الدولي
پاركی سامی عبدالرحمن


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩